فەرید ئەسەسەرد

# رەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد
# پاش جەنگی دووەمی جیهان



ساڵح حەیدەری



برایم ئەحمەد



هەمزە عەبدوڵڵا

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

فەرید ئەسەسەرد

# ڕەهەندەکانی بیری سیاسیی کورد
# پاش جەنگی دووەمی جیهان

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان
Kurdistan Center for Strategic Studies

## سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

دەزگایەکی کەلتوورییە لەساڵی ١٩٩٢دا دامەزراوە، ئامانجەکەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستییە لەبوارەکانی ئاسایشی نەتەوەییو سیاسەتی نێو دەوڵەتانو ئابوریو مەسەلە ستراتیجییەکانو مەبەستی بەدەست هێنانی قازانجی ماددی نیە.

هەمو ئەو لێکۆڵینەوانەی کەسەنتەر دەریاندەکا، گوزارشت لەڕاو بۆچونی خاوەنەکانیان دەکەنو بەپێی پێویست گوزارشت لەڕاو بۆچونی سەنتەر ناکەن.

Fered1956@yahoo.com


* فەرید ئەسەسەرد

* ڕەهەندەکانی سیاسەتی کورد پاش جەنگی دووەمی جیهان

* بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان

* سلێمانی ٢٠١٢

* چاپی دووەم

* ژمارەی سپاردن لەبەڕێوەبەرایەتیی کتێبخانە گشتییەکان (١٨٨٦) ی ساڵی ٢٠١٢

* ژمارە سپاردن لەکتێبخانەی سەنتەر: ٦/١٠٧/١٢

# پێشەکی

لەماوەی نێوان ١٩٤٦و ١٩٥٨دا ژینگەی سیاسیی کوردستان سێ سیاسەتوانی بەرهەم هێنا کەحەزو ئارەزوی بینیی جیهانێکی نمونەیی‌ی بێ ستەم‌و بێ چەوسانەوە لەکەللەی دابون. ئەم سێ سیاسەتوانە بریتین لەهەر یەك لەسالح حەیدەری، هەمزە عەبدوللاو برایم ئەحمەد. میتۆدی بیرکردنەوەی هیچ کامێکیان لەسەر ئەو بنەمایە دانەمەزرا بوو کەدەبێ هەولی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بدرێ کە لەتوانا دایە بهێنرێتە دی، بەلکو لەو بڕوایەدا بون کەئایدیۆلۆژیا وەك رێپیشاندەرو داینەمۆی کار شتێکی پیرۆزەو ویست مێژوو دروست دەکا نەك هەلومەرجی بابەتی. ئەمە بەشێوەیەك لەشێوەکان بەو مانایە دێ کەهەرسێکیان ویستیان یەکسان کردوە بەڕەتکردنەوەی رۆلی تەماشاکەرو چاوەڕوان. لەسۆنگەی پێداویستییەکانی ئەو سەردەمەوە، هەرسێکیان خەباتی نیشتمانی‌و خەباتی چینایەتییان پێکەوە گرێداو وای بۆ چون کەهەردو خەبات، هەرچەند لێك جیاوازن، تەواوکەری یەکترن. ئەوی راستیش بێ، هەر هەلسەنگاندنێکی بابەتییانە بۆ هەولو کۆششەکانی ئەم سێ کەسە لەکۆتاییدا بەیەك سەرەنجام دەگات، ئەویش ئەوەیە کەئەوەی ئەوان کردبویان بەئامانجی خۆیان‌و خەویان پێوە دەبینی، زۆر لەتوانای خۆیان‌و لەتوانای گەلەکەیان قەبەتر بوو، بەلام لەگەل ئەوەشدا کۆلیان نەداو نائومێد نەبون.

مێژوی دواتر جێ پەنجەی هەرسێکیانی پێوە دیارە. ئەم سێ کەسە ئەو مافەیان بەخۆیان دا کەخەباتی خۆیان بەخەباتێکی رەوا بزانن‌و هەر یەکێکیشیان بەمیتۆدی خۆی‌و لەسنوری نۆرینی تایبەتی خۆیدا هەوڵیدا ئایندەی داواکراو جێ پەنجەی ئەوی پێوە دیار بێ. لەو کاتەدا کەئێمە تێیدا لەسەرەتای سەدەی بیست‌و یەکدا دەژین، کەلەپوری ئەم سێ سیاسەتوانە کەبێگومان بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، هێشتا کاریگەریی بەسەر ژیانی سیاسیی کوردەوەیەو تا چەند دە ساڵێکی تریش کاریگەریی بەسەرەوە دەبێ.

ماوەی دوانزە ساڵی نێوان ١٩٤٦- ١٩٥٨ تا رادەیەکی زۆر لەژێر ئاسەواری چوار روداو دایە کەبریتین لەهەڵوەشانەوەی حزبە ناسیونالیستە راستڕەوەکەی هیوا بەسەرکردایەتیی رۆشنبیری شارنشین رەفیق حلمیی، شکست خواردنی شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٤٥ بەسەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی‌و شەش ئەفسەرەکەی سوپای عیراق، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد (کەدواتر کرایە پارتی دیموکراتی کوردستان) لەساڵی ١٩٤٦داو روخانی کۆماری مەهاباد بەسەرۆکایەتیی قازی محەمەد لەساڵی ١٩٤٦دا.

حزبی هیوا لەساڵی ١٩٣٩دا دامەزرا. ئەگەر لەڕەوتی هەڵسوڕانی ئەو حزبە بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کەئەم حزبە ئەوەندەی لەکۆمەڵەیەکی نهێنی دەچێ ئەوەندە لەحزبێکی سیاسی ناچێ. دامەزرێنەرانی حزبی هیوا چەردەیەك نیشتمانپەروەری بێ ئەزمونی سیاسین. دواتر سەرکردایەتیی حزبەکە کەوتە دەست رەفیق حیلمییەوە کەڕۆشنبیرێکی نیشتمانپەروەر بوو و سەرەتای تێکەڵ بونی بەجیهانی سیاسەت زۆرتر دەچێتەوە سەر رۆژگاری کارکردنی وەك راوێژکاری شێخ مەحمود لەسلێمانی. حزبی هیوا سەرەڕای ئەوەی کەبەشێکی گرنگی

دەستەبژێری ڕۆشنبیری شارەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا بەڵام هیچ نەریتێکی لەژیانی سیاسیی کورددا نەچەسپاند.

ئەگەرچی لەنوسینەکاندا بەو جۆرە باسی حزبی هیوا کراوە کە ڕابەرایەتیی خەباتی سیاسیی کوردی کردووەو متمانەی گەلی بەدەست هێناوە، بەڵام هەڵسەنگاندنو تاوتویێ کردنی زانیارییەکانی تایبەت بەقۆناغی هەڵسوڕانی حزبی هیوا، بەو ئاکامە ناگات کەحزبی هیوا کاریگەرییەکی بەهێزی لەسەر ژیانی سیاسیی کورد هەبووە. حزبی هیوا توانی شانەی نهێنی لەشارە گەورەکاندا پێك بهێنێ، بەڵام تەونی ڕێکخستنەکانی نە بۆ لادێ پەلوپۆیان هاوێشت نە بۆ شارە بچوکەکان. ئەمە وامان لێ دەکا بەو جۆرە سەیری مەسەلەکە بکەین کەهەر چی دەربارەی هێزو کاریگەریی حزبی هیوا وتراوە، زێدەڕۆییەکی بێ پاساوی تێدا بووە. ئەگەرچی حزبی هیوا پڕۆپاگەندەیەکی خەستی بۆ ڕابەرەکەی خۆی کرد، بەڵام نەیتوانی کۆدەنگییەکی نەتەوەیی بۆ ڕەفیق حیلمی وەك ڕابەری تەواوی گەل بەدەست بێنێ. ڕەفیق حیلمی خۆی بەڕابەری باڵای گەلی کورد دادەنا بەڵام ئەو ئاوەڵناوو دەستەواژە بەباقو بریقو زل زلانەی کەبۆ خۆ مەزن کردن بەکاری دەهێنان، لەشانو شەوکەوتی نەدەوەشانەوەو سەرکردەیەکی شیاوی بەمتمانەیان پێ نەهاتە دی. ئەو گوزارشتانەی لەچوارچێوەی سیاسەتی تاکپەرستی بەکار دەهێنران، سەرەڕای ئەوەی کەزۆر بەوردی هەڵبژێردرابون، لێیان ڕانەدەبینرا ڕاستییەکە وەکو خۆی دەربڕنو زۆرتر لەژێر کاریگەریی میتۆدە پەیڕەوکراوەکانی پڕۆپاگەندەی ئەو سەردەمەی ئیتالیای مۆسۆلینیو ئەڵمانیای هتلەردا بون. هەردو نمونەش بەلای کوردەوە شیاوو شایستەو خۆشەویست نەبون.

حزبی هیوا لەداڕشتنی سیاسەتەکەیدا پشت ئەستور بوو بەو هۆکارانەی کەڕواڵەتێکی تەواو ناسیۆنالیستییان بەسەردا زاڵ بوو و

هـــیچ نـــاوەڕۆکێکی کۆمەڵایـــەتییان نـــەبوو. لـــەو هەلومەرجـــەدا لەبەریەکهەڵوەشانەوەی حزبی هیوا بەهایەکی مێژویی هەیە چـونکە ئەم لەبەریەکهەڵوەشـانەوەیە بـووە مایـەی دابـین کردنـی کەرەسـتەی پێویست بۆ بیرکردنەوە لەپێکهێنانی حزبێك کەنابێ وەك کۆمەڵەیەکی نهێنی کار بکا بـەڵکو دەبـێ گوزارشـت لەجـەماوەر بکـا، بەرنامـە سیاسـییەکەی نـــاوەڕۆکێکی کۆمەڵایـــەتیی هـــەبێو بەشـــدار بـــێ لەتۆکمەکردنی بەها پێویستەکانی هەڵسوڕانی سیاسیدا.

فاکتەری دووەم کاریگەریی لەسـەر سیاسـەتی کـورد زۆرتـر بـوو. لەساڵی ١٩٤٥دا کورد کاتێکی خراپی بـۆ سـازکردنی جولانەوەیـەکی چەکدار لەدژی بەغدا هەڵبژارد. ئەم ئەزمونە بـێ سـەروبەرە، خـراپ لەسەر کورد کەوت. ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە لەو ئەزمونـەدا تـای تەرازوی ویست لـەتای تـەرازوی بیرکردنـەوە قورسـتر بـووە. ئەوانـەی بانگەشەیان بۆ پرۆژەی شۆڕش کردووە، گۆڕانی ڕەوشی نێودەوڵـەتانیان بەهەند وەرنەگرتووە.

لەو کاتەدا جەنگی دووەمی جیهان کۆتـایی هـاتبو، بریتانیـاش لەپاڵ روسیاو ئەمریکا بەسەرکەوتویی لێی دەرچوو بوو. ئەمـە خـۆی لەخۆیدا هاندەرێك بوو بۆ بەغدا تا لەبەرامبەر کورددا توندتر خـۆی بنوێنـێ، چـونکە عـیراق لەسـەنگەری هاوپەیمانەکانـدا بـوو لـەدژی ئەڵمانیا. ئەمەش بـەو مانایـە دەهـات کـەبریتانیا لێناگـەڕێ کـورد مەرجەکانی خۆی بەسەردا بسـەپێنێ. لـەو کاتـەدا نـە بریتانیـاو نـە بەغدا چیتر بەقەد سەردەمی ساڵانی جەنگ پێویستیان بـەوە نـەمابوو کەکورد بەگوێڕایەڵی بهێڵنەوە.

ئەگەرچی شۆڕشی ١٩٤٥ لەمێژوی سیاسـیی هاوچـەرخی کـورددا ڕێزو پێگەی خۆی هەیەو تێڕوانینێکـی تـەواو نەتەوەگـەرا بەسـەریدا زاڵە، بەلام ئەگەر لەو گۆشە نیگایەوە بڕوانینە ئەم شۆڕشـە کـە تـا چ

ئەندازەیەك جەماوەر بەشداریی تێدا كردووە، بۆمان دەردەكەوێ كەئـەو مەرجانـــەی پێویســـتن بـــۆ ناســـاندنی وەك بزوتنەوەیـــەكی گشـــتیو سەرتاسەری، بەپێی پێویست لەئارادا نین چـونكە بەشـی هـەرە زۆری لەشكری شۆڕش لەبارزانییەكان پێكهاتبوو و بارزانییەكانی لێ بـترازێ هیچ خێڵێكی تر بەشداریی لەشۆڕشەكەدا نەكرد. بەشـداربونی شـەش ئەفسەری كوردی سوپای عیراق لەسـەركردایەتیی شۆڕشـەكەدا، هـیچ ئاسەوارێكی لەسـەر فۆرمۆلەبەنـدی كردنـی رێوشـوێنێكی سـوپایی دیاریكراو بۆ بەڕێوەبردنی شۆڕش بەجێ نەهێشـت. شۆڕشـەكە كـەمتر لەدوو مانگ درێژەی كێشاو خۆڕانەگرتنی شۆڕشگێڕەكان بۆ ماوەیەكی درێـــژتر بەڵگـــەی كـــرچو كـــاڵیو لاوازیـــی ســـتراكتۆرە مـــاددیو ئایدیۆلۆژییەكانی شۆڕشەكەیە. زۆربـەی هەڵسـوڕانی شۆڕشـگێڕەكان لەسنوری ئەو قەڵەمڕەوە ناترازێ كەبارزانییەكانی لێ ژیاوە.

شكستی پرۆژەی شۆڕش رونی دەكاتەوە كەتا ئەو كاتە كورد هێشتا لـــەمانای هەڵگیرســـاندنی شۆڕشـــێكی گشـــتیی دژ بەدەوڵـــەت تێنەگەیشـــتبوو و هێشـــتا ئەوەنـــدە شـــارەزاو پیتـــۆڵ نـــەبوو كەسـود لەئـــەزمونی بـــەڕێوەبردنی شۆڕشـــەكانی جیهـــان وەرگـــرێ. بـــەم پێیـــە، شۆڕشی ١٩٤٥ كەدوایین شۆڕشی كـوردە لـەنیوەی یەكـەمی سـەدەی بیستەم، نەیتوانیوە رواڵەتی خێڵەكییانە لەخۆی داماڵێ.

لەم سەروبەندەدا روخانی كۆماری مـەهاباد لەكوردسـتانی ئێـران فاكتەرێكی ترە كەجێ پەنجەی لەسەر قۆناغی دوای بڕانـەوەی جـەنگ بەجێ هێشت. لەكانونی دووەمی ١٩٤٦دا سەرۆكی حزبـی دیمـوكراتی كوردسـتانی ئێـران قـازی محەمـەد لەشـاری مـەهاباد دامەزرانـدنی كۆماری كوردستانی راگەیاند. دیارە كۆمارە راگەیەنراوەكە كۆمارێكی ســـەربەخۆ نـــەبوو، بـــەڵكو وەك كـــوردە ئێرانییـــەكان ویســـتویانە، قەوارەیەكی سیاسیی خاوەن ئۆتۆنۆمییـەكی فـراوان بـوو. گومـانیش

لەوەدا نیە کەهەم حزبی تودەی ئێـران‌و هـەم روسـەکان پشـتیوانییان لەکۆمارەکـە کـردووە. ئـەم کۆمـارە سـەرەڕای ئـەوەی کـە لەسـەر بنەمایەکی نەتـەوەیی دامـەزرا، بـەڵام قەڵـەمڕەوی دەسـەڵاتی تـەنها بەشێکی کەمی هەرێمی کوردنشینی ئێرانـی گرتـەوەو دروسـت لـەو قەڵەمڕەوە دامەزرا کەبۆشایی دەسـەڵاتی تێـدا بـوو. ناوچـەکانی ژێـر دەسەڵاتی کۆمار کەوتبونە نێوان هـەردو ناوچـەی دەسـەڵاتی روسـیاو بریتانیاو لەو سەردەمەدا تاران لەسۆنگەی ئـەو پاشـاگەردانییەوە کـە لەساڵی ١٩٤١ بەدواوە بەسـەر ئێرانـدا زاڵ بـوو، هـیچ دەسـەڵاتێکی راستەقینەی لەو ناوچانەدا نەبوو. ئێـران لەهەلومـەرجێکی شـێواودا بوو. لەساڵی ١٩٤١دا سوپای بریتانیا لەباشورەوە لەشکرکێشیی کـردە سـەر ئێـران‌و سـوپای روسـیا لـەباکورەوەو بەهـەردوکیان شـا رەزا پەهلەوییان ناچار کرد پاشایەتی بۆ کوڕەکەی، محەمەد رەزا پەهلـەوی، بەجێ بێڵێ. بریتانیاو روسیا لەسیاسەتی رەزا شـا خانـەگومان بـون‌و دەیانویست سنورێك بۆ پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ ئـەڵمانیای هتلـەری دابنێن.

پاش نزیکەی ١١ مانگ لە راگەیاندنی کۆمار، کوردە ئێرانییەکان کۆمارەکەیان لەدەسـتداو کتومـت خۆیـان بەتـەنیا، بـەبێ دۆسـت و پشتیوان، دۆزییەوە. بەجۆرە، تاران تەواوی دەسەڵاتی خۆی گێڕایەوە ناو هەردوو هەرێمە لەناوەند راکردووەکەی ئازەربایجان‌و کوردستان.

کۆمـاری مـەهاباد گوزارشـتێکی مێژوییـە لەهـەوڵی کـورد بـۆ سەربەخۆیی. ئەم کۆمارە لەویژدانی نەتەوەیی کـورددا وەك سمبـولێکی پـیرۆز وایـە. روخـانی کۆمـاری مـەهاباد کـوردی عیراقـی لـەڕوی ئایدیۆلۆژییەوە رق ئەستورتر کرد. ئەگـەر فاکتـەری نەتـەوەیی وەلاوە بنێین، هۆی ئەم رق ئەستورییە بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە. یـەکێکیان ئەوەیە کـەڕوخانی کۆمـار ئۆپۆزیسـیونی کـوردی عیراقـی لـەقولایی

ستراتیجی بێبەش کردو وای لێ کرد راستەوخۆ روبەڕوی بەغدا ببێتەوە. ئەوی تر ئەوەیە کەڕوخانی کۆمار بوە هۆی فراوان کردنی دەلاقەی نێوان کوردو رۆژئاوای کۆلۆنیالیست چونکە کورد تەواو لەو بڕوایەدا بوو کەئۆبالی راستەوخۆی روخانی کۆمار لەئەستۆی رۆژئاوای کۆلۆنیالیستە.

تێکڕای ئەم فاکتەرانە بەسەر یەکەوە تا ئەندازەیەکی زۆر کاریان کردە سەر شێوەی بیرکردنەوەی کورد لەماوەی دوانزە ساڵەکەی نێوان ١٩٤٦و ١٩٥٨. لەڕاستیدا هەر یەك لەساڵح حەیدەری، هەمزە عەبدوڵلاو برایم ئەحمەد چەردەیەك بەهایان بۆ داهاتو دابین کرد. لەروی مێژوییەوەو لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی شێوەی کارکردن‌و میتۆدی بیرکردنەوەیانەوە، دانانیان بەداهێنەر یان نۆژەنکەرەوە بەندە بەڕادەی تێگەیشتنمان لەهەلومەرجی ئەو قۆناغەی کەتێیدا ژیاون.

ئەو دەستپێشخەرییانەی کەئەم سێ سیاسەتوانە دەریانبڕیوە زادەی شێوەی خوێندنەوەی خۆیانە بۆ ئایندەو رەنگدانەوەی باری مادیشە. ئەم هەڵسەنگاندنە بەشێوەیەکی رۆشنتر حەیدەری دەگرێتەوە. حەیدەری خاوەنی پرۆژەی دروست کردنی حزبێکی کۆمۆنیستی تایبەت بەکوردی عیراقە. لەم رۆژگارەی ئەمڕۆدا، ئەم مەسەلەیە هیچ تایبەتمەندییەکی نیە بەلام بۆ رۆژگاری زێدەتر لەنیو سەدە لەمەوبەر، پێشنیارکردنی پێکهێنانی حزبێکی کۆمۆنیستی تایبەت بەکورد بەشتێکی دژە باوو چەشنە سەرلێشێواوییەکی ئایدیۆلۆژی دەژمێردرا. ئەم بیرۆکەیە لەسالی ١٩٤٤دا لەکەللەی حەیدەریی دا، کاتێك بۆی دەرکەوت کەئەو گروپەی ئەو ئەندامە تێیدا، واتە رێکخراوی "وحدەتولنیزال"، بەنیازە لەگەڵ بالی فەهدی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا یەك بگرێتەوە. لەو بارودۆخەدا حەیدەری دوو رێگای لەبەردەمدا بوو: چونە ناو ریزی پارتی کۆمۆنیستی عیراق یان مانەوە لەدەرەوەی ئەو حزبە. ئەو رێگای

دووەمی هەڵبــژارد. لــەو سۆنگەیەشــەوە کەحەیــدەری ســەرۆکی لقــی کوردستانی ڕێکخراوەکە بوو، بۆ ئەو هیچ زەحمەت نــەبوو لقەکــە بکــا بەحزبێکی سەرەکی. بەمجۆرە، بەهــەوڵو کۆششــی ئــەو، ڕێکخراوێکــی نهێنی بەناوی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق سەری دەرهێنا.

ئەم هەڵسوکەوتەی حەیدەری بەدڵی کۆمۆنیستەکانی عیراق نەبوو. لەڕوی تیۆرییەوە، کۆمۆنیستەکانی عیراق بۆچونیان وابوو کەحەیدەری بەم کارە بەرپەرچی مارکسیزمی داوەتــەوەو بــەپێودانگی نەتەوایــەتی چینی کرێکاری عیراقی کردۆتــە دوو لــەت. لەبــەر ئــەوەی پێــودانگی نەتەوایەتی لەمارکســیزمدا پشــتی پــێ نابەســترێ، کۆمۆنیســتەکان هەنگاوەکەی حەیدەرییان بەلادان لەمارکسیزم دایە قەڵەم.

بەلای حەیدەرییەوە، کورد مافی هەیــە حزبــی کۆمۆنیســتی خــۆی هەبێو بونی دوو حزبی کۆمۆنیست لەعیراقدا، یــەکێك بــۆ عــەرەبو ئەوی تر بۆ کورد، شتێکی ئاساییەو زیانی لێ ناکەوێتــەوە، هاوکــاریی نێوان ئەم دوو حزبەش شتێکی پێویستەو دەبێ هەبێ. مەسەلەی ئەوەی کــەکورد حزبــی کۆمۆنیســتی خــۆی هــەبێ، شــتێکە بــەدڵی کۆمۆنیستەکانی عیراق نەبوو. ئەوپەڕی ئەوەی کەکۆمۆنیستەکان لــەم ڕووەوە پێی ڕازی بون، ئەوە بوو کەکورد لقی خۆی هــەبێو ئــەو لقــەش دەبێ بەشێك بێ لەپارتی کۆمۆنیستی عیراقو لەچوارچــێوەیدا کــوردو کەمینەکانی هەرێمی کوردستان کۆ ببنەوە.

ئــەو بیرۆکەیــەی کەحەیــدەری لەســاڵی ١٩٤٤دا دایهێنــا، پــارتی کۆمۆنیســتی عــیراق تــەنها لەســاڵی ١٩٩٢دا ڕەزامەنــدیی لەســەر نیشاندا، واتە پاش ٤٨ ساڵ لەدەستپێشخەرییەکەی حەیــدەری. ئەمــە خــۆی لەخۆیــدا بەســە بــۆ هەڵســەنگاندنی شــێوەی بیرکردنــەوەی پێشکەوتنخوازانەو ئایندەبینیی حەیدەری بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ.

حەیدەری نەك هەر لەم بـوارەدا داهێنـەرو دەستپێشـخەرە، بـەڵکو لەبوارێکی تریشدا، چونکە یەکەم بەرەی نیشتمانی لەمێژوی سیاسیی کورددا لەسەر دەستی ئەو هاتۆتە دی. لەساڵی ١٩٤٤ یان ١٩٤٥، دوا بەدوای ئـەوەی کەحەیـدەری بەشـێنەیی لـەو تاکتیکانـەی کۆڵییـەوە کەکۆمۆنیستەکانی ئـەوروپای رۆژهـەڵات لـەکاتی جـەنگی دووەمـی جیهاندا بەکاریان هێناوە، بڕیاری پێکهێنانی حزبی رزگـاریی کـوردی داو زۆری نەخایانـد بەرەیـەکی نیشـتمانیی لـەحزبی کۆمۆنیسـتی کوردستانی عیراقو حزبـی رزگـاریی کـورد پێکهێنـاو ویسـتی لـەم رێگەیەوە چەترێکی نیشتمانی بۆ هەڵسوڕانی چەپگەرانەی حزبەکـەی خۆی دابین بکات. ئەم ئەزمونە لەساڵی ١٩٧٥دا لەسەر دەستی بـەڕێز جەلال تاڵەبانی زیندو کرایەوە، کاتێك یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لەسەر هەمان ئەو مۆدیلە دامەزرا کەکاتی خۆی حەیدەری هـەنگاوی بۆ نابوو.

حەیدەریو هەمزە عەبدوڵڵا لەسەر ئەوە یەکدەنگ بون کەپێویستە حزبێکی بەڕوکەش نیشـتمانیو بـەناوەڕۆك کۆمۆنیسـت رابەرایـەتیی خەباتی کورد بکات، حزبێك مارکسیستەکان دابنەمۆکەی بن. هـەمزە پلانێکـی تـەواوی بـۆ پێکهێنـانی ئـەو حزبـەی کـەخۆی دەیـەوێ، لەمێشکدا بوو. لەم سـۆنگەیەوە پـارتی دیموکراتی کـورد بەهـەوڵو کۆششی ئەو دامەزرا. ئەگەرچی هەمزە بـەبیروباوەڕ کۆمۆنیسـت بـوو بەڵام نەیتوانی هەستی نەتەوەیی خۆی سەرکوت بکاو بیری نەتەوەگـەرا لەخۆی داماڵێ. بەڵگەشمان ئەوەیە کەکاتێك پارتی دیموکراتی کـوردی دامەزراند، لەباتی بەکارهێنانی وشە باوە عەرەبییەکەی "حزب"، وشە فەرەنسـییەکەی Party ی بـەکار هێنـاو لـەم چوارچێوەیەشـدا بەکارهێنانی وشـەی "کـورد" لـەجیاتی "کوردسـتان" نیشـانی دەدا کەچەمکی نەتەوەی بەسەر چەمکی نیشتماندا زاڵ کردووە. تـا پـارتی

کەوتە هەموارکردنی ئەم چەمکە، حەوت ساڵی پێ چوو، ئەویش کاتێك برایم ئەحمەد وشەی کوردستانی لەجێی وشەی کورد دانا.

میتۆدی بیرکردنەوەی هەمزە میتۆدێکی فرەیی نەبوو. بەهۆی ئەمەوە، هەمزە لەو بڕوایەدا بوو کەمانای هێز (Power) بەندە بەنەبونی رکابەرو لەم سۆنگەیەوە چوە سەر ئەوە باوەڕەی کە بەبێ لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هەمو حزبو گروپەکانو توانەوەیان لەبۆتەی یەك حزبدا کەدەبێ بەخاوەنی یەك سەرۆكو یەك سەرکردایەتیو یەك سیاسەت، کورد حزبێکی بەهێزو شایستەی بۆ رابەرایەتی کردنی خەبات چنگ ناکەوێ. ئەم میتۆدی بیرکردنەوەیە بۆ ماوەی ساڵانێکی دورو درێژ خۆی بەسەر ژیانی سیاسیدا سەپاندو تائێستا ئاسەواری ماوە. هەمزە پەی بەوە نەبردبوو کەکۆکردنەوەی هەمو مەرجە پێویستەکانی لەیەك حزبی پێشڕەودا، وردە وردە ئەو حزبە بەرەو تۆتالیتاریزم دەبا. هەمزە تیۆرییە مارکسیستییەکەی سەبارەت بەپێویستیی بونی پارتی پێشڕەو بەشێوەیەکی میکانیکی گواستەوە بۆ ناو ژیانی سیاسیی کوردو وای دانا کەکورد لەهەر گەلێکی تر زیاتر پێویستی بەحزبێکی پێشڕەوە. توخمە نادیموکراتییەکانی ناو ئەم تیۆرییە نەبونە رێگر لەبەردەم پشتگیری کردنی کورد لێی.

سەرەڕای ئەوەی کەهەمزە لەمانۆڕی سیاسیدا زۆر شارەزاو کارامە بوو، بەڵام خۆی لەبەردەم برایم ئەحمەددا نەگرت. گەوهەری ململانێی نێوان هەمزە عەبدوڵلاو برایم ئەحمەد لەوە دایە کەهەمزە خۆی بەدامەزرێنەری راستەقینەی پارتی دیموکراتی کوردستان دادەناو وای لێکدەدایەوە هیچ هێزێك بۆی نیە مافی سەرکردایەتیی لێ بسەنێتەوەو لەم سۆنگەیەوە بۆچونی وابوو کەهەر بەرپەرچدانەوەیەکی سیاسەتەکەی، سوکایەتی کردنە بەڕۆڵو خەباتی ئەو وەك دامەزرێنەری راستەقینەی پارتی.

لەکۆنگرەی سێدا برایم ئەحمەد هەمزەی لەکۆڵ پارتی کردەوەو لەحزب دەری کرد بەڵام ئەمە کۆتایی بەگێرەشێوێنییەکانی نەهێنا. لەماوەی نێوان ١٩٥٣- ١٩٥٨دا، پارتی لەسەر دەستی برایم ئەحمەد بوو بەهێزێکی کاریگەر. هەمو ئەو کۆسپو تەگەرانەی لەمەوبەر هاتبونە بەر رێی حزبە سیاسییەکانی پێشوی کوردو وایان لەو حزبانە کردبوو زۆرتر لەکۆمەڵەیەکی نهێنی بچن، بەهەوڵو کۆششی برایم ئەحمەد توانرا لەبەردەم هەڵسوڕانی پارتی رابماڵدرێنو لەئاکامدا هەڵسوڕانی پارتی کە لەسەرەتادا مۆرکی کۆمەڵە نهێنییەکانی بەسەردا زاڵ بوو، بەرگی هەڵسوڕانێکی جەماوەریی لەخۆوە پێچا.

ئەم کتێبە لەحەوت بەش پێکدێ. پێشتر، لەو حەوت بەشە پێنجیان بەزمانی عەرەبی لەساڵی ١٩٩٧دا لەرۆژنامەی "الاتحاد" بڵاوکراونەتەوەو دوو بەشەکەی تر لەگەڵ پێنج بەشەکەی تردا لەدوتوێی کتێبێکی سەربەخۆدا لەچوارچێوەی بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستاندا لەساڵی ٢٠٠٨دا لەسلێمانی بڵاو کرانەوە. هەندێ لەبەشەکان بەپچڕ پچڕی بەزمانی کوردی بڵاو کراونەتەوە، بەڵام ئەمە یەکەم جارە هەمو بەشەکان بەسەر یەکەوە بەزمانی کوردی بڵاو دەکرێنەوە. دیارە کۆکردنەوەی بەشەکانی لەیەك کتێبدا دەرفەتێکی گونجاو بۆ ئەو لێکۆڵیارانە پێکدێنێ کەدەیانەوێ سودیان لێ وەربگرن.

# هەندێ تێبینی دەربارەی سەرچاوەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت ئەستورە بەچەند سەرچاوەیەك کەبەشێوەیەکی گشتی لایەنی دیکۆمێنتاری بەسەریاندا زاڵەو لەناواخندا ئاماژەیان بۆ کراوە. بەگشتی، دەتوانرێ ئەو سەرچاوانە بەسەر سێ جۆردا دابەش بکرێن کەبریتین لەو کتێبانەی کەبەهایەکی دیکۆمێنتاریان هەیە، نامە، بەیاننامە، یاداشتو چاوپێکەوتن.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بۆ ئەو دوو نامەیە بکرێ کەبەڕێز جەلال تاڵەبانی بۆ خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانیی ناردووە، کاتێك کە مەلا مستەفا لەیەکێتیی سۆڤێت بوو. ئەم دوو نامەیە یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٧دا لەبەشی سێیەمی کتێبەکەی بەڕێز مەسعود بارزانیدا دەربارەی بارزانیو بزاڤی رزگاریخوازی کورد بڵاو کرانەوە. ئەم دوو نامەیە بەهایەکی مێژویی زۆریان هەیەو بەدوو دیکۆمێنتی زۆر گرنگ دەژمێردرێن. دیارە بنەماڵەی بارزانی بۆ ماوەی زیاتر لەسی ساڵ هەردو نامەی پاراستووە. ئەم دوو نامەیە بەدەستخەتی تاڵەبانی نوسراونو زانیاریی زۆر گرنگیان دەربارەی رەوشو پەیوەندیو گێروگرفتەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتۆتە خۆو لەلاپەڕەکانی نێوان ٢٢٢و ٢٦٦ی چاپی ساڵی ١٩٨٧ی کتێبی ناوبراو بڵاوکراونەتەوە.

تاڵەبانی نامەی یەکەمی لە٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ نوسیوەو لەو کاتەدا ئەو لەپەکینی پایتەختی کۆماری گەلی چین بوو. لەو گۆشە نیگایەوە کە تاڵەبانی ویستویەتی بچێتە سەر وردەکاری، نامەکە شێوەی راپۆرتێکی تێروتەسەلی ٣٤ لاپەڕەیی بەخۆوە دیوە کە

تاڵەبانی لەپەکین دەستی بەنوسینی کردووەو لەمۆسکۆ لە٨ی تشرینی یەکەمدا کۆتایی پێ هێناوە.

نامەی دووەم کورتترەو لە١١ لاپەڕە پێکدێ، لە٣٠ی تەموزی ١٩٥٧ نوسراوەو ناوەڕۆکەکەی لەمەسەلە بنچینەییەکاندا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەناوەڕۆکی نامەی پێشوو نیە.

لەناواخنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەر کات پێویستی کرد بێ ئاماژە بەم دوو نامەیە کراوە. ئەو زانیاریانەی کەتایبەتن بەڕۆڵی دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم لەهەموارکردنی بەشێکی دەقەکانی پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردستانو هەوڵەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا بۆ دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ برایم ئەحمەدداو رەخنەکانی پارتی لەبەرنامەی فەهد کە لەبەشی سێیەمدا باس کراونو هەروەها زانیارییەکانی تایبەت بەململانێکانی ناو پارتی کە لەبەشی سێیەمو چوارەمدا باس کراون، هەر هەموی لەدوو نامە ئاماژە پێکراوەکەی تاڵەبانی وەرگیراون.

لەو شوێنانەی کەناوی ساڵح حەیدەرییان تێدا هاتووە، لێکۆڵینەوەکە بەشێوەیەکی سەرەکی پشتی بەدەستنوسی ئەو یاداشتانە بەستوە کەحەیدەری لەساڵی ١٩٦٩دا لەبەغدا نوسیویەتی. ئەگەرچی ئەم یاداشتانە لەساڵی ١٩٩٢ بەزنجیرە بەچل ئەڵقە لەرۆژنامەی "ئەلئیتیحاد"و هەروەها لەچاپی عەرەبیی رۆژنامەی "رێگای کوردستان"ی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانو هەروەها لەگۆڤاری گولانی عەرەبیدا بلاو کراونەتەوە، بەڵام هێشتا هەر هەموی بلاو نەکراوەتەوە.

لەساڵی ١٩٩٧دا نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەستنوسێکی فۆتۆکۆپیکراوی ساڵح حەیدەریی لەخوالێخۆشبوو دکتۆر عەبدولسەتار تاهیر شەریف چنگ کەوت. خوالێخۆشبوو مەرجی دانا

کەدەستنوسەکە لەبەری نەگیرێتەوەو پاش یەك هەفتە بۆی بگێڕدرێتەوە. داواکەش جێبەجێ کرا. چاپی یەکەم‌و دووەمی یاداشتەکان کە لەساڵانی ۲۰۰۲ و ۲۰۰٤ لەسلێمانی چاپ کراون، زانیاریی بەنرخیان تێدایە. بەگوتەی مامۆستا مومتاز حەیدەری کەئەرکی ئامادەکردنی یاداشتەکانی بۆ چاپ لەئەستۆ گرتبوو، ئەوەی بڵاوکراوەتەوە هەمو یاداشتەکان نیە بەڵکو هەڵبژاردەی یاداشتەکانە.

جگە لەو دیکۆمێنتانە، لێکۆڵینەوەکە سودی لەدیکۆمێنتێکی تریش وەرگرتوە. کەدەقی نامەیەکی کۆمەڵەی ژیانی کوردە بۆ مەلا مستەفا بارزانی کەهەندێ پرسیاری دەربارەی بەرنامەی شۆڕشەکەی مەلا مستەفاو چەند پێشنیارێکی لەخۆ گرتووە. لەبەشی دووەمی ئەم کتێبەدا، لەڕەوتی شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان عەبدولڕەحمان زەبیحی‌و قازی محەمەددا باسی ئەم دیکۆمێنتە کراوە.

ئەوانەی دەیانەوێ دەقی تەواوی نامەکەیان چنگ کەوێ، دەتوانن بچنەوە سەر لاپەڕەکانی ۲۷۰-۲۷۳ی بەشی سێیەمی یەکەم چاپی عەرەبیی کتێبی "بارزانی‌و بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد". شیاوی ئاماژە پێکردنە کەزانیارییەکانی تایبەت بەپلانی پەنا بردنە بەر ئێران لەساڵی ۱۹٤٥دا لەکتێبی ناوبراو وەرگیراون.

بەشی دووەم چەردەیەك زانیاریی دەربارەی هەمزە عەبدوڵڵا لەخۆ گرتووە کەسەرچاوەکەی یاداشتەکانی زەکی خەیرییە، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق. خەیری لەساڵی ۱۹۸۸ دەستی بەنوسینی یاداشتەکانی کردووەو بۆ یەکەم جار لەساڵی ۱۹۹٤ لەستۆکهۆڵم لەسوید بەناونیشانی "صدى السنين في ذاكرة شيوعي عراقي مخضرم" ئەو یاداشتانەی بڵاو کردۆتەوە. خەیری بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خێزانێکی هەژار، باوکی خەڵکی بەغدایەو دایکی خەڵکی بەدرەیە، ئەو شارەی کەڕەچەڵەکی زۆرینەی دانیشتوانەکەی

دەچێتەوە سەر کوردە فەیلییەکان. خەیری لەدایکبوی ساڵی ١٩١١ی بەغدایە. زوو بەشداریی لەجولآنەوەی نیشتمانیدا کردو زوش پەیوەندیی بەپارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد. ئەگەرچی یاداشتەکانی ناچنە سەر باسکردنی پەیوەندیی نێوان پارتی کۆمۆنیستو کورد پێش ساڵی ١٩٥٨، بەڵام لاپەڕەکانی نێوان ٢٢٨-٢٣٢ بۆ چەپی کورد تەرخان کراونو ئەم چەند لاپەڕەیە چەردەیەك زانیاریی زۆر گرنگیان دەربارەی پەیوەندیی هەمزە عەبدوڵڵا بەپارتی کۆمۆنیستی عیراقەوەو رۆڵی لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەساڵی ١٩٤٦داو سەرەتای دەستپێکی گرژیی نێوان عەبدولکەریم قاسمو کورد، تێدا چنگ دەکەوێ، سەرباری دەربڕینی هەندێ راو بۆچوونی تایبەت دەربارەی هەر یەك لە مەلا مستەفا بارزانیو برایم ئەحمەد.

کتێبەکەی زەکی خەیری تاکە کتێب نیە کەزانیاریی بەنرخی دەربارەی هەمزە عەبدوڵڵا تێدا بێ. کتێبێکی تریش هەیە کە لەم رووەوە بایەخی خۆی هەیەو ئەم لێکۆڵینەوەیە سودی لێ وەرگرتووە، ئەویش کتێبەکەی مامۆستا عەلی عەبدوڵڵایە دەربارەی مێژوی پارتی دیموکراتی کوردستان لەکۆنگرەی دامەزراندنەوە تا بەستنی کۆنگرەی سێ. ئەم کتێبە چەردەیەك زانیاریی فرە گرنگی دەربارەی هەڵسوڕانی هەمزە عەبدوڵڵاو پەیوەندیی بەپارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراقەوەو رۆڵی لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لەساڵی ١٩٤٦، گرتۆتە خۆ. کتێبەکەی عەبدوڵڵا کۆمەڵێك پرسیار سەبارەت بەپەیوەندیی کاکە حەمە زیادی زەویداری دەوڵەمەند بەپارتی کۆمۆنیستی سوریاو پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراقەوە دەوروژێنێ. ئەم کتێبە تاکە سەرچاوەیە ئاماژە بۆ پەیوەندیی هەمزە عەبدوڵڵای یەکەم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بە خالد بەکداشی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سوریاوە بکا. دیارە

زانیارییەکانی ناو ئەم کتێبە هەندێ سەرەنجامی وردیان لێ هەڵکرێندراوە کە لەسەرەنجامدا بونەتە پشتیوان بۆ بەشێکی راو شیکردنەوەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە.

هۆی گرنگیی ئەو زانیارییانە پەیوەندیی بەوەوە هەیە کەمامۆستا عەلی عەبدوڵڵا شارەزاییەکی باشی دەربارەی وردەکارییەکانی ژینگەی سیاسیی کوردو جولانەوەی نیشتمانیی کورد لەسالانی چلەکانی سەدەی رابردووەوە هەیەو خۆیشی یەکێك بووە لەدامەزرێنەرانی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق لەساڵی ١٩٤٤داو پارتی دیموکراتی کورد لەساڵی ١٩٤٦دا. کتێبەکەی عەلی عەبدوڵڵا بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٦٨ بەزمانی کوردی بلاوکرایەوەو دواتر کرایە عەرەبیو لەساڵی ١٩٨٤دا چاپی عەرەبیی بلاوکرایەوە. بایەخدانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەکتێبەکەو وەرگێرانی بۆ سەر زمانی عەربیو سپاردنی ئەرکی چاپو پەخش کردنی بەدەزگای راگەیاندنی سەر بەمەکتەبی سیاسیی پارتی، بەڵگەی ئەوەن کەسەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان زانیارییەکانی ناو کتێبەکە پشت راست دەکاتەوە. لەو لێکۆڵینەوەیەی کە لەبەر دەستتان دایە، لەهەر شوێنێکدا ناوی عەلی عەبدوڵڵا بەرچاو بکەوێ، سەرچاوەی زانیارییەکانی دەقەکە ئەو کتێبەیە کەخۆی نوسیویەتی، بەتایبەتی زانیارییەکانی دوتوێی لاپەڕەکانی ١٩-٢٠.

سەبارەت بەرِوداوەکانی سالانی ١٩٤٣- ١٩٤٥و وردەکارییەکانی وتووێژی نێوان مەلا مستەفا بارزانیو ماجد مستەفای نێردراوی تایبەتی سەرەك وەزیرانی عیراق نوری سەعید، زۆرتر سود لەیاداشتەکانی سەید عەزیز شەمزینی، ئەفسەری سوپای عیراقو ئەندامی حزبی هیوا، وەرگیراوە. یاداشتەکانی شەمزینی بەهایەکی مێژویی زۆریان هەیە. مامۆستا محەمەد حەمە باقی لەفارسییەوە

کردویەتی بەکوردیو ساڵی ٢٠١٠ لەسلێمانی لەلایەن بنکەی ژینەوە بڵاو کراونەتەوە. ئەوەی کە لەم لێکۆڵینەوەیە سودی لێ وەرگیراوە، ئەو زانیارییانەیە کە لەلاپەڕەکانی ٤١- ٤٤ی یاداشتە بڵاوکراوەکاندا هاتونو زۆرتر لەبەشی یەکەمدا، لەو شوێنەی کەناوی عەزیز شەمزینیی تێدا هاتوە، پشتیان پێ بەستراوە.

ئەو زانیارییانەش کەتایبەتن بەگەشەکردنی ئەنگێزەی توندڕەویی ئایدیۆلۆژی لەناو پارتی کۆمۆنیستی عیراقداو ڕۆڵی تیۆرییەکانی ستالین لەزیادکردنی توندڕەویی چەپ لەساڵی ١٩٥٢دا کەبونە هۆی تەنگەبەرکردنی پەراوێزی هاوکاریی نێوان کۆمۆنیستەکانو بورژوازیی نیشتمانی، لەکتێبەکەی حەننا بەتاتو "عیراق: چینە کۆمەڵایەتییەکانو جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە تا پێکهێنانی کۆمار" وەرگیراون کە بەشێوەی دوو کتێبی سەربەخۆ بڵاوکراوەتەوەو لەم لێکۆڵینەوەیەدا زۆرتر سود لەکتێبی دووەم وەرگیراوە کەبۆ باس کردنی پارتی کۆمۆنیستی عیراق تەرخان کراوەو تێیدا لەلاپەڕەکانی ٣٤٥- ٣٥٥ی بەشی دووەمدا ئاکامی توندڕەویی چەپڕەوانە شی کراوەتەوە. دەقەکانی وتارەکەی ستالین کەوتویەتی بورژوازی بۆتە دوژمنی سەرەکیی بزوتنەوەکانی ڕزگاریی نیشتمانی، لەلاپەڕە ٣٤٩ی کتێبی ناوبراو وەرگیراون.

ئەم لێکۆڵینەوەیە پشتی بەسێ چاوپێکەوتن بەستووە، یەکەمیان ئەو چاوپێکەوتنەیە کەساڵی ١٩٥٥ ڕۆژنامەنوس حسێن محەمەد عەزیز لەلەندەن لەگەڵ برایم ئەحمەدی ساز کردووەو تێیدا چەردەیەك زانیاری دەربارەی مێژووی سیاسیی برایم ئەحمەد چنگ دەکەوێ ئەم چاوپێکەوتنە کە بەدیکۆمێنتێکی زۆر گرنگ دەژمێردرێ، بەشێوەی نامیلکەیەکی ٩٢ لاپەڕەیی قەوارە مامناوەنج چاپ کراوە. ناونیشانی نامیلکەکە "پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەددا" ئاماژەیە بۆ

چاوپێکەوتنێکی دورو درێژ کەتێیدا زۆر بابەتی گرنگ ورووژێنراوە. لەناواخنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەپێی پێویست ئاماژە بۆ ئەم چاوپێکەوتنە کراوە.

چاوپێکەوتنی دووەم لە ٢٨ی حوزەیرانی ١٩٩٧دا نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیەو مامۆستا عەبدوڵلا قەرەداغی، لەسلێمانی لەگەڵ دکتۆر کەمال فوئاد ئەنجامیان داوە. بەشی شەشەمو هەندێ تەوەری بەشی حەوتەم پشت ئەستورن بەزانیارییەکانی ئەم چاوپێکەوتنە.

چاوپێکەوتنی سێیەم چاوپێکەوتنێکە چوار مانگ پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکا، لەسلێمانی لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلادا ساز کراوە. ئەم چاوپێکەوتنە بۆ ساغ کردنەوەی بۆچونەکانی ناو ئەم لێکۆڵینەوەیە کەڵکی لێ وەرگیرا. خوالێخۆشبوو هەمزە عەبدوڵلاو خێزانەکەی میوانی بەرێز هێرۆ خان بون. نوسەری ئەم لێکۆڵینەوەیە دەرفەتی ئەو میواندارییەی قۆستەوەو چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ناوبراو ساز کرد. ئەو کاسێتانەی کەئەم چاوپێکەوتنەیان لەسەر تۆمار کراوە، لەبنکەی ژین بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری بەڵگەنامەیی‌و رۆژنامەوانیی کوردی لەسلێمانی پارێزراون.

هەروەها ئەم لێکۆڵینەوەیە چەند پەرەگرافێکی لەنامیلکەی "وەڵامێك بۆ هەندێ چەمکی بورژوازیی نەتەوەیی‌و پاکتاوگەرا" وەرگرتووە کەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بۆ وەڵامدانەوەی گروپی ساڵح حەیدەری- کەمال فوئاد دەری کردبوو و لەو سەردەمەدا تیراژێکی زۆری لێ راکێشراو وەك بەشێك لەهەوڵەکانی پارتی کۆمۆنیست بۆ پاراستنی یەکرێزی‌و دروستیی بیروباوەڕی ئەندامەکانی، بەسەر شانە نهێنییەکاندا پەخش کرا.

# بەشی یەکەم

## کارکردن لە پشت پەردەوە

پاش ئەوەی مەلا مستەفا بارزانی لەساڵی ١٩٤٥دا لەناوچەکەی خۆی رابەرایەتیی بزوتنەوەیەکی چەکداری کرد، هیچ دەرفەتێك بۆ بەردەوامبونی دۆخی نە شەڕ نە ئاشتی لەئارادا نەما. بەر لەوە، مەلا مستەفا لەلایەن بریتانییەکانەوە ئاگادار کرابۆوە کەچالاکییەکانی رابگرێ‌و لەم سەروبەندەدا بریتانییەکان سەرنجیان بۆ ئەوە راکێشابوو کە لەهەڵسوکەوت‌و رەفتاری ناڕازین.

بارزانییەکان کە بەشێوەیەکی خۆڕسك بەلای ئازادی‌و رەتکردنەوەی هەموو جۆرە کۆت‌و بەندێکدا دایاندەشکاندو بەگومانەوە دەیانڕوانییە دام‌و دەزگای مەدەنی‌و یاسای نوسراو، بەدژایەتی کردنی حکومەتی عیراق کێشەیەکی گەورەیان بۆ خۆیان دروست کردبوو. لەسۆنگەی ئەم هەڵوێستەوە دوچاری سەرکوت کردن‌و دورخستنەوەو نەهامەتی بون. لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٣دا، کاتێك مەلا مستەفا بزوتنەوەیەکی چەکداری لەدژی حکومەت هەڵگیرساند، ویستی هەڵوێستێکی توندوتۆڵ بەرامبەر بەسیاسەتی توندی بەغدا لەدژی داخوازییەکانی خێڵەکەی دەربڕێ‌و بەغدا ناچار بکا داوا بنچینەییەکەی بۆ جێبەجێ بکا کەبریتییە لەگەڕاندنەوەی دورخراوە بارزانییەکان بۆ زێدگاکانیان‌و دابین کردنی ژیانێکی ئازادو ئاسودەو بێ هەڕەشەو مەترسی بۆیان. تا ئەو کاتە مەلا مستەفا بیری لەڕابەرایەتی کردنی کورد نەکردبۆوەو دیدێکی سیاسیی رونیشی نەبوو. دواتر، لەسەروبەندی وتووێژی نێوان

مەلا مستەفاو نوێنەری حکومەتی عیراق ماجد مستەفا، سێ ئەفسەری ئەندامی حزبی هیوا کەبریتی بون لە عەزیز شەمزینیو ئەمین رەواندزیو عیززەت عەزیز وایان لەمەلا مستەفا کرد واز لەداوای خێڵەکی بێنێو داوای سیاسی پێشکەش بەنوێنەری حکومەت بکاو یاخیبونەکەی لەیاخیبونێکی خێڵەکییەوە بکا بەجوڵانەوەیەکی سیاسیی خاوەن ناوەڕۆکێکی نەتەوەیی. لەم روەوە لیستێك داوای سیاسییان بۆ نوسیو داوایان لێ کرد بینوسێتەوەو بەناوی خۆیەوە بیدا بەماجد مستەفا.

حزبی هیوا کەمێژوی دامەزراندنی بۆ ساڵی ١٩٣٩ دەگەڕێتەوەو رۆشنبیرێکی بەبیروباوەڕ نەتەوەییو سەرسام بەهتلەری سەرکردەی نازییەکان بەناوی رەفیق حیلمییەوە هەڵی دەسوڕاند، لەگێژەنگی بێ ئومێدییەکی دژواردا دەژیا چونکە ئەوەندە خۆی بەکۆڵەوارو بێدەرەتان دادەنا کە لەخۆی رانەدەپەڕموو بتوانێ بزاڤێکی گەرمو گوڕ جەماوەری پێك بێنێ. کاتێك ناوچەی بارزان یاخیبونێکی چەکداری خێڵەکیی لەدژی حکومەت بەخۆوە بینی، باڵێکی حزبی هیوا بیری لەوە کردەوە کەڕێوشوێنێك بۆ قۆستنەوەی ئەو یاخیبونە بەقازانجی خۆی بدۆزێتەوە. بەم پێیە، کۆنتاکتی گرنگ لەگەڵ مەلا مستەفا هاتە ئاراوە.

ئەفسەرانی سەر بەحزبی هیوا سەرقاڵی ئەوە بون کەبەرگی خێڵەکی لەمەلا مستەفا داماڵنو بەرگێکی ناسیونالیستیی پێ ببەخشنو لەم سەروبەندەدا هانیان دا چەردەیەك داخوازیی نەتەوەیی بخاتە بەردەم حکومەتی نوری سەعید کەدیارترینیان داوای پێکهێنانی ویلایەتی کوردستان بوو لەپارێزگاکانی هەولێرو سلێمانیو کەرکوكو ناوچە کوردنشینەکانی موسلو دیالە.

بەڵام حکومەتی حەمدی پاچەچی کەجێی حکومەتی نوری سەعیدی گرتەوە، هەڵوێستی توندتری بەرامبەر بەکورد نواند. پاچەچی سیاسەتی نەرمی ئەو سەردەمەی نوری سەعیدی بەرامبەر بەکورد بەکات بەفیڕۆدان دادەنا، بۆیە لەماوەی دەستبەکاربونیدا زۆرتر بەلای ئەوەدا دایشکاند کەزەبری سوپا بۆ سەرکوت کردنی بزوتنەوەی مەلا مستەفا بەکار بێنێ. دەشێ لەمەسەلەی نەرمی نەنواندندا باڵیۆزخانەی بریتانیا هاندەری بووبێ، بەتایبەتی کە لەو کاتەدا تای تەرازوی جەنگ بەلای هاوپەیمانەکاندا دایشکاندبوو. بەشێوەیەکی گشتی، بریتانییەکان پشتیوانییان لەسەرکوت کردنی بزوتنەوەکەدا کردو جەنرال رنتن سەرپەرشتیی شەڕەکانی ئاکرێی کرد.

دوا بەدوای ئەمە، بیرۆکەی هانا بردن بۆ مەهاباد کە لەو کاتەدا بۆشایی دەسەڵات بەسەریدا زاڵ بوو پەیتا پەیتا گوڕو تینی پەیدا کرد. لەو کاتەدا کوردەکانی ئێران بە بەراورد لەگەڵ کوردی عیراقدا، ژیانێکی خۆشتریان بەسەر دەبردو لەو سۆنگەیەوە کە لەساڵی ١٩٤١ـەوە شا رەزا پەهلەوی لەکار خرابوو، ئێرانیش بەسەر دوو ناوچەی ژێر دەسەڵاتی روسیا لەباکورداو ژێر دەسەڵاتی بریتانیا لەباشوردا دابەش کرابوو، رەوشی ناو ئێران شێواویی بەخۆوە دی بوو. ئەم شێواوییە دەرفەتێکی گونجاوی بۆ کورد پێکهێنا کەبڕێکی زۆرتر ئازادییان چنگ کەوێ. لەنێوان هەردوو ناوچەدا، هەرێمی مەهاباد ببوو بەناوچەی لێك دابڕاندنی دەسەڵاتی هەردوو دەوڵەت‌و لەهەمان کاتیشدا هیچ پێگەیەکی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندیی تێدا نەمابوو.

پێش ئەوەی مەلا مستەفا روو لەئێران بکا، راوێژی بەئەفسەرەکانی کردو دوو کەسی لەلایەنگرانی خۆی، واتە عەبدوڵڵا ئەفەندی گەیلانی‌و شێخ عەبدوڵڵا زینۆ، راسپارد بچن بۆ ئێران بۆ تاوتوێ کردنی بارودۆخەکەی. دواتر، پاش ئەوەی کەشێخ ئەحمەدی رابەری

ئاینیی بارزانییەکان هانا بردنە بەر ئێرانی پەسند کرد، مەلا مستەفا بەڕێگایەکی سەختو لەبارودۆخێکی دژواردا رابەرایەتیی خێڵەکەی کردو روی لەسنوری نێودەوڵەتی کردو لەم کۆچڕەوەدا شەش ئەفسەری لیژنەی ئازادیی لەگەڵدا بوو. پاشان چوار ئەفسەری تر پەیوەندییان پێوە کرد. پێش ناوەڕاستی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥، بارزانییەکان رزگاریان ببوو لەهەڕەشەو راوەدونانی سوپای عیراق. لەسەرەتادا مەلا مستەفا لەشارۆچکەی سەردەشت گیرسایەوەو دواتر لەشنۆ.

پاش ئەوەی کەقازی محەمەد حکومەتی لەمەهاباد راگەیاند، سێ تیمی لەبارزانییەکان پێکهێناو پلەی جەنرالی سوپای کۆماری بەمەلا مستەفا بەخشی.

مەلا مستەفا کەیفی بەسیاسەتو مانۆڕە ئاڵۆزەکانی نەدەهات. ئەو وەك شاخەوانێکی راهاتوو لەسەر ژیانی سادەو بێ گرێو گۆڵ، تاکە ئاواتی ئەوە بوو کەدەرفەت بەخێڵەکەی بدرێ بەو چەشنە بژی کەخۆی دەیەوێ. ئایدیۆلۆژیا بەباقو بریقەکان هیچ کات جێ سەرنجی نەبون. بەڵام رێککەوتنی لەگەڵ ئەفسەرانی حزبی هیوادا بۆ بەرین کردنی چوارچێوەی بزوتنەوەی چەکدار بەچەشنێك کەبزوتنەوەکە دەستبەرداری مۆرکی خێڵەکی بێو بەرگی بزوتنەوەیەکی نەتەوەیی بکاتە بەر، ناوبانگێکی زۆری بۆ پەیدا کردو دواتر دوای ئەوەی کەخۆی بەدەستەوە نەداو روی لەیەکێتیی سۆڤێت کرد، لەلای کورد وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی تەماشا کرا. چارەنوس وای کرد رۆڵێکی گەورە لەمێژوی گەلەکەیدا بگێڕێ.

گیرسانەوەی لەئێران، لەهەلومەرجی هەڵکشانی تەوژمی نەتەوایەتیو دەستەبەربونی ئازادییەکی سیاسیی فراوانو بێ وێنەو نزیکیی لەروسو کۆمۆنیستە ئازەربایجانییەکان، دەشێ کاریگەریی

هەبووبی لەسەر فراوان کردنی ئاسۆی بیرکردنەوەی سیاسییو دیدێکی تایبەتیشی بۆ مەسەلەکان لەلا دروست کردبێ، بەڵام نەك تا ئەو رادەیەی کەئایدیۆلۆژیای کۆمۆنیزم پەسند بکات. مەلا مستەفا، تەنانەت لەو کاتەشدا کە لەڕوسیا دەژیا، بەگومانەوە دەیڕوانییە کۆمۆنیزم وەك سیستمێکی کۆمەڵایەتیو بیروباوەڕێکی سیاسیو لەم سەروبەندەدا نەیتوانی پشت لەپێشینە کەلتورییە ئاینییەکەی خۆی بکاتو بەبیروباوەڕێکی تری بگۆڕێتەوە. شێوەی بیرکردنەوەی، کەزۆرتر کەیفی بەسادەیی دەهاتو ئاڵۆزیی رەت دەکردەوە، هەرگیز بیروباوەڕی کۆمۆنیزمی لەلا شیرین نەکرد. ئەم بیروباوەڕە هەمیشە وەك بیروباوەڕێکی ئاڵۆز دەهاتە بەرچاوی. ئەو هەمیشە، لەگۆشە نیگای ئاینەوە، رەهەندە بونگەراییەکانی ئەم بیروباوەڕەو سوکایەتی کردنی بەئاینەکان، رەت دەکردەوەو هیچ کات کەیفی بەکۆمۆنیزمو بیروباوەڕە چەپەکان نەهاتووە.

کەچی، لەگەڵ ئەوەشدا، مەلا مستەفا رازی بوو ببێ بەسەرۆکی حزبێکی چەپ. وردبونەوە لەپێکهاتەی لیژنەی سەرکردایەتیی هەڵبژێردراوی یەکەم کۆنگرەی نهێنیی ساڵی ١٩٤٦ی پارتی دیموکراتی کورد لەبەغدا، ئەوەمان بۆ دەردەخا کە لەسەرجەمی ١٤ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، پێنجیان مارکسیستو دووانیان چەپن. مەکتەبە سیاسییە چوار کەسییەکەش هەموو ئەندامەکانی مارکسیست بون، سەرباری ئەوەی کەهەمزە عەبدوڵڵای بەبیروباوەڕ مارکسیست پۆستی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی چنگ کەوتبوو.

زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەخاوەنی بیرۆکەی دامەزراندنی پارتی دیموکرات، هەمزە عەبدوڵڵا بێ کەکۆنە کۆمۆنیستەو لەئێران ئەم پێشنیارەی بەگوێی مەلا مستەفادا داوە. دەشێ ئەم مەسەلەیە بەشێوەی سەودایەك لەنێوان مەلا مستەفاو هەمزە عەبدوڵڵادا بەڕێوە

چووبێ، تێیدا مەلا مستەفا سەرۆکایەتیی حزبو مافی دیاریکردنی دوو جێگری چنگ کەوتووەو هەمزە پۆستی سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پێ براوە کەبالاَترین پۆستی حزبە پاش پۆستی سەرۆك. بەکردەوە، هەمزە عەبدوڵلا بەداینەمۆی پرۆسەی دامەزراندنی پارتی دیموکرات دادەندرێو لەماوەی نێوان ١٩٤٦و ١٩٥١ خۆی حزبی بەڕێوە بردووە.

بەلاَم، بەشێوەیەکی گشتی، هەمزە عەبدوڵلا بەبێ پشتیوانیی مەلا مستەفا نەیدەتوانی پارتی دیموکرات دابمەزرێنێ، چونکە هەمزە پێی وابوو حزب پێویستی بەسەرکردەیەکی کاریزمییە کەناوبانگی، لایەنگرانێکی زۆر بۆ حزب پەیدا دەکا. هەمزە سیاسەتمەدارێکی بەناوبانگ نەبوو. ئەگەر لەڕابردوی بکۆڵینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە لەهیچ شتێکدا هەڵکەوتوو نەبووە. ئەوەی لەبارەیەوە زانراوە ئەوەیە کەئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بووە، دەرچوی کۆلیجی یاسا بووەو لەزاخۆوە چۆتە بەغدا، لەوێ گیرساوەتەوەو خەریکی پیشەی پارێزەری بووە. زەکی خەیریی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەبیرەوەرییەکانیدا باسی ئەوەی کردووە کەهەمزە عەبدوڵلا ئەو کەسەیە کە "پلانی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردی عیراقی داناوەو مەلا مستەفا بارزانیی بەسەرۆکی پرۆتۆکۆلیی حزبەکە داناوە".

پەیوەندیی نێوان مەلا مستەفاو هەمزە عەبدوڵلا پەیوەندییەکی ناڕۆشنو تەمومژاوییە. دەربارەی وردەکارییەکانی گفتوگۆی هەمزەو مەلا مستەفا لەئێران، هیچ نەزانراوە. ناشزانرێت بۆچی مەلا مستەفا ئەوەندە لێی دڵنیا بووە کەپێی راسپاردووە پەیوەندی بەمارکسیستو نیشتمانپەروەرانی کوردەوە بکاو پرۆژەی دامەزراندنی حزبێکی نوێ بەگوێیاندا بدا. هەروەها هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نیە بیسەلمێنێ

کەپاش ئابی ١٩٤٦، واتە پاش بەسترانی کۆنگرەی دامەزارندنی پارتی دیموکرات لەبەغداو هەڵبژاردنی هەمزە بەسکرتێری حزب، هەمزە چاوی بەمەلا مستەفا کەوتووەو هیچ سەرچاوەیەکیش لەئێران ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کەمەلا مستەفا لەماوەی نێوان ئاب‌و کانونی یەکەمی ١٩٤٦دا، واتە لەماوەی نێوان دامەزراندنی پارتی دیموکرات‌و روخانی کۆماری مەهاباددا، لەئێران وەك سەرۆکی حزب هەڵسوکەوتی کردووە. بەڵام ئەو رێوشوێنەی کەهەمزە پێی بووە سکرتێری حزب، ئەوە نیشان دەدا کەمەلا مستەفا رەزامەندیی لەسەر نیشانداوە.

کتێبەکەی عەلی عەبدوڵڵا دەربارەی مێژوی پارتی دیموکراتی کوردستان تا کۆنگرەی سێیەم، تەمومژێکی زۆرتر لەسەر کەسایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا دروست دەکا. بەپێی عەلی عەبدوڵڵا، خالد بەکداشی سەرۆکی پارتی کۆمۆنیستی سوریا داوای لەحزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق، ناسراو بەشۆڕش، کردبوو سود لەتواناو بەهرەکانی هەمزە عەبدوڵڵا وەرگرێ. عەلی عەبدوڵڵا دەڵێ کاکە حەمە زیاد لەسوریا چاوی بە بەکداش کەوتوەو لەو چاوپێکەوتنەدا بەکداش داوای لێ کردووە راسپاردەکەی سەبارەت بەهەمزە بەساڵح حەیدەریی رابەری حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق بگەیەنێ. کاکە حەمە زیادی بەبنەماڵە ئۆرۆستۆکرات‌و زەویداری دەوڵەمەند، ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق نەبوو بەڵام لەرێگەی عەبدولسەمەد محەمەدەوە، کەیەکێ لەرابەرانی حزبی ناوبراو بوو، پەیوەندیی لەگەڵ ئەم حزبەدا دروست کردبوو. بەپێی عەلی عەبدوڵڵا، کاکە حەمە زیاد بەپارە یارمەتیی حزبەکەی داوە.

عەلی عەبدوڵڵا کە لەو کاتەدا ئەندامی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق بووە، لەسەری دەڕواو دەڵێ حزبەکەی پەیوەندیی بەهەمزە عەبدوڵلاوە کردو بڕیاریدا بینێرێ بۆ ئێران تا لەوێ چاوی

بەمەلا مستەفاو لیژنەی ئازادی بکەویو هەندێ زانیاری دەربارەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو پەیوەندیی لەگەڵ روسەکان کۆ بکاتەوە. بەم پێیە، هەمزە لەمەهابادەوە کەوتە ناردنی راپۆرت بۆ حزبی شۆڕش.

لێرەدا مەسەلەکە ئالۆزترو تێکئالاوتر دەبێ چونکە هیچ هەلێك بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆ چەردەیەکی زۆری پرسیار هەڵناکەوێ. ئایا پەیوەندیی خالد بەکداش بەهەمزە عەبدوڵلاوە چیە؟ بۆچیو بە چ مەبەستێك بەکداش داوای لەحزبی کۆمۆنیسی کوردستانی عیراق کردووە سود لەهەمزە وەرگرێ، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەحزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق لەژێر دەسەڵاتی فەهددا نەبوو؟ ئایا نهێنیی پەیوەندیی نێوان کۆنترین حزبی کۆمۆنیستی جیهانی عەرەبو زەویدارێکی دەوڵەمەندی ناکۆمۆنیستی وەك کاکە حەمە زیاد چیە؟ ئینجا کەکاکە حەمە زیاد بەبیروباوەڕ کۆمۆنیست نەبووبێ، چی وای لێ دەکا کۆمەکی دارایی پێشکەش بەحزبێکی کۆمۆنیست بکا کەیەکێ لەبنەما جێگیرەکانی، تێکۆشانە بۆ بنبڕکردنی دەرەبەگایەتیو زەویدارە دەوڵەمەندەکان؟

عەلی عەبدوڵلا نە پەیوەندیی هەمزە عەبدوڵلا بەحزبی شۆڕشەوە رون دەکاتەوە نە باسی ئەوەش دەکا کە چی وای لەسەرکردایەتیی حزبەکەی کردووە داوا لەکەسێکی وەك هەمزە بکا بچێ بۆ ئێرانو لەوێوە راپۆرت دەربارەی رەوشو ژیانی کوردی ئێران بنێرێو گوێ نەداتە ئەوەی کەهەمزە لەبنەڕەتدا ئەندامی حزب نیە. ئەمە هەموی بەسەر یەکەوە، شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەپلانێك بۆ پێکهێنانی حزبێکی نەتەوەیی نوێ لەئارادا بووە. رەنگە خالد بەکداش ئەو کەسە بووبێ کە لەرێی هەمزە عەبدوڵلاوە پێشنیاری بۆ کۆمۆنیستە کوردەکان کردبێ سود لەناوبانگی مەلا مستەفا

وەربگرن‌و بیکەن بەسەرۆکی حزبێك کەکۆمۆنیستەکان لەپشت پەردەوە هەڵیبسوڕێنن. هەروەها دەشێ لەبەر نەناسراویی، هەمزە عەبدوڵڵا بۆ ئەم ئەرکە هەڵبژێردرا بێ.

جا ئەگەر هەمزە ڕێپێدراوی کۆمۆنیستە کوردەکان بووبێ بۆ رازی کردنی مەلا مستەفا بەسەرکردایەتی کردنی حزبێکی نەتەوەیی نوێ لەئایندەدا، ئیدی ڕەزامەندیی حزبی کۆمۆنیستی شۆڕش‌و هەروەها ڕەزامەندیی حزبی چەپی رزگاری کەکۆمیتەی سەرکردایەتییەکەی چوار ئەندامی حزبی شۆڕشی تێدایە، بەتەواوی مسۆگەرە. کەواتە تەنها وەرگرتنی ڕەزامەندیی لقی سلێمانیی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەمێنێ کەپارێزەرێك بەناوی برایم ئەحمەد رابەرایەتیی دەکاو لەئایندەدا رۆڵێکی گەورەی دەبێ. هەمزە لەئێرانەوە نامەی بۆ مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق نوسی‌و تێیدا داوای کرد مشوری برایم ئەحمەد بخۆن.

بەم پێیە، عەلی عەبدوڵڵا لەبەغداوە چوو بۆ سلێمانی‌و ویستی چاوی بەبرایم ئەحمەد بکەوێ‌و بزانێ رای سەبارەت بەپێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورد چیە. پێناچی برایم ئەحمەد دژی پرۆژەکە بووبێ. عەلی عەبدوڵڵا لەکتێبەکەیدا باسی ئەوە دەکا کەکۆبونەوەیەکی تر لەبەغدا لەنێوان برایم ئەحمەدو مەکتەبی سیاسیی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق "بۆ پەلەکردن لەپێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورد" ئەنجام دراوە.

وتەکانی عەلی عەبدوڵڵا کە لەم بوارەدا بەکاری هێناون، گوزارشت لەزۆر شت دەکەن‌و بەئاشکرا رونی دەکەنەوە کەکۆمۆنیستەکانی ساڵح حەیدەری، زۆرتر لەهەر لایەنێکی تر، بەتەنگ ئەوەوە بون کەپارتی دیموکراتی کورد پێك بهێنرێ. رێکخستنی دوو کۆبونەوە لەماوەی چەند رۆژێکدا لەگەڵ برایم ئەحمەد بەڵگەی ئەوەیە کەحزبی شۆڕش زۆر سور بووە لەسەر ئەم مەسەلەیە.

کاتێك هەمزە لەئێران گەڕایەوە، سەرکردە کۆمۆنیستە کوردەکانی توشی شۆك کرد چونکە ڕێککەوتنێکی سەیری لەگەڵ مەلا مستەفادا ئەنجام دابوو. مەلا مستەفا مەرجی دانابوو کەئەگەر دەیانەوێ ببێ بەسەرۆکی حزب، دەبێ مافی هەڵبژاردنی جێگرەکانی هەبێ. جێگرەکانیشی دیاری کردبون‌و مەرجەکەی بەسەر هەمزەدا سەپاند بوو. هەمزە بەمەرجەکەی مەلا مستەفا ڕازی ببوو چونکە زۆر بەلایەوە گرنگ بوو پۆستی سکرتێری حزبی چنگ کەوێ. مەلا مستەفا دوو گەورە زەویداری دەرەبەگی وەك ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیو جێگری سەرۆك هەڵبژاردبوو کەبریتی بون لەشێخ لەتیفی کوڕی شێخ مەحمود بەرزنجیو کاکە حەمە زیاد. مەلا مستەفا خۆی بەقەرزارباری یەکەمیان دەزانی. عەلی عەبدوڵڵا گەواهیی ئەوە دەدا کە لەساڵی ١٩٤٣دا شێخ لەتیف یارمەتیی مەلا مستەفای داوە تا لەسلێمانی ڕابکاو بگاتە سەر سنورو لەوێوە خۆی بگەیەنێتە ناوچەی بارزان.

ساڵح حەیدەریی سەرۆکی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق نەیدەتوانی بەوە ڕازی بێ کەزەویداری دەرەبەگ ئەندامی سەرکردایەتیی حزبێکی چەپ بێ. دۆزینەوەی چارەسەرێکی مامناوەنجی کەهەموو لایەنەکان لەسەری کۆك بن، کارێکی ئاسان نەبوو. بۆیە دوبەرەکییەکی سەخت لەناو کۆمۆنیستە کوردەکاندا لەسەر ئەم مەسەلەیە هاتە ئاراوە.

حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق زادەی لەتبونی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو کە لەئاکامدا دوو پارتی کۆمۆنیست پەیدا بوون‌و هەدوکیان خۆیان بەپارێزەری ڕێبازی ڕاستی کۆمۆنیزم دەدانا. یەکێکیان بەسەرکردایەتیی فەهد بوو کەنوێنەرایەتیی سەرکردایەتیی مێژویی حزبەکەی دەکردو ئەوی تر بەسەرکردایەتیی چەند کادیرێکی کوردو عەرەب بوو. هەردوو باڵ بەناوی ڕۆژنامە ناوەندییەکەیانەوە

ئاماژەیان پێ دەکراو بەم پێیە، بەیەکێکیان دەوترا باڵی "قاعیدە"و بەوی دیکە دەوترا باڵی "وحدەتولنیزال". دواتر کۆمۆنیستە کوردەکانی ناو باڵی "وحدەتولنیزال" ڕێکخراوێکی نیمچە سەربەخۆیان بەناوی یەکێتیی تێکۆشینەوە پێکهێنا کەوەك لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست وابوو. لەساڵی ١٩٤٤ کاتێك هەوڵەکان بۆ یەکخستنەوەی هەردوو باڵ خرانە گەڕ، کۆمۆنیستە کوردەکان دودڵییان نیشانداو بەئەستەمیان زانی بتوانن دان بەسەرکردایەتیی فەهددا بنێن. پاش ئەوەی کەباڵی "وحدەتولنیزال" گەڕایەوە بۆ باوەشی حزبی دایك، کۆمۆنیستە کوردەکانی لقی کوردستان بەسەرکردایەتیی ساڵح حەیدەری بڕیاریاندا لقەکەیان بکەن بەحزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق. بەم پێیە، مەکتەبی سیاسی لەعەلی عەبدوڵڵا، نافیع یونس، عەبدولکەریم تۆفیق‌و ڕەشید عەبدولقادر پێك هات. حزبە کۆمۆنیستەکەی کوردستانی عیراق بەناوی حزبی شۆڕشەوە ناوی دەرکرد چونکە ئەو ڕۆژنامەیەی کەحزبەکە بەزمانی کوردی دەری دەکرد، ناوی "شۆڕش" بوو. ئەوسا حزبەکان بەناوی ڕۆژنامەکانیانەوە ناو دەبران.

حەیدەری بزاڤێکی جەماوەریی خرۆشاوو جۆش سەندوی دەویست بەڵام پەی بەوەش بردبوو کە لەوڵاتێکدا کەزۆرینەی گەلەکەی جوتیاری نەخوێندەوارو دیندارن، کۆمۆنیزم بەئەستەم ڕەگ دادەکوتێ. بیر بۆ ئەوە دەچێ کەحەیدەری بیرۆکەی بەرە یەکگرتووەکانی بەلاوە گونجاوو پەسند بووە، بەتایبەتی کەبەرەی یەکگرتوو لەگەرمەی خەباتدا لەدژی نازیزم لەهەر یەك لەفەرەنساو یۆنان‌و یۆگۆسلاڤیا سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو. بۆیە بەلایەوە گونجاو بوو کەئەم ئەزمونە سەرکەوتووە لەئەوروپاوە بۆ کوردستان بگوازرێتەوەو لەم ڕووەوە لەگەڵ هاوڕێکانیدا کەوتە گەڕ بۆ کردنی حزبی ڕزگاریی کورد بە"حزبی بەرەی نیشتمانیی یەکگرتوی کوردستانی عیراق".

دەوروبەری دوو مانگ پاش دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق، حەیدەری حزبی رزگاریی کوردی پێکهێناو ویستی ئەو حزبە بەڕوکەش حزبێکی نەتەوەیی بێ‌و لەناوەرۆکدا مارکسیست بێ، حزبێك بەناوی بزوتنەوەی نەتەوایەتییەوە جەماوەر بجولێنێ‌و ژێر بەژێر خەریکی بەدەست هێنانی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم بێ.

حەیدەری سەرکردایەتییەکی حەوت کەسیی بۆ حزبەکە پێك هێناو پۆستی سەرۆکی بۆ خۆی هێشتەوە. سەرکردایەتییە حەوت کەسییەکە چوار ئەندامی سەرکردایەتیی حزبی شۆڕشی تێدا بوو. بەمجۆرە، حەیدەری زۆرینەی بۆ خۆی مسۆگەر کرد. بەڵام لەچوار کەسەکە، داوای لەدوانیان کرد، واتە نوری شاوەیس‌و نوری محەمەد ئەمین، وای بنوێنن کەهیچ پەیوەندییەکیان بەحزبی شۆڕشەوە نیە بۆ ئەوەی وای نیشان بدا کەحزبی رزگاریی کورد جیایە لەحزبی شۆڕش. ئەم تاکتیکە کەتاکتیکێکی زیرەکانەیە ئەوەی بۆ حەیدەری مسۆگەر کرد کە لەیەك کاتدا سەرۆکی دوو حزب بێ، کەیەکێکیان کۆمۆنیستەو ئەوی تر ناسیۆنالیستێکی رادیکالە.

لێرەدا دەردەکەوێ کەپرۆژەی پێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورد زۆرتر لەهەموارکردنی پرۆژەی حزبی رزگاریی کورد دەچێ‌و تێیدا هانا بۆ بەکارهێنانی میکانیزمی توندوتۆڵتر براوە. ئەگەرچی هەردوو پرۆژە رەنگدانەوەی هەوڵی چەپی مارکسیستی کوردن بۆ خۆشاردنەوە لەپشت پەردەی نەتەوایەتی بۆ بەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم، بەڵام پارتی دیموکراتی کورد بەشێوەیەك دامەزرا کەتێیدا نەبوو بەسێبەری هیچ رێکخراوێکی تر، وەك ئەوەی کە لەئەزمونی حزبی رزگاریی کورددا دەیبینین چونکە حزبی رزگاری لەسێبەری حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق بەولاوە هیچی دی نەبوو.

حەیدەری سەری لەوە سوڕ مابوو کەهەمزە پێ لەسەر هێنانی دوو زەویداری دەرەبەگ بۆ ناو کۆمیتەی ناوەندیی حزبە تازەکە دادەگرێ‌و

پاشان، کەزانی هەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتییەکەی پشتگیریی ئەم رایە دەکەن، زۆرتر توشی سەرسوڕمان بوو. حەیدەری ئەمەی ڕەت کردەوە. بەڵام بەرهەڵستکارەکانی، بەتایبەتی عەلی عەبدوڵڵاو عەبدولکەریم تۆفیقو رەشید عەبدولقادر، بۆ تاوتوێ کردنی ئەم مەسەلەیە پێشنیاری بەستنی کۆنگرەیان کرد.

کۆمۆنیستە کوردەکان لەهەفتەی یەکەمی ئابی ساڵی ١٩٤٦ لەبەغدا کۆنگرەیان بەست. ناکۆکییەکان لەناو کۆنگرە تەقینەوە، چونکە ئەندامانی کۆنگرە زۆر بەئاسانی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیان یەکیان گرتەوە بەڵام لەسەر بردنی دوو زەویداری دەرەبەگ بۆ ناو سەرکردایەتی، زۆر بەتوندی بەگژ یەکتریدا چونەوە. حەیدەریو لایەنگرەکانی دژی پێشنیارەکە وەستانەوە، بەرهەڵستکارەکانیشی پشتگیریی پێشنیارەکەیان کرد. لەم کۆنگرەیە حزب خۆی هەڵوەشاندەوەو بڕیاریدا بەشداری لەپێکهێنانی پارتی دیموکراتی کورددا بکا. ئەوانەی دژی ئەم بڕیارە بون، لەوانە حەیدەریو نافع یونس، دواتر بەگونجاوتریان زانی کەبگەڕێنەوە بۆ ناو ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق.

ئیتر هەر ئەوە مایەوە کەحزبی رزگاریی کورد کۆنگرە ببەستێ. حەیدەریو نافع یونس بڕیاریان دابوو بایکۆتی کۆنگرەکە بکەن. بەکردەوەش بایکۆتیان کرد. ئەنجامی کۆنگرەکە پێشوەخت دیار بوو. کاتێك کۆنگرە لەهەفتەی دووەمی مانگی ئاب بەسترا، گفتوگۆی تێروتەسەلی تێدا نەکرا. ئەندامانی کۆنگرە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حزبەکەو بەشداری کردن لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا یەکدەنگ بون.

کەواتە لێرەدا هەر برایم ئەحمەد ماوە. برایم ئەحمەد دودڵ بوو لەهەڵوەشاندنەوەی حزبەکەیو زۆر باوەڕی بەپاساوو بیانووەکانی هەمزە

نەبوو. لەگەڵ ئەوەشدا، هەمزە وا لەگەڵ ئەوانی تردا ڕێککەوت کەبرایم ئەحمەد بانگهێشتی کۆنگرەکە بکرێ بەڵکو لەوێ بەخۆیدا بچێتەوەو رای خۆی بگۆڕێ.

برایم ئەحمەد وەك چاودێر بەشداریی لەکۆنگرەی دامەزراندندا کردو تا سەر بەرگەی هەموو گوشارەکانی گرت. کاتێك ئەندامانی کۆنگرە لێی بێئومێد بون، داوایان لێ کرد کۆنگرە بەجێ بێڵێ.

کۆنگرەکە تەنها یەك ڕۆژی خایاندو کۆمۆنیستەکانی حزبی شۆڕش‌و چەپڕەوەکانی حزبی رزگاریی کوردو ئەندامە کۆنەکانی حزبی هیوا بەشدارییان تێدا کرد. شێخ لەتیف شێخ مەحمود کەکردنی بەئەندامی سەرکردایەتیی حزبەکە کێشەیەکی گەورەی دروست کردبوو، بەشداریی لەکۆنگرەکەدا نەکرد بەڵام لەبری خۆی، نوێنەرێکی ناردبوو.

پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ناوەندیی ١٤ کەسی، باڵادەستیی بۆ کۆمۆنیست‌و چەپەکان دەستەبەر کرد. هەمزە عەبدوڵڵا سەرۆکایەتیی بۆ مەلا مستەفا مسۆگەر کردو داوای لەئەندامان کرد دەنگ بەشێخ لەتیف شێخ مەحمودو کاکە حەمە زیاد بدەن. بۆ خۆیشی، پۆستی سکرتێری حزبی دابین کرد. کۆمیتەی ناوەندی چوار ئەندامی حزبی ناسیۆنالیستی راستڕەوی هیوای تێدا بوو کەبریتی بون لەمیرحاج ئەحمەد، مەلا حەکیم خانەقینی، عەونی یوسف‌و ساڵح یوسفی. کۆمۆنیستە کوردەکانیش سێ ئەندامی خۆیان گەیاندە سەرکردایەتی کەبریتین لەعەلی عەبدوڵڵا، عەبدولکەریم تۆفیق‌و رەشید عەبدولقادر. هەروەها سێ ئەندامی حزبی رزگاریی کوردیش کەبریتین لەدکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم، رەشید باجەلان‌و تەها محێدین، بون بەئەندامی سەرکردایەتیی حزبە تازەکە. ئیتر لێرەوە گەشتە درێژخایەنەکە دەستی پێ کرد.

## بەشی دووەم

# خۆڕا پسکاندن و یاخیبون

پەیوەندی کردنی برایم ئەحمەد بەڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە، بۆ ساڵی ١٩٤٧ دوا کەوت. کاتێك ڕێکخراوەکەی خۆی هەڵوەشاندەوەو چووە ریزی پارتییەوە، کەس لەناو پارتی دیموکرات پێشبینیی نەدەکرد برایم ئەحمەد رابەری داهاتوی حزب بێ. چوونی بۆ ناو ریزی پارتی، پاش دودڵیو بەبێ هەرا بوو. هیچ چەشنە نارەزاییەکیشی بەرامبەر بەسەرکردایەتیی هەمزە عەبدوڵلا نیشان نەدا. بەڵام، بۆ لەمەولا، کاریگەرییەکی دیاری لەسەر پەرەسەندنی بیروباوەڕی پارتی دیموکراتو دیاریکردنی رەوتی سیاسەتی کورد دەبێ.

ئەم مافناسە کە لەدایکبوی ساڵی ١٩١٤ی سلێمانییە، پێش ئەوەی پەیوەندی بەڕیزەکانی پارتی دیموکراتەوە بکا، لەسلێمانی سەرپەرشتیی شانەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردی دەکرد کە لەکورتکردنەوەدا پێی دەوترێ کۆمەڵەی ژ. ك. ئەم کۆمەڵەیە لەساڵی ١٩٤٢ لەسەر دەستی رۆشنبیرێکی شاری مەهاباد بەناوی عەبدولڕەحمان زەبیحییەوە لەئێران دامەزراوە. زەبیحیو برایم ئەحمەد هەردوکیان دوو رۆشنبیری هەڵکەوتوی سەردەمی خۆیان بوون، هەردوکیشیان پەیان بەوە بردبوو کەپێویستە بۆ هێنانە دیی کوردستانێکی یەکگرتو تێ بکۆشن. برایم ئەحمەد لەژێر کاریگەریی ئەو تیۆرییەی زەبیحیدا بوو کەپێی وابوو کوردی عێراقو ئێران پێویستیان بەیەك حزبە. لەم سەروبەندەدا، کاتێك

زەبیحی کەوتە گەڕ بۆ سەرپەرشتی کردنی پرۆسەی ڕێکخستنی کوردی ئێران، ئەرکی ڕێکخستنی کوردی عێراقی بۆ برایم ئەحمەد بەجێ هێشت.

بەڵام پاش ئەوەی کەزەبیحی، قازی محەمەدی بەئەندام لەگروپەکەی وەرگرت، گلۆڵەی کەوتە لێژیو داماوو بەدبەخت دەرچوو. قازی محەمەد کەناودارترینو دەستڕۆیشتوترین کەس بوو لەمەهابادا، ئەوەندە لەخۆی رازیو دڵنیا بوو کەهەر چییەکی بویستایە، دەیهێنایە دی. قازی محەمەد لەکاتێکدا پەیوەندیی بەکۆمەڵەی ژێ کافەوە کرد کەهەستی کرد ئەم کۆمەڵەیە ئومێدی ئایندەی لەسەر هەڵدەچنرێو دەروازەیەکی والای بۆ پەرەسەندنو پەلهاوێشتن لەبەردەم دایە. خۆیشی کەسێکی هەڵسوڕاوو چوستو چالاك بوو، جگە لەوەی کەبڕێکی باشیش کاریزمای هەبوو. سەربار، کەسێکی بەسامو شەوکەتو خاوەنی پێگەیەکی ئاینیی بەرز بوو. زەبیحی خۆی لەبەردەم هەیبەتو تەوژمو تینو تاوی کەسایەتیی قازی رانەگرتو زۆری پێ نەچوو هەستی کرد پەیتا پەیتا هەموو دەسەڵاتەکانی خۆی لەناو حزب لەدەست دەداو قازی محەمەدیش، تا دێ، زیاتر دەست بەسەر هەموو جومگەکاندا دەگرێ. لەئاکامدا هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی، تەنیایەو کەس لەدەوروبەری نەماوە.

پاش ئەوەی قازی محەمەد ئەندامەکانی بەلای خۆیدا راکێشا، بەئاسانی زەبیحیی لاداو خۆی بووە رابەری کۆمەڵەی ژێ کاف. ئیتر زەبیحی هیچ دەسەڵاتێکی لەحزبەکەدا نەما. ساڵی ١٩٤٥ قازی محەمەد بەبیانوی نوێبونەوەو خۆگونجاندن لەگەڵ سەردەمەکەدا، بڕیاریدا کۆمەڵەی ژێ کاف هەڵوەشێنێتەوەو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

دابمەزرێنێ. ئـەم هـەنگاوەی وەك ئـەوە وایـە بیـەوێ خـۆی بەیـەکجارەکی لەکەلەپوری سیاسیی زەبیحی رزگار بکا.

برایم ئەحمەد هـیچ رۆڵێکـی لـەم پێشـهاتە دراماتیکییانـەدا نـەبوو. هەروەها لەوە ناچـێ پەیوەنـدیی بـەململانێی نهێنیـی نێـوان زەبیحـیو قازی محەمـەدەوە هەبووبێ. زەبیحی کەدەیزانی هیچی لەدەست نایـە، زۆر لەسەری نەڕۆییو کۆمەڵەی ژێ کافی بـۆ قـازی محەمـەد بـەجێ هێشـت. برایم ئەحمەدیش، پاش پـەراوێز خسـتنی زەبیحـی، هـەمان شـتی کـردو دانی بەسەرکردایەتیی قازی محەمەددا نا.

زەبیحـی لـەتێڕوانینی سیاسـیدا جیـاوازیی لەگـەڵ قـازی محەمـەددا هـــەبوو. ئـــەو لەمەســـەلەی بیرکردنـــەوە لەکوردســـتانێکی یـــەکگرتوو، کراوەترو گەرمو گوڕتر بوو. ئەمەش لەمەسەلەی پێکهێنانی یـەك حـزب بۆ کوردەکانی عیراقو ئێران رەنگدانـەوەی تـەواوی هەیـە. بـەپێی بـرایم ئەحمەد ، پاش دامەزراندنی لقی سلێمانیی کۆمەڵەی ژێ کـاف، زەبیحـی لەیەکەم نامەی بۆ کوردەکانی عێراق، هـانی داون پەیوەنـدی بـەکوردی تورکیاو سوریاوە بکەن. بەڵام قازی محەمەد وا بیری نەدەکردەوە. ئەو کـەم رادیکاڵترو واقیع بینتر بوو. حەزی لەبازدان بەسەر قۆناغەکاندا نەدەکرد. حەزی دەکرد هەنگاو بەهـەنگاو، بەشـێنەییو لەسـەرخۆ، لەگـەڵ رەوتـی روداوەکانـدا بـڕوا، جگـە لـەوەی کـە بـە بـەراورد لەگـەڵ زەبیحیـدا، هاوئاهەنگتر بوو لەگەڵ ئەنگێزە پان ئێرانیستەکانیدا. هـیچ شـتێکیش ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کەزۆر بەتەنگ ئەوەوە بووە کەبانگەشـە بـۆ تیـۆریی یەك حزب بۆ کوردی عێراقو ئێران بکات. بەڵام کەس نازانـێ چـی وای لـێ کـردووە لقـە عیراقییەکـەی کۆمەڵـەی ژێ کـاف هەڵنەوەشـێنێتەوە. بەهەر حاڵ، شانە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ژێ کـاف لەسـلێمانی ئەوەنـدە

پەلوپۆیان نەهاوێشتبوو کەهێزێکی کۆمەڵایەتیی دیار پێك بێنن و کاریگەرییان زۆرتر لەناو دەستەبژێری ڕۆشنبیری شارە گەورەکاندا دەردەکەوێ.

کاتێك قازی محەمەد کۆمەڵەی ژێ کافی کردە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، برایم ئەحمەد سەری لێ تێکچوو، نەیزانی چی بکا. دواتر لەسەر ئەوە گیرسایەوە کەدوو کەس لەدڵسۆزترین لایەنگرانی خۆی بۆ مەهاباد بنێرێ کەبریتین لەئیسماعیل شاوەیس و عوسمان دانش، بۆ زانینی ڕاو بۆچوونی سەرکردایەتیی حزب. لەوێ شاوەیس و دانش دەربارەی یەك خاڵی سەرەکی وتووێژیان لەگەڵ قازیدا کرد، ئەویش هەڵوەشاندەوە یان هێشتنەوەی لقەکەیە. ڕەنگە زیرەکیی قازی هانی دابێ بیر لەوە بکاتەوە کە لقەکە بۆ سەقامگیرکردنی دەسەڵاتی خۆی بەکار بێنێ و هەروەها، ئەگەر هەلومەرج ڕێی پێ بدا، بەڵکو بەهۆیەوە خۆی وەك ڕابەرێکی نەتەوەیی بناسێنێ. هەروەها دەشێ زەبیحی قازیی هاندا بێ لقەکە بهێڵێتەوە. دوای ئەوەی کەشاوەیس پاش دەوروبەری مانگێك لەمەهاباد گەڕایەوە، قسەیەکی وای نەکرد شتێکی وای لێ هەڵبکرێندرێ کەئەزموونی وتوێژی لەگەڵ قازیدا ئەزموونێکی سەخت و دژوار بووە. بەپێچەوانەوە، دڵخۆش و بەختەوەر دیار بوو. دانش وەك نوێنەری لق لەوێ مایەوەو بەشداریی لەڕێ و ڕەسمی ڕاگەیاندنی کۆماردا کرد.

یەکەم چاوپێکەوتنی نێوان برایم ئەحمەد و هەمزە عەبدوڵڵا، پاش گەڕانەوەی هەمزە لەئێران، هیچی لێ هەڵنەوەری. هەمزە داوای لێ کرد حزبەکەی هەڵبوەشێنێتەوەو بەشداری لەدامەزراندنی ئەو حزبەدا بکا کەدواتر بەپارتی دیموکراتی کورد ناسرا، بەڵام برایم ئەحمەد زۆر کەیفی بەپرۆژەکە نەدەهات.

هەمزە بێهودە هەوڵی لەگەڵ برایم ئەحمەددا دا. چل‌و نۆ ساڵ پاش ئەم چاوپێکەوتنە، برایم ئەحمەد لەچاوپێکەوتنێکی پێنج سەعاتیدا لە لەندەن لەگەڵ ڕۆژنامەنوس حسێن محەمەد عەزیزدا، باسی ئەوەی کرد کەئەو کەیفی بەپرۆگرامی پارتی دیموکرات نەهاتووەو پرۆگرامی کۆمەڵەی ژێ کافی بەپێشکەوتوتر زانیوە. بەڵام ئەم پاساوە خۆی لەبەردەم ئەو ڕاستییەدا ڕاناگرێ کەدواتر برایم ئەحمەد چۆتە ناو ڕیزی پارتی دیموکراتەوەو گوێی نەداوەتە کەموکوڕیی پرۆگرامەکەی. ئەوەی کەدەشێ قازی محەمەد داوای لێ کردبێ نەچێتە ناو پارتی دیموکراتەوە، بەدور نازانرێ، بەتایبەتی کەقازی پێی خۆش نەبووە کوردە پەنابەرە عێراقییەکان حزبێك پێك بێنن کەبیروباوەڕو تێڕوانینەکانی‌و تەنانەت ناوەکەشی لەحزبەکەی ئەوەوە وەرگیراون. هەروەها دەبێ پەراوێزێکیش بۆ ئەوە بهێڵدرێتەوە کەڕەنگە برایم ئەحمەد زۆر کەیفی بەهەمزە عەبدوڵڵا نەهاتبێ‌و زۆر تێبینیی لەسەر هەبووبێ. جگە لەوە، برایم ئەحمەد ئەو مەلا مستەفایەی نەدی بوو کەنیاز وابوو ببێ بەسەرۆکی پرۆتۆکۆلیی حزب‌و هەر ئەوەندەی لەبارەیەوە دەزانی کە کەسێکی ئازاو دلاوەرە لەشەڕدا. هەروەها دەشێ، لانی کەم لەڕوی سۆزدارییەوە، ئەوەندە قازی محەمەدی یەکەم سەرکۆماری کوردی بەلاوە گەورەو خۆشەویست‌و پیرۆز بووە کە بەئەستەمی زانیوە بتوانێ بەڕابەرێکی دیکەی بگۆڕێتەوە.

هەروەها دەتوانرێ پاساوێکی ئایدیۆلۆژی بۆ ڕازی نەبونی بەهەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەی بدۆزرێتەوە. هەر چۆنێك بۆ مەسەلەکە بچین، لەبەرەنجامی کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێ کەبرایم ئەحمەد بەهیچ شێوەیەك پێش ساڵی ١٩٥٠ شۆڕشگێڕێکی نمونەیی نەبوە. ژیانی سیاسیی پێش ئەو کاتە، دەرخەری هیچ مەیل‌و

ئارەزویەکی شۆڕشگێڕانە نیە. پەیوەندیی بەکۆمەڵەی ژێ کافەوە ئەو دەرفەتەمان بۆ دابین دەکا کەبڕێکی زۆر زانیاریمان دەربارەی بیروباوەڕی ئەو سەردەمەی و شێوەی بیرکردنەوەی ئەو قۆناغەیمان چنگ کەوێ.

کۆمەڵەی ژێ کاف زادەی هەوڵ و رەنجی چەند کوردێکی ئێرانە بەسەرۆکایەتیی رۆشنبیرێك کەناوی عەبدولڕەحمان زەبیحییە. بەڵام هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کەچەند رۆشنبیرێکی کوردی عێراق بەشدار بون لەدامەزراندنی ئەم رێکخراوەدا، کەدیارترینیان میرحاج ئەحمەدە، ئەفسەری سوپای عێراق و ئەندامی کارای حزبی راستەوی هیوا کەسەرکردەکەی رەفیق حیلمییە. بەشداربونی هەندێ ئەندامی حزبی هیوا لەدامەزراندنی کۆمەڵەدا، بەڵگەیەکی رۆشنە لەسەر کۆدەنگی و هاوڕایی. هەموو دامەزرێنەرانی کۆمەڵە لەچینی ناوەڕاستن و بەرەچەڵەك دەچنەوە سەر لادێ. هیچ کۆمۆنیستێکیان تێدا نیەو شتێکی وایان تێدا نابینرێ کەبەڵگەی چەپڕەوی بێ. بیروباوەڕی کۆمەڵە لەسەرەتای دامەزراندنییەوە تا هەڵوەشانەوەی لەسەر دەستی قازی محەمەد، بیروباوەڕێکی نەتەوەخوازی راستڕەوانە بووەو بەدرێژایی ماوەی هەڵسوڕانی، وەك رێکخراوێکی ریفۆرمیستی نەریتپارێز خۆی نواندووە. هەڵسوڕانی سنورداری ئەم رێکخراوەو داخرانی، نیشانی دەدا کەرێکخراوەکە زۆرتر رێکخراوی دەستەبژێرەکان بووەو ئەوەندەی لەکۆمەڵەیەکی نهێنی دەچوو، ئەوەندە لەحزبێکی سیاسی نەدەچوو.

بیرو بۆچونەکانی رەفیق حیلمی کە ئامانجیان رازی کردنی بریتانیاو هاندانی بووە بۆ بەپیرەوەچونی داخوازییەکانی کورد، دەنگدانەوەیەکی زۆریان لەناو ریزی کۆمەڵەی ژێ کافدا هەبوو. لەساڵی ١٩٤٣ بەدواوە، دەبینین گۆڤاری((نیشتمان))ی ئۆرگانی ریفۆرمیستەکانی ژێ

کاف بانگەشەیەکی زۆر بۆ ئەو بیرو بۆچونانە دەکا. وتارەکانی"نیشتمان" گوزارشت لەهیچ مەیلێك بەلای کۆمۆنیزمدا ناکەن، بەڵکو بەشێوەیەکی قیزەون مەرایی بۆ بریتانیا دەکەنو وەك دۆستی کوردو هەڵگری ئاڵای ئازادیی گەلان ناوی دەبەن. هانا بردن بۆ ئەم چەشنە شێوازەی پێداهەڵگوتن رەنگدانەوەی خوێندنەوەیەکی کرچو کاڵە بۆ مێژوو و جگە لەتەنگبینیو گەمژەیی، گوزارشت لەهیچ شتێك ناکا. کرچو کاڵیی بیروباوەڕی ژێ کاف لەناوەڕۆکدا گوزارشتە لەرەتکردنەوەی رۆڵی ویست لەکردارو بەرەنجامدا. لێرەدا ئاواتی ویستراو نەك بەسەپاندنی ویست، بەڵکو بەدروست کردنی خەیاڵ دێتە دی. رەنگە رەچەڵەکی دێهاتییانەی دامەزرێنەرانی ژێ کاف نەخشێکی گەورەی لەم بوارەدا وازی کردبێ. ئەمەش بەرۆشنترین شێوە لەدەقی نامەیەکی کۆمیدیی زەبیحیدا بۆ مەلا مستەفا دەردەکەوێ. پێدەچێ نامەکە لەساڵی ١٩٤٣دا نوسرابێ بەڵام هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەمەلا مستەفا خۆی بەوەڵامدانەوەی ماندو کردووە. لەنامەکەدا زەبیحی پرسیاری ئامانجەکانی یاخیبونەکە لەمەلا مستەفا دەکا. دەقی نامەکە کەبۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٨٧دا لەگەڵ چەردەیەك دیکۆمێنتی تردا بڵاو کرایەوە، بۆچونی فرە کرچو کاڵ دەردەبڕێ. لەنامەکەدا زەبیحی پێشنیار بۆ مەلا مستەفا دەکا کەهەموو هەوڵو تەقەللای خۆی بخاتە گەڕ بۆ دروست کردنی لەشکرێکی پانو پۆڕ لەکوردی هەموو جیهانو سەرنجی بەلای ئەوەدا رادەکێشێ کەپێویستە بانگەشە بۆ رزگارکردنی هەموو کوردستان بکاو کۆمەكو پشتیوانی لەروسیا وەرگرێ. لەم نامەیەدا وا دێتە بەرچاو کەزەبیحی مەراقێتی بزانێ هەڵوێستی بریتانیا بەرامبەر بەیاخیبونەکە چیە.

بێگومان هیچ چەپێکی شۆڕشگێر یان کۆمۆنیست ناتوانێ ببێ بەئەندامی ڕێکخراوێکی ریفۆرمیستی راستڕەوی پارێزگارو نەریتپارێزی بەو ئەندازە کرچو کاڵی وەك کۆمەڵەی ژێ کاف. ئەمە بەم مانایە دێ کەڕەنگە برایم ئەحمەد بۆ ماوەیەك ئەندامی حزبی هیوا بووبێ، یاخود لانی کەم خۆی بەدۆستی زانی بێ. لەهەمان کاتدا بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی کەتێیدا برایم ئەحمەد لەسلێمانی سەرپەرشتیاری ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژێ کاف بووە، هیچ شتێك ئەوە نیشان نادا کەلاریی لەهەندێ لەبیرو بۆچونەکانی ناو پرۆگرامە راستڕەوە ریفۆرمیستییەکەی هەبووبێ.

لەماوەی سالآنی نێوان ۱۹٤۲-۱۹٤۷دا برایم ئەحمەد وەك رۆشنبیرێکی ریفۆرمیستی ئێجگار نەریتپارێزو دژی توندڕەوی‌و بیروباوەڕی شۆڕشگێڕانە دەردەکەوێ.

برایم ئەحمەد بەڕێژە درەنگ باوەڕی بەمارکسیزم هێناوە. ڕەنگە ئەمەش یەکێ لەو هۆیە سەرەکییانە بوو بێ کەوایان لێ کردووە خۆی لەهەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەی بدزێتەوەو نەیەوێ بچێتە پاڵ حزبێکی چەپەوە کە بەزۆری، کۆمۆنیستەکان رابەرایەتیی دەکەن. تا ئەو کاتە نە باوەڕی بەمارکسیزم بووە نە مارکسیزمی بەئامرازی بەدی هێنانی ئامانجە سیاسییەکان زانیوە. رەنگە لەسەرەتادا وا تێگەیشتبێ حزبە پێشنیارکراوەکە لەبنەڕەتدا وەك ڕێکخراوێکی کۆمۆنیست رێك دەخرێ. لەم نێوانەدا وەستایانە خۆی دزییەوەو دەرفەتێکی وای پێك نەهێنا کە بەئاسانی تەفرە بدرێ. رازیبونی بەسەرکردایەتیی قازی محەمەد، زۆرتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەئەو حزبەی قازی محەمەد دروستی

کردبوو، لەگەوهەردا وەك ڕێکخراوێکی نەتەوەخوازی ریفۆرمیست، درێژەپێدەرو هەڵگری پەیامی کۆمەڵەی ژێ کاف بوو.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دواتر چووە سەر ئەو باوەڕەی کە گونجاوترە پەیوەندی بەپارتی دیموکراتەوە بکا. ساڵی ١٩٤٧، کاتێك پەیوەندیی بەپارتییەوە کرد، رەوشەکە گۆڕانی تەواوی بەسەردا هاتبوو. سوپای ئێران کۆتایی بەهەردوو کۆمارەکەی ئازەربایجان‌و کوردستان هێنابوو. قازی محەمەدیش لەسێدارە درابوو. لەولاشەوە، مەلا مستەفا بەچەند سەد کەسێکەوە پەنای بردبووە بەر یەکێتیی سۆڤێت. لەو کاتەدا ئینگلیزو عێراقییەکان زۆر خراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردی عێراقدا دەکرد. بزوتنەوەی نەتەوایەتی گورزێکی گورچکبڕو کاریگەری تێسرەوێنرا بوو. لەو هەلومەرجەدا برایم ئەحمەد دەیبینی ڕێکخراوەکەی، دوا بەدوای لەبەریەك هەڵوەشانەوەی حزبی دایك، لەبەریەك دەترازێ‌و هەڵدەوەرێ. لەو سەردەمەدا تەنها دوو حزبی لەبەردەمدا بوو: حزبە ئینتەرناسیونالیستە کۆمۆنیستەکەی عیراق بەسەرکردایەتیی فەهدو حزبە ناسیۆنالیستە دیموکراتەکەی کورد بەسەرکردایەتیی هەمزە عەبدوڵڵا. لەم بێنەو بەردەیەدا، خۆی یەکلا کردەوەو دووەمی هەڵبژارد.

ئەگەر خۆمان بە بەراوردکردنی کەسایەتیی هەمزە عەبدوڵڵاو برایم ئەحمەدەوە سەرقاڵ بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەهەمزە عەبدوڵڵا لەڕێکخستنی شانە نهێنییەکاندا هەڵسوڕاوو لێزان بووە، بەڵام کاریزمای برایم ئەحمەدی نەبووە، سەرڕاست‌و سەنگین بەڵام ساردوسڕو وشك‌و برینگ، زۆرتر خۆی بەمەسەلە ئایدیۆلۆژییەکانەوە خەریك دەکرد، ئەوەندە لەخۆی دڵنیا بوو گوێی لەکەس نەدەگرت‌و

بەپێودانگی رابەرانی حزبە کۆمۆنیستەکان کاروباری پارتیی هەڵدەسوڕاند. بەم پێیە، توانیبوی هەموو جومگەکانی حزب کۆنترۆڵ بکا. لەبەرامبەردا، ناوبانگێکی گەورەی لەفایلەکانی پۆلیسو لەشەقامدا بۆ پارتی وەك حزبێکی نهێنیی خۆڕاگر دروست کردبوو. سالآنێکی دوورودرێژیش توانی خۆی لەچاودێریی پۆلیس رزگار بکاو ژیانێکی سەختی رێکخراوەیی، لەپەناگەیەکەوە بۆ پەناگەیەکی تر، بەسەر ببا.

بەلآم هەمزە روبەڕوی گرفتو گێچەڵی دژوار بۆوە. وا دەهاتە بەر چاو کەڕەوشەکە ئەوەندە سەختو دژوارە، زەحمەتە لێی راببینرێ بتوانێ بەردەوام بێو سەرکەوتن بەدەست بێنێ. لەو هەلومەرجەدا وای لێ هاتبوو کەدەبوایە لەیەك کاتدا روبەڕوی چەند بەرەیەك ببێتەوە. جارێ حزبەکەی توشی رکابەریو ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی ببوو لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی عێراقدا کەپێیان وابوو بونی حزبێکی نەتەوەخوازی کوردی شتێکی زیادەیەو ژیانی سیاسی پێویستی بەهیچ حزبێکی لەو جۆرە نیە. لەم سەروبەندەشدا پۆلیسی عێراق هەموو توانای خۆی بۆ دانانی سنورێك بۆ هەڵسوڕانی پارتی خستبوە گەڕ. لەناوخۆی پارتیشدا بەرەیەکی دژ پەیدا ببوو کەهەمزەی ناچار کردبوو خۆی بەوەلآمدانەوەو پوچەڵ کردنەوەی رەخنەکانییەوە خەریك بکا.

پاش جەنگی ساڵی ١٩٤٨ی فەلەستین، پۆلیس تەنگی بەهەڵسوڕانی پارتی هەڵچنیو دەرفەتێکی ئەوتۆی بۆ نواندنی چالاکی بۆ نەهێشتەوە. هەڵسوڕانی پارتی، دوای ئەوەی کەدەیان ئەندامی لێ دەستگیر کرا، لەوانە دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی کەبریتین لەرەشید عەبدولقادرو عەونی یوسف، دای لەکزی. هەندێ لەئەندامانی کۆمیتەی

ناوەندی، لەوانە ساڵح یوسفیو رەشید باجەلان، لەترسی پۆلیس خۆیان دورەپەرێز راگرتو لەهەمزە دور کەوتنەوە. سەربار، هەر لەم ماوەیەدا پەیوەندیی هەمزە لەگەڵ جێگری یەکەمی سەرۆك، شێخ لەتیف شێخ مەحمود، گرژییەکی زۆری بەخۆوە بینی بەرادەیەك کەشێخ لەتیف لەحزب دور کەوتەوەو پەیوەندیی پێوە نەما. ساڵی دواتر، پۆلیس برایم ئەحمەدی دەستگیر کرد کە لەو کاتەدا سەرپەرشتیی شانە نهێنییەکانی سلێمانیی دەکرد. پۆلیسی عێراق زۆر لەبرایم ئەحمەد بەگومان کەوتبوو، بەنیگەرانییەکی زۆرەوە دەیروانییە هەڵسورانو چالاکییەکانی. راپۆرتەکانی پۆلیس زۆرتر جەختیان دەکردە سەر پەیوەندیی بەقازی محەمەدو حزبو کۆمارەکەیەوە.

یەکێ لەراپۆرتەکان ئەوەی لەسەر کردبوو بەماڵ کەچوار ساڵ لەمەوبەر کوردی عێراقی هانداوە پشتگیریی قازی محەمەد بکەن. پۆلیس لەم بوارەدا پێویستی بەبەڵگە بوو. کەنەشیبوو، نەیتوانی شتێکی ئەوتۆی لەسەر ساغ بکاتەوە. بەڵام ئەندامێکی پارتی کۆمۆنیستی عیراق زمانی لێداو بەپۆلیسی راگەیاند کەبرایم ئەحمەد ئەندامی پارتی کۆمۆنیستەو ئەو پارەیەی بەکورێکی سەید تەها شەمزینیی زەویداری نیشتمانپەروەر گیراوە، وا دانرابوو رادەستی برایم ئەحمەد بکرێ تا پشێویی لەدژی حکومەتی عێراق پێ دروست بکاو کوردستانی عێراق بەکۆماری مەهابادەوە بلکێنێ. بۆیە، کاتێك دادگا سزای زیندانی کردنی دوو ساڵی بۆ دەرکرد، وەك ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق زیندانی کرا نەك وەك ئەندامی پارتی دیموکرات.

لەم سەروبەندەدا رەوشی حزب بەرەو خراپی رۆیی. هەمزە لەپێشکەش کردنی چارەسەر بەختی یار نەبوو، بۆیە شانە نهێنییەکانی

بەغداو سلێمانیو موسڵو هەولێر پەکیان کەوتو لەئەندامە کاراکـانی مەکتەبی سیاسی، تەنها سێ ئەندام لەگەڵ هەمزە مانەوە.

ساڵی ١٩٥٥ تاڵەبانی لەیەکەم نامەی بۆ مەلا مستەفا، دان بـەوەدا دەنـێ کەهـەمزە لـەو کاتـەدا ((بـەکردەوە، بەتـەنها مەکتـەبی سیاسـیی بەڕێوە بردوە)). حزب گلۆڵەی کەوتە لێژیو هـەمزە هیچـی پـێ نـەکرا. کـار گەیشـتە ئـەو رادەیـەی خـەریك بـوو حـزب پـەکی بکـەوێو هـیچ هەڵســوڕانێکی نــەمێنێ. بــەبڕوای تاڵــەبانی، هــەمزە بــەهۆی کەمتەرخەمییــەوە ئــەو هەلــەی لەدەســت پــارتی داوە کــەجێ بــەپارتی کۆمۆنیست لێژ بکاو دەستکەوتێکی زۆر بەدەسـت بێنـێ، چـونکە لـەو کاتەدا بۆشاییەك لەسۆنگەی هەڵەو کەموکورتیی پـارتی کۆمۆنیسـتەوە لەکوردستان پەیـدا ببـوو کـەدەکرا پـارتی بـەقازانجی خـۆی بیقۆزێتـەوە. ئەگەر لەوە گەڕێین ئەو رایە چەندی راستەو چەندی راست نیە، دەبێ باس لــەوە بکــەین کەنــەیارانی هــەمزە ئــەم رەوشــەیان بــۆ شــکاندنو شەرمەزارکردنی قۆستۆتەوە. دیارە پوکانـەوەی هەڵسـوڕانی حـزب بۆتـە هـۆی تاوسـەندنی نـاڕەزایی لـەدژی هـەمزە. بـرایم ئەحمـەد لەزیندانـدا زانیارییـەکی زۆری دەربـارەی خراپیـی رەوشـی حـزبو کەمتەرخـەمیی سکرتێرەکەی پێ گەیشت.

ساڵی ١٩٤٩ هەمزە لەسلێمانی لەلایـەن پۆلیسـەوە دەسـتگیر کـراو دواتر رەوانەی بەغدا کرا. لەم سۆنگەیەوە حزب بەبێ ناوەند مایەوەو ئەو ســەرکردە دیارانــەی کــەمابوون ویســتیان ســەرکردایەتییەکی تــازە بەسەرۆکایەتیی عەلی عەبدوڵڵا پێك بێنن. نـەیارانی هـەمزە پێشـنیاری بەستنی کۆنگرەیان کرد. بەڵام دواتر لەسەر ئەوە رێك کەوتن کـە لـەبری بەســتنی کۆنگرەیــەکی گشــتی، کــۆنفرەنس ببەســترێ. کۆنفرەنســەکە

کۆمیتەیەکی ناوەندیی لێ کەوتەوە کەئەندامەکانی لەگەڵ یەکتریدا کۆك‌و تەبا نەبون. پاشتر، هەندێکیان وازیان لەپارتی هێناو هەندێکیشیان کەوتنە دژایەتی کردنی.

کاتێك هەمزە ئازاد کرا، رەگەزنامەی لێ سەندرابۆوە. بۆیە لەو ماوەیەدا هەر سەرقاڵی ئەوە بوو کەپەیوەندیی بەهەندێ کەسەوە بکا کرد بۆ ئەوەی رەگەزنامەکەی بۆ وەرگرنەوە. کۆمیتە ناوەندییە تازەکە پێشبینیی ئەوەی کردبوو هەمزە بەرویدا بتەقێتەوە چونکە ئەندامەکانی بەبێ ئەوەی راوێژ بەهەمزە بکەن، کۆنفرەنسیان بەستبوو. پاشان دوبەرەکیی نێوان هەمزەو کۆمیتەی ناوەندی پەرەی سەند. هەمزە بۆ شەرمەزار کردنی کۆمیتەی ناوەندی‌و وەك نارەزایی دەربرین لەو کارەی کە بەسوکایەتی کردنی دانابوو، دەستلەکارکێشانەوەی خۆی پێشکەش کرد. کۆمیتەی ناوەندیش دەم‌و دەست پەسندی کرد.

تەنگژەکە بەدەستلەکارکێشانەوەی هەمزە دوایی نەهات، بەڵکو ئاڵۆزتر بوو، چونکە خودی کۆمیتە ناوەندییەکە، بەقەد ئەوەی کەپێویستە، جێی متمانەو رەزامەندیی ئەندامان نەبوو. بڵاوبونەوەی هەواڵی دەستلەکارکێشانەوەی هەمزە، لایەنگرانی هەمزەی لەسلێمانی وروژاند. کۆمیتەی ناوەندی هیچ کارامەییەکی لەو هەلومەرجەدا نیشان نەداو لەگەڵ تەشەنە سەندنی تەوژمی نارەزایی‌و سەرکۆنەکردنی کۆمیتەی ناوەندیدا، تای تەرازووەکە بەلای هەمزەدا دایشکاند. کۆمیتەی ناوەندی هەر ئەوەندەی بەخۆ زانی کەناچارە دەستلەکارکێشانەوەکەی هەمزە رەت بکاتەوە.

گەرانەوەی هەمزە بەسەرفرازی، پێگەی سەقامگیر کرد، بەڵام نەك بەو ئەندازەیەی کەنارەزایی لەدژی نەهێڵێ. حزب بووە خاوەنی

مەکتەبێکی سیاسیی نوێ کە لەهەمزەو دوو بەرهەڵستکاری، واتە عەلی عەبدوڵلاو عەونی یوسف، پێك هێنرابوو. هەمزە، وەکو جاران، پۆستی سکرتێری بۆ خۆی هێشتەوە.

ئەمە هەموی لەکاتێکدا رویدا کەبرایم ئەحمەد لەزینداندا بوو. لەو کاتەدا بیرۆکەی لابردنی هەمزە لەسەرکردایەتی، لەمێشکی برایم ئەحمەددا بروسکەی دا. رەنگە وروژاندنی ئەم پرۆژەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەستی ئۆپۆزیسیۆنی تێدا بووبێ. ئەو زانیارییانەی بەبرایم ئەحمەد گەیشتبون کەزۆربەی لەئۆپۆزیسیۆنەوە پێی گەیشتبوو، بردبویانە سەر ئەو باوەڕەی کەهەمزە بۆ پۆستی سکرتێر دەستنادا.

لە١١ی ئازاری سالّی ١٩٥١ برایم ئەحمەد لەزیندان هاتە دەرێو پێوەی دیار بوو کەزۆر بەپەلەیە بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ گیروگرفتەکانی حزب. ئۆپۆزیسیۆن هانیدا جڵەوی سەرکردایەتیی حزب بگرێتە دەست. پێدەچێ لەم روەوە رێککەوتنێکی پێشوەخت هەبووبێ چونکە تەنها دوو رۆژ پاش دەرچونی لەزیندان، لەبەغدا کۆبونەوەی بەژمارەیەك کادیر کردو بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد کەئۆپۆزیسیۆن زۆر بەگوێیاندا دەدایەوە کەگوایە "حزب لەفەوتاندایە". بەپشت بەستن بەم تیۆرییە، رەوایی بەکۆبونەوەکە دا، کۆمیتەیەکی ناوەندیی تازەی پێکهێناو پۆستی سکرتێری بە بەتاڵی هێشتەوە بەلاّم بەشداربووانی کۆبونەوەکە رایانسپارد سەرۆکایەتیی کۆمیتەکە بکا بەبێ ئەوەی ناوی سکرتێر لەخۆی بنێ. کۆبونەوەکە ئەو مافەی بەکۆمیتەی ناوەندی بەخشی کە لەهەڵسوکەوتو کەموکوڕییەکانی سکرتێرو کۆمیتەی ناوەندیی پێشوو بکۆڵێتەوە. هەر لەم سەروبەندەشدا برایم ئەحمەد پێی

بـــاش بـــوو پرۆگرامـــی سیاســـیی پێشـــوی حـــزب هەڵبوەشـــێنرێتەوەو پرۆگرامێکی تازە دابندرێ. سەربار، کۆبونەوەکە گوزارشتی لەوەش کرد کەبەنیازە تەنانەت ناوی حزبیش بگـۆڕێو تـا ئـەو کاتـەی کۆنگرەیـەکی گشـتی دەبەسـترێ، هـەمزە لـەکار بخـرێو هـەموو دەسـەڵاتێکی لـێ دابماڵدرێ.

بڕیارەکـــان پـــەراوێزێکی تەنانـــەت بچوکیشـــیان بـــۆ گفتوگـــۆ نەهێشتبۆوە. کاتێك هەمزە بە بەستنی کۆبونەوەکەو بڕیارەکـانی زانـی، مەسەلەکەی وەك ئەوە هاتە بەرچاو کەپلانی کودەتایەك لـەدژی چـنراوە. هەڵسوکەوتی برایم ئەحمەد لەگەڵ هـەمزە، هـەمان هەڵسـوکەوتی قـازی محەمـەد بـوو لەگـەڵ زەبیحیـدا. دوبـارە بونـەوەی ئـەم سـیناریۆیە لـەدوو شوێنو لەدوو کاتی جیـاوازدا، بـەو مانایـە نیـە کەسـیناریۆکە لەهـەمو وردەکارییەکاندا هاوجوتـە. لەسـیناریۆی قـازی- زەبیحیـدا زۆرانبـازیی ویسـتە دژەکـان لـەڕێبازی ئاشـتییانە لاینـەدا، هـیچ هەرایـەکی لـێ نەکەوتەوەو تەنانـەت شـێوەی روبەڕوبونەوەشـی وەرنـەگرت. لەسـیناریۆی بـرایم ئەحمـەد- هـەمزەدا زۆرانبـازیی ویسـتە دژەکـان هـەر لەسـەرەتاوە شێوەی روبەڕوبونەوەی وەرگرت. زبریو ڕەقیی هـەمزە کەتـەواو جیـاواز بوو لەنەرمیی زەبیحی، لێنەگەڕا برایم ئەحمەد چێژ لەسـەرکەوتنەکەی وەرگرێ. هـەمزە کـە لـەڕوی پێـوەرە پـەیڕەوکراوەکانی حزبایەتییـەوە لەپێگەیەکی بەهێزدا بوو، هەرایەکی زۆری نایەوەو رایگەیاند کەجگە لەکۆنگرە، هێز نیە بیخاتە پەراوێزەوە. یاخیبونەکە کاریگەریی خراپـی لەسـەر ناوبـانگی هـەمزە وەك دامەزرێنـەری راسـتەقینەی حـزبو هەڵبژێردراوی کۆنگرە بەجێ هێشت. ئـەم ناوبانگـە کەگوزارشـتێکی

نمونەیی بوو لەپێگەی‌و دەسەڵاتی لەناو حزب، پاڵی پێوە نـا بەهــەموو هێزو تواناوە بەرپەرچی یاخیبووەکان بداتەوە.

ململانێکە کلّپەی سەند. هەمزە وا بۆ مەسەلەکە دەچـوو کەئــەو، وەك سکرتێری هەڵبژێردراوو دامەزرێنەری راستەقینەی حـزب، پشــت ئەســتورە بــەدوو شــەرعیەت. شــەرعیەتی یەکــەمی ئەوەیــە کــە لەدامەزرێنــەرانی حزبــەو رەنجێکــی زۆری بــۆ ســەقامگیرکردن‌و بەهێزکردنی داوەو شەرعیەتی دووەمی ئەوەیـە کەئـەو لـەجێی مـەلا مستەفای سەرۆکی حزبدایەو لەم بوارەدا ئەوەی کرد بە بەڵگە کە مەلا مستەفا ئەگەر بیەوێ‌و کۆنگرەی داهاتوو، دەســەڵاتی ئــەوەیان هەیــە کەلاییبەرن، بەڵام ئەوانی تر ئەو دەسەڵاتەیان نیە. تۆکمەیی هەڵوێستی لەم بوارەدا پشت ئەستور نەبوو بەرەوانبێژی‌و قسەزانی، بــەڵکو پشــت ئەستور بوو بەقۆستنەوەی پرنسیپی شەرعیەت بەشێوەیەکی نمونــەیی. بۆیە بەڵگەکانی ئــەو، لەبەڵگــەکانی بــرایم ئەحمــەد بــەهێزتر بــوون. ئاشکراشە کەبرایم ئەحمەد بەپێی پەیڕەوی نــاوخۆی حــزب، دەســەڵاتی لابردنی هەمزەو کۆمیتەی ناوەندیی نەبوو.

لەچاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ رۆژنامەنوس حسێن محەمــەد عــەزیز، بــرایم ئەحمــەد دان بــەوەدا دەنــێ کــەخۆی‌و هاوڕێکــانی "لادانێکــی یاسابیان" ئەنجام داوە، چونکە بەبێ گەڕانەوە بۆ کۆمیتــەی ناوەنــدی‌و بەبێ بەستنی کۆنگرەی گشتی، ناوی حزبیــان گــۆڕی بــوو. "گــۆڕینی ناوەکە(ناوی پارتی) بەدەست ئێمە نەبوو" چونکە تا ئــەو کاتــە بــرایم ئەحمەد هیچ شەرعیەتێکی نەبوو. برایم ئەحمەد لەم رەفتارەیـدا شــوێن پێی شۆڕشگێڕە رادیکاڵەکان هەڵدەگرێ کــە بــەبیانوی پێداویســتییە شۆڕشگێڕییەکان‌و شەرعیەتی شۆڕشگێڕانە گوێ نادەنە یاساو نەریتــە

پەیڕەوکراوەکان‌و هەموو شتێك بەدڵخوازی خۆیان دەکەن. برایم ئەحمەد لەو کاتەدا لەژێر هەژمونی فیزی شۆڕشگێڕانەدا بوو کەفیزێکە پاساو بۆ تەواوی هەڵسوکەوت‌و رەفتاری نەشیاو بەبیانوی شەرعیەتی شۆڕشگێرانەو چاکسازی دەهێنێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە کودەتا شۆڕشگێڕە بەپەلەکە بێڕێزییەکی زۆری بەرامبەر بەیاساکانی حزب تێدا کرابوو، بەڵام بێ سودیش نەبوو، چونکە لەم نێوانەدا ناوی حزب لەپارتی دیموکراتی کوردەوە کرا بەپارتی دیموکراتی کوردستان. جیاوازیی نێوان ناوەڕۆکی فیکریی هەردوو ناو جیاوازییەکی زۆرە. ئەگەر چاوپۆشی لەشێوازی پەیڕەوکراوی گۆڕینی ناوەکە بکەین، برایم ئەحمەد شایانی پێدا هەڵگوتنە چونکە بەگۆڕینی ناوی حزب، با بەشێوەکی نایاساییش بێ، بیری سیاسیی کوردی هەنگاوێك بۆ پێشەوە بردو وەرچەرخانێکی گەورەی لەچەمکی گەلەوە بۆ چەمکی"نیشتمانی نەتەوەیی" دروست کرد. برایم ئەحمەد ویستی حزبەکەی سەرتاپاگیرتر بێ‌و دەرفەت، نەك هەر بۆ کورد، بەڵکو بۆ ئەندامەتیی کەمینەکانی تورکمان‌و ئاشوریش بڕەخسێنرێ. نەسەلماندنی مافی ئەندامەتی لەحزب بۆ غەیرە کورد، هەڵەیەك بوو کەهەم بەسەر هەمزە عەبدوڵلادا تێپەڕی بوو هەم بەسەر ئەو کۆمۆنیستانەدا کەدەستیان لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا هەبوو. بەڵام لەباری سەرنجی مێژوییەوە هەنگاوەکە لەڕاستکردنەوەی هەڵە واوەتر رۆییوەو لەبەرەنجامی کۆتاییدا لێکەوتەیەکی وای بەدەست هێناوە کەبۆتە مایەی سەقامگیرکردنی پەیوەندیی نێوان چەمکی "گەل" و چەمکی"نیشتمان".

لەسۆنگەی هەڵوێستی توندی هەردوو رابەر بەرامبەر بەیەکتری، رەوشەکە بەو ئاکامە گەیشت کە وای لێ هات پارتی دیموکرات وەك دوو حزبی جیاواز، بەدوو ناوی جیاوازو دوو بەرنامەی جیاوازو دوو سەرکردایەتیی جیاواز، چالاکی بنوێنێ: حزبێك بەناوی پارتی دیموکراتی کورد بەڕابەرایەتیی هەمزە عەبدوڵڵاو ئەوی تر بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان بەڕابەرایەتیی برایم ئەحمەد. بەکردەوە، بەدەگمەن جیاوازیی ئایدیۆلۆژی لەنێوان هەردوو باڵدا دەبینین، چونکە نە لەتێڕوانینی سیاسیدا جیاوازییان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو نە لەرادیکالیزمدا. بەڵام هەمزە دوراییەکی ئایدیۆلۆژیی بەو دوبەرەکییە بەخشیو خۆی بەنوێنەری بازوی چەپ داناو لاکەی تری بەنوێنەری بازوی راستڕەو ژماردو لەباڵەکەی تر زیاتر خۆی لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بەنزیکتر دەزانی. هەردوو باڵ تەنانەت لەسەر سەرۆکایەتیی مەلا مستەفاش جیاوازییان نەبوو، چونکە هەردوکیان مەلا مستەفایان بەسەرۆکی حزب دادەنا بەڵام لەم روەوە جیاوازییەکی بچوکیان لەگەڵ یەکتریدا هەبوو، ئەویش ئەوەیە کەبرایم ئەحمەد بەگومان بوو لەرازیبونی مەلا مستەفا بەگۆڕانکارییەکانی. لەم سەروبەندەدا بەڕۆژنامەنوس حسێن محەمەد عەزیزی وتوە((کێ دەڵێ دوای ئەوەی ناوی پارتیمان گۆڕیو سیستمێکی نوێمان بۆ دانا، دوای ئەوەی شتێکمان بۆ کرد، بووە بەپارتێکی بەهێز، تا بتوانێ بەربەرەکانێی پارتی کۆمۆنیست بکا، مەلا مستەفا بەم هەموو گۆڕانکاریو بەم پارتەی ئێستا رازییە؟)).

# بەشی سێیەم

## برایم ئەحمەدو

## کاریگەریی لەسەر بیری سیاسیی کورد

مێژوی دەرکەوتنی برایم ئەحمەد وەك جەمسەرێکی سیاسی لەناو پارتی دیموکراتی کورددا بۆ ساڵی ١٩٥١ دەگەڕێتەوە، کاتێك دانی بەسەرکردایەتیی هەمزە عەبدوڵڵادا نەناو بەبێ راوێژکردن بەناوەند کۆمیتەیەکی ناوەندیی تازەی پێکهێناو ناوو بەرنامەی پارتیی گۆڕی. دوا بەدوای ئەمە بەدوو ساڵ، کاتێك کۆنگرەی سێی بردە سەر ئەو باوەڕەی کەپێویستە هەمزە لەحزب دور بخرێتەوە، پێگەی خۆی تۆکمەتر کرد. لەساڵی ١٩٥٣ بەدواوە، تا ساڵی ١٩٥٨، پارتی بەتەواوی لەژێر کۆنترۆڵی برایم ئەحمەددا بوو.

سیاسەتی برایم ئەحمەد تێکەڵەیە لەتوندیو نەرمی. لەسەر دەستی برایم ئەحمەد، پارتی دیموکرات لەڕوی تیۆرییەوە بەرگی ناسیونالیزمی لەخۆی داماڵیو لەساڵی ١٩٥٣دا بوو بەحزبێکی مارکسیست. لەنامەی دووەمی بۆ مەلا مستەفا لەساڵی ١٩٥٧دا، تاڵەبانی بەو جۆرە گوزارشت لەم گۆڕانە دەکا کەپارتی بوو بەو حزبەی کە" لەڕوخساردا دیموکراتەو لەگەوهەردا مارکسیست- لینینیستە". ئەگەرچی پارتی بەلای مارکسیزمدا دایشکاند، بەلاّم لەم بارەیەوە شوێن پێی پارتی کۆمۆنیستی عێراقی هەڵنەگرتو نەبوو بەحزبێکی ستالینیست. برایم ئەحمەد سۆسیالیزمی کردە سەر ئامانجی ستراتیجیی پارتیو لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عێراقدا لەسەر ئەوە

هاوڕا بوو کەململانێی نێوان کۆمۆنیزمو سەرمایەداری ململانێیەکی جیهانییەو خۆی لەکێشمەکێشی نێوان بلۆکی کۆمۆنیستو ڕۆژئاوای سەرمایەداردا دەبینێتەوە. لەم ململانێیەدا، برایم ئەحمەد پشتگیری کۆمۆنیزمی کرد. بەڵام ئەگەر سیاسەتەکەی لەگەڵ سیاسەتی سۆڤێتچێتیی پارتی کۆمۆنیستی عێراق بەراورد بکرێ، دەردەکەوێ کەسیاسەتەکەی ئەو تەواو جیاوازە لەسیاسەتی پارتی کۆمۆنیستی عێراق کەپێی وابوو کلکایەتی بۆ مۆسکۆو خۆبەستنەوە بەسیاسەتی کۆمۆنیزمی جیهانییەوە شتێکی پێویستو مشتومڕ هەڵنەگرە. داشکاندنی برایم ئەحمەد بەلای مۆسکۆدا زۆرترینی زادەی ئایدیۆلۆژیای هاوبەش بوو بەڵام کلکایەتیی لێ نەکەوتەوە.

برایم ئەحمەد دامەزرێنەری خوێندنگەیەکی فەلسەفییە، بنەماکەی باوەڕهێنانە بەڕاستو دروستیی ستراتیجی مۆسکۆو تێڕوانینە سیاسیو ئایدیۆلۆژییەکانی دەربارەی ململانێی جیهانی. بەڵام خاڵی لاوازی ئەم خوێندنگەیە، نارۆشنیی هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤێتە لەمەسەلەی کورد. بۆ دەربازبون لەم دۆخە، ئەم خوێندنگەیە ئومێدی لەسەر ئایندەیەکی گەش هەڵچنیو پاساوێکی گەشبینانەی بۆ پشتیوانی نەکردنی یەکێتیی سۆڤێت لەمەسەلەی کورد هێنایەوە، بەوەی کەمۆسکۆ لەم هەلومەرجەی ئێستادا دودڵە لەپشتگیری کردنی مەسەلەی کورد چونکە سیاسەتی نێودەوڵەتانو پێداویستییەکانی ئەم سیاسەتە دەرفەتێکی وای بۆ پێك ناهێنن کە بایەخ بە مەسەلەی کورد بدات بەڵام هیچ گومان لەوەدا نیە کە لەئایندەدا، ئەگەر کورد بەردەوام بێ لەسەر ئەزمونی شۆڕشگێڕانەی خۆی، مۆسکۆ بەخۆیدا دەچێتەوەو پشتگیریی لێ دەکا. ئەفسانەی پشتیوانیی روس لەمەسەلەی کورد لە ئایندەدا، تەنانەت تا ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەناو ڕیزی شۆڕشگێڕانی کورددا بەفراوانی باوی سەندبوو.

بەپێچەوانەی پارتی کۆمۆنیستەوە کەسودمەند بوو لەپشتگیری کردنی مۆسکۆ، برایم ئەحمەد هیچ قازانجی لەپشتگیری کردنی مۆسکۆ نەکرد. بۆ ماوەی ساڵانێکی دورو درێژ ئەوە لەناو پارتیدا باو بوو کەپارتی بەپشتگیریی روس دامەزراوەو روسەکان لەو روانگەیەوە کەبەرنامەیان بۆ مەسەلەی کورد هەیە، رەزامەندییان لەسەر دامەزراندنی نیشان داوە. هەڵوێستی بریتانیاو ئەمریکا بەرامبەر بەپارتی دیموکرات بەشێك بوو لەسیاسەتی گشتییان سەبارەت بەدەستەمۆکردنی کۆمۆنیزم لەعێراقداو لەو گۆشە نیگایەوە تەماشای پارتیان دەکرد کەکۆپییەکی پارتی کۆمۆنیستە. باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق لەچاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هەندێ لەزەویداران‌و پەرلەمانتارانی کورد لەشەقلاوە، وەك تاڵەبانی لەیەکەم نامەی بۆ مەلا مستەفا باسی کردوە، وا گوزارشتی لەمەسەلەکە کردوە کەپارتی حزبێکی کۆمۆنیستە.

برایم ئەحمەد هەنگاوی هەڕاوتری بەرەو کۆمۆنیزم هەڵهێناو لەتەگبیرێکدا کەپێویستی بەتێڕامان‌و لێ وردبونەوەیەکی زۆرتر هەبوو، پارتیی هاندا خاڵێکی وا بخاتە ناو بەرنامەی سیاسییەوە کەهەر کات بەرژەوەندیی نەتەوەیی‌ی لەگەڵ بەرژەوەندیی گشتیی سۆسیالیزمدا وێك نەهاتەوە، پارتی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بەقوربانی بەرژەوەندیی سۆسیالیزم دەکا. شتێکی بەڵگەنەویستە کەتۆمارکردنی خاڵێکی وا لەبەرنامەی سیاسیدا، بەڵگەی کرچ‌و کاڵی تێڕوانینی سیاسییەو بەشێوەیەکی وشك‌و برینگ تای تەرازوی لایەنە ئایدیۆلۆژییەکان لەتای تەرازوی لایەنە تەکنیکییەکان قورستر دەکاو لەهەمان کاتدا بەئاشکرا پەراوێزی مانۆری سیاسی تەنگەبەر دەکات. ئەگەرچی پارتی بەبانگەشەکردن بۆ ئەم دەقە دەیویست ئەوپەڕی پابەندبوون بەمەسەلەی سۆسیالیزم بسەلمێنێ، بەلاَم ئەم هەنگاوە خۆی

لەخۆیدا بەڵگەی ئەوە بوو کەهەر کات بەرژەوەندیی کورد لەگەڵ بەرژەوەندیی سۆسیالیزمدا وێك نەهاتەوە، ئەوا ئامادەییەکی نمونەیی بۆ بەفیڕۆدانی بەرژەوەندیی نیشتمانی هەیە.

خۆشبەختانە دکتۆر جەعفەر محەمەد کەریم کەکوردێکی فەیلییەو عیراق بیانوی پێ گرتبوو کەگوایە ئێرانییەو لەم سۆنگەیەوە بۆ ئێرانی دور خستبۆوە، هەڵەکەی راست کردەوە. ئەو ئەگەرچی لاریی لەناوەڕۆکی دەقەکە نەبو، بەلاٌم داوای لەپارتی کرد ئەم دەقە لەبەرنامە دەربێنێ چونکە "باسکردنی ئەم مەسەلەیە بەم راشکاوییە، چەکێك بەدوژمن دەبەخشێ تا هێرش بکاتە سەرمان ". دەقەکە ڕەنگدانەوەی توندڕەوییەکی بێ پاساوەو لەو چوارچێوەیەدا پلەو پایەی ئینتەرناسیۆنالیزم بەڕادەیەك بەرز کراوەتەوە کەهیچ بەهایەك بۆ بەرژەوەندیی نەتەوەیی نامێنێ.

بیر بۆ ئەوە دەچێ کەپارتی دیموکرات تا ساڵی ١٩٥٨ وا بۆ مەسەلەکە چووە کەگێرسانەوەی مەلا مستەفا لەڕوسیا بەڵگەی ئەوەیە کەڕوس پشتیوانی لەمەسەلەی کوردی عیراق دەکەن. چەپە کوردەکان لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژیاوە بەزێدەڕۆییەوە دەیانڕوانییە توانای روس بۆ کار کردنە سەر روداوەکانی عیراقو لەم سەروبەندەدا بێ ئومێدبوون لەهانا بردنی ئینگلیز بۆ سیاسەتێکی هاوسەنگتر لەنێوان کوردو بەغدادا، هانی دەدان بانگەشە بۆ کۆمۆنیزمو دۆستایەتیی روس بکەن.

برایم ئەحمەد بەلای ئینگلیزو ئەمریکییەکانەوە نوێنەری کۆمۆنیزم بوو لەکوردستاندا. ئەمریکییەکان لەچەند وتارێکی گۆڤاری" پەیام "دا کەبەشی پەیوەندییە گشتییەکانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەبەغدا بەزمانی کوردی دەری دەکرد، هێرشی توندیان کردە سەر تێڕوانینو بۆچونەکانی پارتی. رەفتاری برایم ئەحمەد شتێکی وای لێ هەڵناکرێ کەهەوڵیداوە ترسو نیگەرانیی رۆژئاوا لەداشکاندنی بەلای مۆسکۆدا،

بڕەوێنێتەوە. ئەوەی ئەمەش دەسەلمێنێ ئەوەیە کەبرایم ئەحمەد لانی کەم دوو هەوڵی ئەمریکییەکانی بۆ پەیوەندی پێوەکردن پوچەڵ کردۆتەوە. یەکەمیان لەساڵی ۱۹۵۳دا، پاش بەستنی کۆنگرەی سێ، کاتێك باڵیۆزخانەی ئەمریکا لەڕێی هەباس ئاغای ئاکۆوە ویستی پەیوەندیی پێوە بکا. دوا بەدوای ئەم هەوڵە بەدوو ساڵ، کۆنسوڵگەریی ئەمریکا لەکەرکوك دیسان هەوڵیدا پەیوەندیی پێوە بکا. برایم ئەحمەد هەردوو هەوڵی پوچەڵ کردەوە چونکە رای وابو کەهاموشۆکردنی نوێنەرانی دەوڵەتێکی ئانتی کۆمۆنیستی وەك ئەمریکا یان بریتانیا کارێکە لەو ناوەشێتەوەو دەشێ کاریگەریی خراپیش لەسەر ناوبانگی وەك شۆڕشگێڕێکی رادیکال بەجێ بێڵێ. بۆیە، لەم سۆنگەیەوە پێدەچێ ویستبێتی فایلەکەی بەپاکی بهێڵێتەوە.

ئەمریکییەکان گیریان بەدەست برایم ئەحمەدەوە خواردبوو چونکە لەگەڵیاندا توند بوو و هەمیشە بەگومانەوە سەیری مەبەستو نیازەکانیانی دەکرد. بەشێوەیەکی گشتی، پارتی بەڕابەرایەتیی برایم ئەحمەد ئەوەی بڕاندبۆوە کە لەسەردەمی شەڕی ساردا دەبێ چ هەلۆێستێکی بەرامبەر بەرۆژئاوای ئیمپریالیست هەبێو لەم چوارچێوەیەدا پارتی لەو قۆناغە شۆڕشگێڕەدا دژی بێلایەنیو هەلۆێستی پارێزگارانە بوو و بە ئەنقەست پەراوێزی مانۆڕی ئەوەندە تەسك کردبۆوە کەهیچ دەرفەتێکی بچوکیشی بۆ دامەزراندنی کۆنتاکت لەگەڵ ڕۆژئاوادا بۆ خۆی نەهێشتبۆوە. ئەمریکییەکان لەساڵی ۱۹۵٦دا، کاتێك داوایان لە بابا شێخ عەلیی کوڕی بچوکی شێخ مەحمود کرد سەردانی ئەمریکا بکا، نیگەرانیی خۆیان لەپشتیوانی کردنی پارتی لەڕوسەکان بۆ دەربڕی. لەنامەی یەکەمی بۆ مەلا مستەفا، جەلال تاڵەبانی پێشنیاری کرد مەلا مستەفا نامە بۆ بابا شێخ عەلی بنوسێو ئاگاداری بکاتەوە کەنەکەوێتە

داوی"پڕۆپاگەندە ئیمپریالیستییەکان". ناوەڕۆکی ئەم پێشنیارە هیچ بوارێك بۆ باوەڕکردن بەسیاسەتی ڕۆژئاوا ناهێڵێتەوە.

پڕۆپاگەندەی ئەمریکا کە لەرادیۆی"دەنگی ئەمریکا" پەخش دەکرا، هەمیشە مایەی توڕەکردنو وروژاندنی چەپی کورد بوو. ڕۆژنامەی نهێنیی"رزگاری" کەپێش کۆنگرەی سێ ئۆرگانی پارتی دیموکرات بوو، بەشێکی چالاکییەکانی بۆ بەرپەچدانەوەی کاریگەریی پڕوپاگەندەکانی رادیۆی"دەنگی ئەمریکا" تەرخان کردو لەیەکێ لەوتارەکانیدا ئەوەندە بەتوندی هێرشی کردە سەر ئەم ئێزگەیە کەناوی نا"دەنگی شەیتان".

بەلاّم بەرامبەر بەم هەڵوێستە توندانە، لەهەندێ مەسەلەی تردا، وەك مەسەلەی هەڵبژاردنی پەرلەمان، نەرمی نیشان درا. بەلای برایم ئەحمەدەوە گاڵتەکردنی ئۆپۆزیسیونی چەپ بەهەڵبژاردنی پەرلەمان هیچ پاساوێکی نیە. ئەو نکۆڵی لەوە نەکرد کەیاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق یاسایەکی نمونەیی نیەو ڕێژەیەکی کورسییەکان بۆ چەند سەرخێڵێك دیاری دەکاو بواری دەستێوەردانێکی کاریگەر بۆ دەوڵەت دەرەخسێنێ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا پێی وابو هێشتا دەرفەت بۆ سودوەرگرتن لەنەبەردی هەڵبژاردن هەیە. رەنگە برایم ئەحمەد لەم مەسەلەیەدا لەژێر کاریگەریی بۆچونە میانڕەوەکانی ناو کتێبەکەی" نەخۆشیی چەپڕەوی منداڵانە"ی لینین بوو بێ کەتێیدا رەخنە لەو حزبە کۆمۆنیستانە دەگرێ کەسڵ لەچونە ناو پەرلەمانە بۆرژوازییەکان دەکەنەوە.

بەلای برایم ئەحمەدەوە، بەشداری نەکردنی حزبە کۆمۆنیستەکان لەهەڵبژاردن لەدەوڵەتە کۆنەپەرستەکاندا "هەڵوێستێکی وردە بورژوازییانەیە" و ئەم هەڵوێستە نەگەتیڤە بەقەدەر ئەوەی کەزادەی ترسە لەشکستی پرۆژەی گەیاندنی پاڵێوراوان بۆ ناو پەرلەمان،

بەقەدەر ئەوە زادەی شۆڕشگێڕێتیی ئەو حزبانە نیە. لەم تێڕوانینەوە، وای بۆ چوو کەحزبی چەپ دەتوانێ هەڵبژاردن بکاتە نەبەردێك لەدژی کۆنەپەرستی چونکە ئەو دۆخە سایکۆلۆژییە گەرمو گوڕەی کەهەڵبژاردن دەیهێنێتە کایەوە، چانسێکی باشتر بۆ بەڕێوەبردنی پڕوپاگەندە پێکدێنێ. لەو هەڵبژاردنەی لەسەردەمی سەرەك وەزیرانی عێراق ئەرشەد عومەری بەڕێوە چوو، پارتی دیموکرات یەکەم سەرکەوتنی بەدەست هێناو توانی یەکێ لەئەندامەکانی، کەمەسعود محەمەدە، بگەیەنێتە پەرلەمان. رەنگە بەغدا هەستی بەوە کردبێ کەتاکتیکی پارتی دیموکرات سەبارەت بەبەشداری کردن لەهەڵبژاردندا، دەشێ بەو سەرەنجامە بگات کە لەناو پەرلەماندا فراکسیۆنێکی سەر بەپارتی پەیدا ببێ، ئەمەش هانیدا زۆرتر گوشار بخاتە سەر پارتیو هەوڵی کارا بۆ پەکخستنی تاکتیکەکەی بدا. بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم کارە، دەست بە ساختەکارییەکی زۆر بە قازانجی پاڵێوراوانی حکومەت کرا. مەسەلەکە گەیشتە رادەیەك کە بەئاشکرا دەرکەوت کەحکومەت سورە لەسەر رێگرتن لەگەیشتنی پاڵێوراوانی پارتی دیموکرات بۆ ناو پەرلەمان.

بەلاّم لێرە دیاردەیەکی جێ سەرنج روبەڕومان دەبێتەوە. لەکاتێکدا بڕیاری بەشداری کردن لەهەڵبژاردن گوزارشت لەمیانڕەوی دەکا، بەرزکردنەوەی دروشمی توندڕەو بۆ بەرنامەی هەڵبژاردن گوزارشت لەتێنەگەیشتنی مانای بەشداری کردن لەهەڵبژاردن دەکا. بەغدا لەبەشداری کردنەکە تۆقی بوو چونکە دەترسا لەناو پەرلەماندا فراکسیۆنێکی چەپ پەیدا ببێ. پارتی دیموکرات هێشتا سەری لەوە دەرنەکردبوو کە ئەو وەك حزبێکی نایاسایی، ناتوانێ وەك حزبە یاساییە ئاشکراکان هەڵسوکەوت بکا. ئەو دروشمانەی کەپارتی لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا بەرزی کردبونەوە، بەئاشکراو بێ سێو

دوو دروشمی چەپ بون وەك هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پەیمانە ڕۆژئاواییەکاندا، هەڵوەشاندنەوەی پەیمانی بریتانیا- عیراق‌و پەیمانی تورکیا- عیراق، خۆماڵی کردنی نەوت، دەست پێکردنی ریفۆرمی کشتوکاڵ‌و یەکسانی. گومان لەوەدا نیە کەئەم دروشمانە لەگەڵ ئەو سیاسەتەدا وێك نەدەهاتنەوە کەبەغدا لەساڵی ١٩٢١وە جێبەجێی دەکرد. بەشێوەیەکی گشتی، ئەم ئەزمونە ئەوەندەی کەگوزارشتی لەتوندڕەوی کرد، ئەوەندە گوزارشتی لەمیانڕەوی نەکرد. دواتر، دەرکەوت کەنواندنی نەرمی بەرامبەر بەهەڵبژاردن بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ بەرزکردنەوەی دروشمی توندڕەوانەدا رێکناکەوێ. لەو ئەزمونەدا کەجارێکی تر دوبارە نەکرایەوە، پارتی سەرکەوتنێکی بچوکی بەدەست هێناو تەنها یەك پاڵێوراوی پێ گەیەنرایە ناو پەرلەمان.

لەسەر ئاستی پەیوەندی لەگەڵ حزبە چەپەکاندا، سیاسەتی برایم ئەحمەد زۆرتر کاری بۆ پتەوکردنی حزب دەکرد. ململانێی توند لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا بەڵگەی ئەوەیە کەبرایم ئەحمەد ویستویەتی پارتی بکاتە پێشەنگی کوردو بەدڵنیاییەوە ئەگەر رەنج‌و کۆششی ئەو نەبوایە، پارتی دیموکرات نەیدەتوانی خۆی لەبەردەم پارتی کۆمۆنیستدا رابگرێ. ئاشکرایە کە لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتەوە لەساڵی ١٩٤٦دا تا ساڵی ١٩٥١، پارتی کۆمۆنیست کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پارتی دیموکرات هەبو. ئەوەی ئەمە دەردەخا ئەوەیە کەزۆر جار پارتی دیموکرات لەژێر کاریگەریی پارتی کۆمۆنیستدا هەندێ هەڵوێستی دیاریکراوی نواندوە. لەساڵی ١٩٤٨دا رێکخراوێك بەناوی کۆمیسیونی هاوکارییەوە پارتی دیموکرات‌و پارتی کۆمۆنیستی لەگەڵ یەکتریدا کۆ دەکردەوە بەڵام کۆمیسیۆنەکە جگە لەم دوو لایەنە ، لایەنی تریشی لەخۆ گرتبو. وەك پارتی گەل‌و باڵی کامل قازانجی کە لەپارتی نیشتمانیی دیموکراتی عێراق جیا ببۆوە.

بەهۆی هەرا دروستکراوەکەی پارتی کۆمۆنیستو حزبەکانی تر لەدژی رێککەوتننامەی پۆرتسمۆسی نێوان سەرەك وەزیرانی شیعەی عێراق سالح جەبرو سەرەك وەزیرانی بریتانیا ئێرنست بیڤن، پارتی دیموکرات بەبێ ئەوەی خاڵەکانی رێککەوتننامەکە بخوێنێتەوە، کەوتە دژایەتی کردنی. ئەوی راستی بێ، رێککەوتننامەی پۆرتسمۆس لەرێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۳۰ی نێوان عێراقو بریتانیا باشتر بوو و سالح جەبر پاش وتووێژێکی سەختو دژوار توانیبوی عێراق لەهەندێ لەکۆتو بەندەکانی رێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۳۰ رزگار بکات. بەلام ئەو هەرایەی کەپارتی کۆمۆنیستو حزبە ناسیونالیستە سونەییەکان لەدژی سەرەك وەزیرانە شیعەکە نایانەوە، ناچاریان کرد پاشەکشە بکاو بگەڕێتەوە سەر کارکردن بەرێککەوتننامەی ساڵی ۱۹۳۰ کەزوربەی خاڵەکانی لەبەرژەوەندیی بریتانیادا بون.

ململانێی نێوان پارتی دیموکراتو پارتی کۆمۆنیست زۆر هۆی هەیە، هەندێکی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە کۆمۆنیستەکان وا بەتوندی پێیان لەسەر ئینتەرناسیونالیزم دادەگرت کەگاڵتەیان بەداخوازییە نەتەوەییەکانی کورد دەهات. فەهد، دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستی عێراق، لەساڵی۱۹٤٥دا، ساڵێك پێش دامەزراندنی پارتی دیموکرات، بانگەشەی بۆ پێویستی بونی حزبێکی ناسیونالیستی کوردپەروەر کردبوو و لەم بانگەشەیەدا بەڵێنی پشتگیری کردنی دابوو. لەبانگەوازێکیدا کە لەرۆژنامەی"قاعیدە" بلاوکرایەوە، رایگەیاند کەحزبەکەی" ئەو رێکخستنە دیموکراتییە پێویستانە بۆ گەلو جەماوەری رەنجدەرانی کورد دەستەبەر دەکا کەدەرفەتیان بۆ دەرەخسێنن کەبتوانن گوزارشت لەبۆچونی خۆیان سەبارەت بەمانەوەی ئارەزومەندانە یان جیابونەوە بکەن".

ئەگەرچی فەهد بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش بانگەوازەکەی نوسیبو، بەڵام زۆری نەخایاند لەگەڵ کۆمۆنیستە کوردەکانی ناو حزبەکەی خۆی توشی کێشمەکێشێکی سەخت بوو. هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەفەهد ڕێزی لەبۆچونو تێڕوانینی ئەو کۆمۆنیستە کوردانە گرتووە. زۆرتر بیر لەوە دەکرێتەوە کەپاش ئەوەی باڵە جیابووەکەی یەکێتیی تێکۆشان گەڕایەوە ناو پارتی کۆمۆنیست، فەهد چووە سەر ئەو باوەڕەی کەمانەوەی کۆمۆنیستە کوردەکان لەدەرەوەی پارتی کۆمۆنیست مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر شانو شەوکەتو ناوبانگی وەك رابەرێکی کۆمۆنیست. لەڕوی ئایدیۆلۆژیاوە، فەهد دژی ئەوە بوو کورد پارتی کۆمۆنیستی خۆی هەبێو زۆرتر پێی لەسەر یەکپارچەیی چینی کرێکارانی عێراق دادەگرتو هەرگیز لەم هەڵوێستەی پەشیمان نەبۆوە.

لەو وتووێژە دژوارەدا کە لەنێوان پارتی دیموکراتو پارتی کۆمۆنیستدا هاتە ئاراوەو لەپارتی دیموکرات هەر یەك لەهەمزە عەبدوڵڵاو جەلال تاڵەبانیو حەبیب محەمەد کەریمو خەسرەو تۆفیقو لەپارتی کۆمۆنیست هەر یەك لەسەلام عادلو جەمال حەیدەریو عەزیز شێخو یوسف مەتتا بەشدار بون، کۆمۆنیستەکان وازیان لەوە هێنا کەبڵێن گوایە کورد نەتەوەیەکی جیاواز پێکناهێنێ. سەرەنجام، پارتی دیموکرات شەڕەکەی بردەوە چونکە وای لەکۆمۆنیستەکان کرد بەخۆیاندا بچنەوەو ئەو تیۆرییەی دامەزرێنەری حزبەکەیان پوچەڵ بکەنەوە کەپێی وابوو کوردی عێراق وەك تورکمانو ئاشورییەکان لە"کەمینەیەکی نەتەوەیی" بەولاوە هیچی تر نیە. لەڕاستیدا داننان بەوەی کەکورد کەمینەیەکی نەتەوەیی نین، بەڵکو وەك عەرەبو فارسو تورك نەتەوە پێك دێنن، وای لەپارتی کۆمۆنیست کرد چیتر خۆی بەپێناسە ستالینیستییە وشكو برینگەکەی نەتەوە پابەند نەکاو

لەهەمان کاتدا کەش و هەوایەکی گونجاوی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەردو حزب هێنایە ئاراوە.

تا ماوەیەکی دورو درێژ ئەستەم بوو ئومێد لەسەر چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی نێوان هەردو حزب هەڵچنرێ. بەڵام ململانێی نێوان ئەم دوو حزبە، تەنانەت پاش چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانیش هەر درێژەی کێشا چونکە سوکایەتی کردنی پارتی کۆمۆنیست بەداخوازییە نەتەوەییەکانی کورد هەمیشە مایەی وروژاندنی ناسیۆنالیستە کوردەکان بوو. ئەوەی کەناکۆکییەکانی قوڵتر کردەوە، ئەوەیە کەهەردو حزب، سەرەڕای ئەوەی کەسەرکردەکانیان مارکسیست بون یاخود لانی کەم لەژێر کاریگەریی مارکسیزمدا بوون، تێڕوانینێکی توندڕەوانەیان بۆ یەکتری هەبوو. لەکاتێکدا کەپارتی کۆمۆنیست پارتی دیموکراتی بەحزبێکی وردە بورژوازی دادەنا، پارتی دیموکرات وای دەبینی کەپارتی کۆمۆنیست ڕێکخراوێکە بۆتە مایەی وێرانکردنی جوڵانەوەی کرێکاران. رەخنەکانی پارتی دیموکرات لەبەرنامەی فەهد کەبۆ ماوەی ساڵانێکی دورودرێژ بەرنامەی پارتی کۆمۆنیست بوو، نیشانی دەدەن کەپارتی دیموکرات بەو ئومێدەوە بووە کەکۆمۆنیستەکان ئەنگێزە شۆڤێنییەکانی نەتەوەی گەورە لەخۆیان داماڵن. رەخنەکان بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەندییان بەسێ خاڵەوە هەبوو: یەکەم، پارتی دیموکرات لەو بڕوایەدا بوو کەبۆچونی فەهد سەبارەت بەوەی کەکورد تەنها کەمینەیەکی نەتەوەییە بۆچونێکی چەوتە. ئەم هەڵەیە تەنها پاش ئەوەی کەخرۆشۆف سەرزەنشتی هەڵەکانی ستالینی کرد، راست کرایەوە. دووەم، پارتی دیموکرات لەو بڕوایەدا بوو کەسیاسەتی فەهد سەبارەت بەبانگەشەکردن بۆ هێنانە دیی دیموکراسییەکی بورژوازی، لە حزبێکی شۆڕشگێڕی وەك پارتی کۆمۆنیست ناوەشێتەوە. بەلای پارتی دیموکراتەوە، بۆچونەکانی فەهد سەبارەت بەچاکسازیی سیاسی

لەعیراق شیاوی پشتیوانی لێ کردن نین چونکە زۆرتر بەلای چاککردنی سیستمی سیاسیو هەموارکردنی دەستورو یاسای هەڵبژاردندا دادەشکێننو پشتگیریی ئەنگێزە پارێزگارو میانڕەوەکان دەکەنو هیچ بانگەشەیەکیان بۆ گۆڕانی شۆڕشگێڕانە تێدا نیە، لەکاتێکدا کەپێویستە شۆڕشگێڕەکان هەمیشە پێ لەسەر گۆڕانی ریشەیی داگرن.

ناکۆکییەکەی تر کەهەرگیز یەکلا نەکرایەوە، تایبەت بوو بەلقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق. برایم ئەحمەد پێی وابوو بونی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست شتێکی زیادو ناپێویستە بەلاّم پارتی کۆمۆنیست رای تری هەبوو. داوای هەڵوەشانەوەی رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی کوردستان پاش کۆنگرەی سێی پارتی دیموکرات کەتێیدا پارتی دیموکرات وەك حزبێکی مارکسیست خۆی راگەیاند، پەرەی سەند. برایم ئەحمەد وا سەیری مەسەلەکەی دەکرد کەمافی خۆیەتی داوا لەکۆمۆنیستەکان بکا رێکخراوەکانیان لەکوردستان هەڵبوەشێننەوە چونکە لەو بڕوایەدا بوو کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان حزبەکەیو پارتی کۆمۆنیستدا نیە . ئەم داوایە زۆر لەسەر دڵی پارتی کۆمۆنیست قورس نەبو چونکە وای دەکرد پارتی کۆمۆنیست ببێ بەحزبی کرێکارانی عەرەبو پارتی دیموکرات ببێ بەحزبی پێشڕەوی چەپەکانی کورد.

ئەم بیرۆکەیە، کاتێك پاش کۆنگرەی سێی ساڵی١٩٥٣ خرایە روو، شتێکی تازە نەبوو. برایم ئەحمەد بۆ یەکەم جار لەساڵی١٩٥١دا پێشنیارێکی وای کردبوو، کاتێك هێشتا پێگەی خۆی لەسەرکردایەتیدا جێگیر نەکردبوو و هێشتا هەمزە عەبدوڵلاّ لەپارتی دەرنەکرابوو و هێشتا پارتی بەئاشکرا نەبوو بوو بەحزبێکی مارکسیست.

ئەستەمە بتوانین بچینە سەر ئەو باوەڕەی کەبرایم ئەحمەد لەو بڕوایەدا بووە کەبونی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست مایەی هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی حزبەکەی. بەلاّم دیارە سەرسامبونی بەنمونەی پەیوەندیی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حزبی کۆمۆنیستی تودەی ئێران هانی داوە درێژە بەم داوایەی بدا.

برایم ئەحمەد لەو بڕوایەدا بوو کەسەقامگیریی پەیوەندییەکان بارتەقای پێشبڕکێ نەکردنە لەگەڵ یەکتریداو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەهاوئامانجیی هەردوو حزبی شۆڕشگێڕ بەرژەوەندیی هاوبەشی لێ دەکەوێتەوە. بەلاّم نەیتوانی دروستیی بۆچونەکەی بەکۆمۆنیستەکانی عێراق بسەلمێنێ. لەکاتێکدا کە رادیکالەکانی کوردی عێراق سەرسام بون بەئەزمونی پەیوەندیی تایبەتی نێوان حزبی تودەو رادیکالەکانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمۆنیستەکانی عێراق شتێکی وایان لەو ئەزمونە بەرچاو نەدەکەوت مایەی پێ سەرسام بون بێ.

حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پاش ئەوەی کەسوپای ئێران لەساڵی ١٩٤٦دا شاری مەهابادی گرت، لەبەر یەك هەڵوەشایەوە. ساڵێك پاش روخانی کۆماری مەهاباد، حزبی تودە ئامادەیی ئەوەی دەربڕی کەپشتیوانی لەپاشماوەکانی حزبی دیموکرات بکاو مشوریان بخوا، بەو مەرجەی کەشۆڕشگێڕانی کورد رازی بن وەك ئەندامی حزبی تودە کار بکەن . حەوت ساڵ دوا بەدوای ئەمە، لەکاتی قەیرانە سەختەکەی ئێرانو تاوسەندنی ململانێی نێوان شاو سەرەك وەزیران محەمەد موسەددەق، چەند رۆشنبیرێکی بەبیرکردنەوە رادیکالی کورد کارێکیان ئەنجامدا کە لەئاییندەدا کاریگەرییەکی زۆر لەسەر مێژوی سیاسیی ولاّتەکەیان بەجێ دێڵێو لەم سەروبەندەدا، بەپشتیوانیی حزبی تودە، کەوتنە گەڕ بۆ کاراکردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێرانو زیندوکردنەوەی سەروەرییەکانی. ئەو رۆشنبیرە رادیکالانە کۆمیسیۆنێکی شۆڕشگێڕانەیان بەسەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمان قاسملوو و ئەندامێتیی عەزیز یوسفی، غەنی بلوریان، رەحیم سولتانیان، کەریم وەیسی و عەبدوڵڵا ئیسحاقی پێکهێنا. حزبی تودە لەو سۆنگەیەوە کەرێکخستنێکی بەهێزی لەناو کوردی ئێراندا نەبو، هانی ئەو رۆشنبیرانەی دا حزبی دیموکرات زیندو بکەنەوە. دواتر، دەرکەوت کەئەم هەنگاوە تاکتیکییە دەرهاوێشتەی نەخشەیەکی وردە بۆ پەرەپێدانی تەوژمی شۆڕشگێڕانە. بەم پێیە، پەیوەندییەکی رێکخراوەیی دینامیکی لەنێوان تودەییەکانو شۆڕشگێڕانی کورد هاتە ئاراوە کەبەهۆیەوە دەرفەت بۆ ئەندامانی هەردو حزب رەخسا کە لەیەك کاتدا ئەندامی هەردو حزب بنو بەشێوەیەکی ئازاد لەشانە نهێنییەکانی هەردو حزب کار بکەن.

ئەم هەڵسوکەوتەی حزبی تودە ژیرییەکی دیاریکراوی پێوە دیارە چونکە زیندوکردنەوەی حزبی دیموکرات لەسەر دەستی چەند لاوێکی دڵسۆزی سۆسیالیزمپەروەر، لەوە باشترە کەکورد بەبێ سەرکردایەتیی سیاسی بهێڵدرێتەوە. دوا بەدوای ئەمەو پاش تاوتوێ کردنی مەسەلەکە، حزبی تودە لەگەڵ هەردو حزبە دیموکراتەکەی کوردستانو ئازەربایجان، جۆرە کۆنفیدراسیونێکی حزبیی دروست کردو لەتاران کۆمیسیۆنێکی سێقۆڵیی بەناوی (کۆمیسیۆنی ئازەربایجانو کوردستان) بەسەرۆکایەتیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزب دکتۆر حسێن جەودەتو نوێنەرانی ئازەربایجانو کوردستان پێکهێنا. ئەرکی مشورخواردنی کاروباری هەردو هەرێمو هەماهەنگی لەگەڵ شۆڕشگێڕانی کوردو ئازەر بەکۆمیسیۆنی کاك سپێردرا. یەکەم نوێنەری کورد لەکۆمیسیۆنەکەدا سارم سادق وەزیری بوو کەرۆشنبیرێکی سنەیی بوو و دۆستایەتییەکی پتەوی لەگەڵ قازی

محەمەددا هەبوو. دوا بەدوای گرتنی وەزیری پاش کودەتاکەی ساڵی ١٩٥٤ی جەنرال زاهیدی، عەبدولڕەحمان قاسملو جێی گرتەوە.

ئەم ئەزمونە هەژمونی حزبی تودەی بەسەر حزبی دیموکراتدا سەپاندو بەم پێودانگە شۆڕشگێڕانی کورد ناچار بون لەهەمو شتێکدا پرس بەحزبی تودە بکەنو وەك لقی کوردستانی حزبی تودە چالاکی بنوێنن، بەڵام کاتێك خۆیان بەگەل دەناساند، وەك نوێنەری ئەو حزبە خۆیان پێشکەش دەکرد کەقازی محەمەد لەساڵی ١٩٤٥دا دایمەزراندووەو بەم کارە، شوێن پێی ئەو تاکتیکە دێرینەیان هەڵگرت کەکۆمۆنیستەکان لەزۆر وڵاتدا هانای بۆ بردوەو بەهۆیەوە حزبێکی کۆمۆنیستیان پێکدەهێنا بەڵام ناویان نەدەنا کۆمۆنیستو زۆرتر وەك حزبێکی نیشتمانی بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم کاریان دەکرد.

شۆڕشگێڕانی کوردی عێراق کۆنفیدراسیۆنەکەی نێوان حزبی تودەو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان بەو چەشنە هەڵسەنگاند کەپڕۆسەیەکی سیاسییە، تیایدا حزبی تودە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە کاروباری رێکخستنی کوردی بۆ حزبی دیموکرات بەجێ هێشتووە. برایم ئەحمەد کەهیچ کەسێك بەقەد ئەو پێی لەسەر پێویستیی لاسایی کردنەوەی ئەو ئەزمونە دانەدەگرت، سور بوو لەسەر ئەوەی کەوەك چۆن حزبی تودە مافی رابەرایەتی کردنی کوردی بۆ شۆڕشگێڕانی کوردی ئێران سەلماندوە، پێویستە کۆمۆنیستەکانی عێراقیش مافی رابەرایەتی کردنی کوردی عێراق بۆ پارتی دیموکرات بسەلمێنن. برایم ئەحمەد سەری لەوە دەرنەکردبوو کەئەم کۆنفیدراسیۆنە سەربەخۆیی‌و ئازادیی کارکردنی بۆ حزبی دیموکرات نەهێشتۆتەوە. پاشتر، شۆڕشگێڕانی کورد کەوتنە خۆڕاپسکاندن لەدەسەڵاتی حزبی تودەو هەوڵی جیابونەوەیان دا بەڵام حزبی تودە بەرپەرچی هەمو ئەم

هەوڵانەی دایەوەو دەستی لەخۆسەپاندن بەسەر حزبی دیموکراتدا هەڵنەگرت. ئەو شۆڕشگێڕە کوردانەی بیریان لەجیاکردنەوەی حزبی دیموکرات دەکردەوە، تێبینیان کرد بوو کەهەندێ لەئەندامانی سەرکردایەتیی حزب هەندێ جار ئەوەندەی کەبەرژەوەندیو سیاسەتی حزبی تودە لەبەرچاو دەگرن، ئەوەندە بەرژەوەندیو سیاسەتی حزبەکەی خۆیان لەبەرچاو ناگرن. پاش تێپەڕبونی سی ساڵ بەسەر ئەو پەیوەندییە تایبەتەدا ، دوبەرەکیی نێوان حزبی دیموکراتو حزبی تودە پەرەی سەندو لەساڵی ۱۹۷۹دا بەبنبەست گەیشت، کاتێك هەشت ئەندامی سەرکردایەتی بەدنەدانی حزبی تودە لەحزبی دیموکرات جیا بونەوە. برایم ئەحمەد ئاگاداری وردەکاریی پەیوەندییە تایبەتەکە نەبوو، لەمشتومڕەکانیدا زۆرتر لایەنە باشەکانی کۆنفیدراسیونەکەی باس دەکرد. هەردو حزب، حزبی کۆمۆنیستی عێراقو پارتی دیموکراتی کوردستان، لەم مەسەلەیەدا دوو هەڵوێستی جیاوازو دژ بەیەکیان هەبوو. هیچ کامێکیشیان سەری بۆ ئەوی تر دانەنەواند . رەنگە پارتی کۆمۆنیست وای لێکدابێتەوە کە پێداگرتنی پارتی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوەکانی لەکوردستان، نەخشەیەکە بۆ لاوازو دەستەمۆکردنی. لەکاتێکدا کەپارتی کۆمۆنیست پێی وابو پێداگرتنی پارتی دیموکرات لەسەر هەڵوەشاندنەوەی رێکخراوە کۆمۆنیستییەکانی کوردستان پێشنیارێکە پشت بەبنەمایەکی تۆکمە نابەستێو لەبنچینەشدا زادەی تەنگبینیی نەتەوەییە، پارتی دیموکرات لەو بڕوایەدا بوو کەمافی خۆیەتی داوا لەپارتی کۆمۆنیست بکا چیتر لەناو کورددا هەڵنەسوڕێ چونکە ئەو رۆڵەی کەپارتی دیموکرات دەینوێنێ هەمان ئەو رۆڵەیە کەپارتی کۆمۆنیست دەینوێنێ. لەکۆتاییدا، نەگەیشتن بەچارەسەرێکی مامناوەنجی.

ئەو دوو تێڕوانینەی لێرە بەرچاو دەکەون، ئەستەمە کۆدەنگی بەدەست بێنن. پارتی کۆمۆنیست کە لەپارتی دیموکرات کۆنتر بوو و هەمیشە لافی ئەوەی لێ دەدا کەپەیوەندیی ئینتەرناسیونالیستیی لەگەڵ مۆسکۆدا هەیەو لەخرۆشاندنی جەماوەرو نانەوەی پشێویی کۆمەلاّیەتیدا بەتواناترو بەگوڕتر بوو، هەرگیز وەلاّمی پۆزەتیڤی بانگەشەی هەلّوەشاندنەوەی رێکخستنەکانی کوردستانی نەدایەوە. ئەم بانگەشەیە کەدیار بوو پارتی دیموکرات ئامادە نیە وازی لێ بێنێ ، پارتی کۆمۆنیستی لەنیازو مەرامەکانی نەیارەکەی خانەگومان کرد. مەسەلەکە کاری بەسەر هەولّی هێنانە دیی پەیوەندیی هاوسەنگەوە نیە. پێشنیارەکە بەلای کۆمۆنیستەکانەوە لەدابەشکردنێکی بێ ئەملاو ئەولای ناوچەکانی دەسەلاّت لەسەر بنچینەی ئیتنیکی دەچو. کۆمۆنیستەکان سەرنجیان دابو کە لەوەتەی مەسەلەی هەلّوەشاندنەوەی رێکخستنە کۆمۆنیستییەکانی کوردستان هاتۆتە ئاراوە، پارتی دیموکرات زۆرتر بەگومانەوە دەڕوانێتە بونی هێزێکی نەیاری سیاسی لەکوردستاندا. لەکاتێکدا مۆدێلی پەیوەندیی نێوان حزبی کۆمۆنیستی تودەو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ببوە فاکتەرێك بۆ پێداگرتنی زۆرتری پارتی دیموکرات لەسەر داواکەی، کۆمۆنیستەکان وایان نیشان دەدا کەنایانەوێ لاسایی ئەزمونێك بکەنەوە کەهێشتا زۆری ماوە راستو دروستیی دەرکەوێ . بەهەر حالّ، ململانێی شاراوەی نێوان هەردو حزب لەبەر پێداگرتن لەسەر دوو تێڕوانینی جیاواز سەبارەت بە مانای شەرعیەت، درێژەی کێشا. لەم رووەوە، پارتی کۆمۆنیست سور بوو لەسەر رەوایی پەلهاوێشتن بۆ ناوچەی کوردنشین، رەواییەك کەپارتی دیموکرات پەراوێزە جوگرافییەکەی بەپێودانگی نەتەوایەتی تەنگەبەر کردبۆوەو دەیویست بەو بیانووەوە مافی نوێنەرایەتی کردنی کورد بەخۆی ببەخشێ. پارتی

کۆمۆنیستیش پێی وابو پارتی دیموکرات ناتوانێ نوێنەرایەتی کردنی کورد بۆ خۆی قۆرخ بکا . تەنانەت لەو هەلومەرجانەشدا کەپەیوەندیی نێوان هەردو حزب ئارامیی تێدا بەخۆوە دیوە، تەماشاکردنی یەکتری بەچاوی گومانەوە هەر بەردەوام بوو. کۆمۆنیستەکان بەنیگەرانییەوە دەیانڕوانییە پەرەسەندنی ئەنگێزە ناسیۆنالیستییەکانی ناو ریزی پارتی دیموکرات، بەڕادەیەك کە وەرچەرخانی سەرزارەکیی پارتی دیموکرات لەناسیۆنالیزمەوە بۆ مارکسیزم نەبوە فاکتەرێك بۆ هاندانیان بۆ لێك نزیکبونەوەو دروستبونی متمانە لەنێوانیاندا. لەبەرامبەریشدا، سەرانی پارتی دیموکرات بەنیگەرانییەوە دەیانڕوانییە هەوڵی سەرکردە کۆمۆنیستەکان بۆ دەستەمۆکردنی هەڵسوڕانی پارتی دیموکرات.

ئەگەرچی هەردولا لەگەڵ یەکتریدا رێکنەکەوتن ، بەلاّم پەیوەندیی نێوانیان نەختێك ئارامیی بەخۆوە بینیو پاشان لەساڵی١٩٥٧دا، پاش ئەوەی پارتی دیموکرات چەند لێپرسراوێکی لقی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی، لەوانە سالّح حەیدەریو کەمال فوئاد، لەڕیزەکانی خۆی وەرگرت، پەیوەندیی نێوان هەردو حزب زۆر بەتوندی گرژیی تێکەوت. کۆمۆنیستەکان ئەوەیان زۆر لەسەر دڵ گران بوو کەپارتی دیموکرات چەند ئەندامێکی لقی کوردستانی وەرگرتوە بەلاّم لەم بارەیەوە هیچیان لەدەست نەدەهات بیکەن. بۆیە، کاتێك لەو ساڵەدا بەرەی یەکێتیی نیشتمانیی عیراق بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا، پارتی کۆمۆنیست هەڵوێستێکی وای دەرنەبڕی کەمایەی بێزاربون بێ لەهەڵوێستی حزبی بەعس کەدژی وەرگرتنی پارتی بوو لەڕیزی بەرە.

هەوڵەکانی برایم ئەحمەد لەسەرەتای ساڵانی پەنجا نیشانی دەدەن کە ئەو لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی سەرەکی سەرقاڵی دوو مەسەلە بوە لەیەك کاتدا: یەکێکیان کۆتایی هێنانە بەناکۆکیی لەگەڵ پارتی

کۆمۆنیست بەشێوەیەك کەبەردەوامبون بۆ حزبەکەی وەك تاکە هێزی سەرەکیی دانپێدانراوی کوردستان مسۆگەر بکات کەئەمەش شتێکە لەو کاتەدا نەهاتە دی. مەسەلەکەی تریش خۆخەریك کردن بوو بەیەکپارچەکردنی جولانەوەی کۆمۆنیستی عێراق کەجولانەوەیەکی پەرتەوازەو پەرش‌و بلاوو پارچە پارچە بوو.

بایەخی زۆری بەم مەسەلەیە دەرفەتێکی باشتر بۆ تێگەیشتنی هەلسوکەوتی پێکدێنێ. بێگومان برایم ئەحمەد لەنیاز پاکییەوە ئەمەی کردوەو رەنگە وای بۆ چووبێ کەئەرکی سەرشانی وەك رابەری حزبێکی چەپی شۆڕشگێڕ ئەوەی بەسەردا دەسەپێنێ کەدرێغی لەهیچ هەولدانێك بۆ یەکخستنی جولانەوە کۆمۆنیستییە پەرتەوازە دۆستەکە نەکات. بەپێوانگە ئایدیالەکان، دەشێ شایستەی پێداهەلگوتن بێ چونکە سەرقالبونی بەمەسەلەیەکی ئایدیۆلۆژیی وا کەڕاستەوخۆ پەیوەندیی پێوە نیە، بەلگەی دلسۆزیتی بۆ پرسی سۆسیالیزم . بەلام ئەو وەك سیاسەتمەدارێك کەدەبێ پابەند بێ بەدەستەبەرکردنی بەردەوامبونی حزبەکەی وەك هێزێکی سەرەکی، دەشێ لەم بوارەدا بەهەلەدا چووبێ چونکە بەم خۆ تێهەلقورتاندنەی، ئایدیۆلۆژیای خستۆتە سەروی بەرژەوەندییەوەو تیۆریی خستۆتە سەروی پراتیکەوە چونکە لەم رەفتارەدا، بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ، رێساکانی مانۆری سیاسی پێشێل دەکا کەزۆربەی کات بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە بەرژەوەندیو ئاسایشی خۆیی، لەگەل نەیارێکی لاوازی پەراگەندەو پەرێشانی گیرخواردودا ئاسانترو باشتر دەستەبەر دەکرێ. چەند سیاسەتی پەیڕەوکراو لەگەل بەرژەوەندیو هەلسوکەوت‌و بیروباوەڕی حزبداو لەگەل بەرژەوەندیی ئەو بەشەی دانیشتواندا کەحزبەکە نوێنەرایەتیی دەکاو بەتەنگ پرسە سەرەکیەکانێتی، وێك بێتەوە، ئەوەندەش ئەو سیاسەتە لەڕاست‌و دروستییەوە نزیکتر دەبێ. برایم

ئەحمەد لەهەوڵەکانیدا بۆ ڕێکخستنی جوڵانەوە پەرتەوازەکەی کۆمۆنیزم، هەوڵی دەدا جوڵانەوەیەك یەکخا کە بەهیچ شێوەیەك دانی بەوەدا نەدەنا کەپارتی دیموکرات تاکە لایەنە کەمافی نوێنەرایەتی کردنی کوردی هەیە.

ئەگەر واز لەشیکردنەوەی پاساوەکان بێنین، بۆمان دەردەکەوێ کە برایم ئەحمەد وەك ئینتەرناسیونالیستێك بەئەرکی خۆی زانیوە هەوڵو تواناکانی خۆی بۆ یەکخستنی بزوتنەوەی ئینتەرناسیونالیستی بخاتە گەڕ. بۆیە لەم ڕووەوە پەیوەندیی بەگروپە کۆمۆنیستەکانەوە کردو پێشنیاری بەستنی کۆنفرەنسێکی بەبەشداریی نوێنەراکانیان کرد. جا بۆ ئەوەی ڕەنگێکی دراماتیکی بەبانگهێشتەکەی ببەخشێ، ڕونی کردەوە کەئەگەر لایەنە ناکۆکەکان پێیان باش بێ، دەکرێ کۆنفرەنسەکە بەسەرپەرشتیی پارتی کۆمۆنیستی سوریا یان حزبی تودە بەڕێوە بچێ. گروپەکانی تر زووتر بەپیر بانگهێشتەکەوە چون، بەلام تا پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەساڵی ١٩٥٥دا ڕەزامەندیی نیشاندا ساڵێکی ڕەبەقی خایاند.

کۆنفرەنسە پێشنیارکراوەکە لەیەکێ لەخانووە نهێنیەکانی پارتی دیموکرات بەسەرپەرشتیی برایم ئەحمەد بەڕێوە چوو و نوێنەرانی پارتی کۆمۆنیستو پارتی یەکبونی کۆمۆنیستەکانی عێراقو ڕێکخراوی ئالای ڕەنجدەران بەشدارییان تێدا کرد. لەو کۆنفرەنسەدا برایم ئەحمەد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەپەرتەوازەیی جوڵانەوەی کۆمۆنیست لەخزمەتی دوژمنانی کۆمۆنیزمدایەو لەم سەروبەندەدا هەلەکەی قۆستەوەو دیسان جەختی کردەوە سەر تیۆریی یەکسانکردنی یەکپارچەییو هێز. کۆنفرەنسەکە بەگەڕانەوەی هەردو ڕێکخراوی یەکبونی کۆمۆنیستەکانو ئالای ڕەنجدەران بۆ ناو حزبی دایك بەئاکام گەیشت.

رەنگە برایم ئەحمەد لەم رووەوە بیانوی خۆی هەبێ چونکە لەم بابەتەدا وا دەیڕوانییە مەسەلەکە کە بەرژەوەندیی حزبەکەی‌و پێداویستییەکانی پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەیی پێویستیان بەیەکخستنی بزاڤی کۆمۆنیستی عیراق هەیەو لەم بوارەدا رای وابو کە ئامانجەکانی حزبەکەی بەبێ دوایی هێنان بەدەستڕۆیشتویی بریتانیا لەعێراق‌و هێنانە سەر کاری ڕژێمێکی شۆڕشگێڕ نایەنە دی.

بەجۆرە، بنەماکانی ستراتیجی برایم ئەحمەد لەسەر ئەم خاڵانە گیرسانەوە: کردنی پارتی دیموکرات بەحزبێکی مارکسیستی کاراو بەئاسەوار، پێداگرتن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی رێکخستنەکانی پارتی کۆمۆنیستی عێراق لەکوردستاندا، بانگەشەکردن بۆ ئۆتۆنۆمیی نەتەوەیی بۆ هەرێمی کوردستان، بێئومێدبون لەئاوەڕدانەوەی بەغدا لەداخوازییە نەتەوەییەکانی کوردو لەم سەروبەندەدا چوە سەر ئەو باوەڕەی کەمەسەلەی کورد بەبێ روخاندنی رژێمی پاشایەتی‌و ریشەکێشکردنی دەسەڵاتی بریتانیا لەعێراق چارەسەر ناکرێ.

## بەشی چوارەم

## هەنگاوی خێراتر بەلای دەستە چەپدا

حزب لەناو گرفتەکاندا نغرۆ ببوو. گرفتەکان ئەوەندە پەرەیان سەندبوو، کەس ئومێدی بەکۆتاییەکی دڵخۆشکەر نەمابوو. هەمزە وای بۆ دەچوو، کەکزبونی رۆڵی لەناو حزب، هەڕەشەی تەریك کردنی لێ دەکا. بۆیە، وەك ئەوەی کە لەناو رادیکالەکاندا باوەو بووە بەنەریت، ویستی دیدی خۆی بەزۆر بسەپێنێ‌و لەم هەوڵەیدا ئەوەندەی پێی کرا سەروەرییەکانی جارانی بەگوێی نەیارەکانیدا دایەوەو لاف‌و گەزافی ئەوەی لێدا کەئەو یەکەم سکرتێری حزبە. سەرەڕای تێکشکان‌و نوشوستییەکانی، کۆڵی نەداو بەردەوام بوو لەسەر خۆهەڵکێشان‌و خۆناساندن وەك دامەزرێنەری راستەقینەی حزب. ئەو زۆرتر دەیویست دەسەڵات‌و پێگەی خۆی لەسەر بنەمای سەروەری‌و رابردوی پڕ شانازی دابمەزرێنێ، بەڵام لەململانێیەکدا کەهێز تێیدا دەبێتە سەنگی مەحەك، سەروەری‌و رابردوی پڕ شانازی، بەبێ پشت بەستن بەهێز، بایەخێکی ئەوتۆی نابێ‌و ناتوانێ گەرەنتیی سەرکەوتن بکات.

هەمزە ئەو ئامرازانەی نەبوو کەسیاسەتەکەی خۆی پێ بچەسپێنێ‌و لەململانێکەدا هێندەی وەك تێکۆشەرێکی سەرقاڵ بەتۆمارکردنی سەروەری‌و لەدەست نەدانی پێگە دێتە بەرچاو، هێندە وەك پارێزەری شەرعیەت دەرناکەوێ. کاتێك لەحزب جیا بۆوەو کەوتە جموجوڵ‌و خۆڕێکخستنەوە، وەك سەرۆکی دەستەیەکی یاخی هەڵسوکەوتی کرد. هێزی هەمزە لەوەدا نەبوو کەدەتوانێ لەتبونێکی

گەورە دروست بکا، بەڵکو لەوەدا بوو کەدەتوانێ کێشمەکێش‌و هەرا دروست بکا. بەمجۆرە، هەمزە هەڵمەتی خۆی لەدژی کۆنگرەی دوو دەست پێکرد. بەڵام هەر لەدەستپێکەوە هەستی بەلاوازی‌و لەقیی هەڵوێستی خۆی کرد چونکە وای لێ هاتبوو کەدەبوایە دژی ئەو بڕیارانە بوەستێتەوە کە لەکۆنگرە بەڵێنی دابوو پێوەی پابەند دەبێ، لەسەرووی هەموویانەوە پاپەندبون بەبڕیارەکانی کۆمیتەی سەرکردایەتی. هەمزە بەنامە ئەندامانی سەرکردایەتی‌و ئەندامانی حزبی لەڕاو بۆچۆنەکانی خۆی ئاگاردار کردەوە. ئەم نامە نوسینە بەڵگەی ئەوەیە کەهەمزە هێشتا لەگێڕانەوەی دەسەڵاتی خۆی بێ ئۆمێد نەببوو. بەڵام لێرەدا دەرکەوت کە نەسازان‌و پێکەوە هەڵنەکردنی نێوان ئەوو کۆمیتەی سەرکردایەتی، کەجاران شاراوەو لەپشت پەردەوە بوو، تا دێ بەکەف‌و کوڵترو سەختگیرتر دەبێ.

هەمزە کەوتە هەوڵدان بۆ راکێشانی جەلال تاڵەبانی بەلای خۆیدا. لەم رووەوە بەنامە بیروڕاو پاساوو بیانووەکانی خۆی بۆ رون کردەوەو بەشێوەیەکی ژیرانە ویستی ئەندامان بکا بەگژ کۆمیتەی سەرکردایەتیدا. تاڵەبانی نەچوە ژێر باری پاساوەکانی‌و ئامۆژگاریی کرد میانڕەوی بنوێنێ، خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا بسازێنێ‌و کێشەو گۆبەند نەنێتەوە. بەڵام هەمزە وازی لەهەڵسوڕانی خۆی نەهێنا. شتێك، لەبابەتی کەللەڕەقی‌و فیزی رابەرایەتی، هانی دەدا کۆڵ نەداو ئومێدبڕ نەبێ. لەم سەروبەندەدا، کاتێك رێکخراوی حزب لەسلێمانی بیروڕاکانی بەهەند وەرگرت، هەمزە گەشایەوەو متمانەی بەخۆی پەیدا کردەوە. ئەم رێکخراوە هەر ئەو رێکخراوەیە کەپاشان دەچێتە پاڵ هەمزەوە. هەمزە لەبنەڕەتدا پێویستی بەوە نەبوو کەهەوڵێکی زۆر بۆ راکێشانی رێکخراوەکەی سلێمانی بەلای خۆیدا بدا، چونکە رێکخراوەکە لەبنەمادا کەیفی بەکۆمیتەی ناوەندی نەدەهات.

مەسەلەکە گەیشتە ئاستێکی ترسناك. لەکردەوەیەکدا کەهەر چۆنێك لێکدانەوەی بۆ بکرێ، هەر دەبێ بەو چەشنە تەماشا بکرێ کەڕەنگدانەوەی مەیلێکە بەلای سەرکێشیو یاخیبوندا، ڕێکخراوەکە لەڕاگەیەنراوێکدا تۆمەتی خیانەتی خستە پاڵ کۆمیتەی ناوەندییەوە گوایە کۆمیتەی ناوەندی کەمتەرخەمە لەدەرکردنی بڵاوکراوەی تایبەت بەپەروەردەی ئایدیۆلۆژی. ئەم مەسەلەیە ئەو دژوارییانە دەردەخا کەدێنە بەردەم ئەو حزبە شۆڕشگێڕانەی کەبنەما ئایدیۆلۆژییەکانیان پانتاییەکی فراوان بۆ ئازادیی رادەربڕین دابین ناکەنو ئەندامانیان لەسەر ئەوە رانەهاتون کەبیروڕای جیاوازی یەکتری پەسند بکەن. بەهۆی ئەمەوە، دەرفەتێکی زۆر بۆ پێکەوە ژیانی بیروڕا جیاوازەکان پێك نایەو ئەو حزبەش ناتوانێ کۆنترۆڵی ڕێکخراووشانەکانی بکا. داننەنانی بلۆکە ناتەباکان بەیەکتریو پێداگرتنی هەر یەکێکیان لەسەر راستو دروستیی بیرو بۆچونەکانیو بەچاوی سوك تەماشاکردنی بیروڕای گروپەکانی تر، لەقۆناغی پێش بەستنی کۆنگرەی سێیەم بەو ئاکامە گەیشت کەپشێویو پاشاگەردانییەکی زۆر باڵی بەسەر حزبدا کێشا.

هیچ شتێك ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کەهەمزە بەتەنگ یەکپارچەیی حزبەوە بووە. ئەو کاتەی لەسلێمانی لایەنگری بۆ خۆی پەیدا کرد، بەختی یار بوو. لەو هەلومەرجەدا، لەکاتێکدا کەدوبەرەکی کەوتە نێوان کۆمیتەی ناوەندیو سلێمانی، لێك نزیکبونەوەیەکی زۆر لەنێوان سلێمانیو هەمزە هاتە دی. لەکۆتاییدا هەمزە ڕێکخراوی سلێمانیی خستە پاڵ فراکسیۆنەکەیەوەو کەوتە کارکردن بەناوی باڵی پێشکەوتنخوازی پارتی دیموکراتی کوردەوە.

ئەم هەڵسوکەوتەی هەمزە زادەی بیروباوەڕ نەبوو، زۆرتر زادەی هەست کردن بوو بەستەملێکراویو دروستبونی هەڕەشە لەسەر

شەرعیەتیو رەنگە لەم تەنگوچەڵەمەیەدا بەو ئاکامە گەیشتبێ کەخۆی بەخاوەن مافو بێ گوناه دابنێ. هەمزە درەنگ پەی بەوە برد کەڕۆڵی وەك رابەری راستەقینەی پارتی دیموکرات، پاش کۆنگرەی دوو، بەکردەوە کۆتایی هاتووە. لەکۆنگرەدا بەزۆریی ژمارەی لایەنگرەکانی هەڵخەڵەتاو ئەم زۆرییە وای تێگەیاند کە بەئەندازەیەك باڵادەستو بەهێزە کەدەتوانێ مننەتی بەکەس نەبێ. کاتێك بڕیاری جیابونەوەی دا، چاك سەرودەری لەوە دەرکردبوو کە بەبونی رکابەری بەهێز لەناو حزب، پۆستی سکرتێر هیچ باڵادەستییەکی بۆ دابین ناکاو ئەو دەرفەتەی بۆ پێك ناهێنێ کەهەژمونی خۆی بەسەر کۆمیتەی ناوەندیدا بسەپێنێ. بەدەستهێنانی پۆستی سکرتێر کەمەبەستی بوو بەدەستی بهێنێتەوە، بەو ئەنجامە نەگەیشت کەببێ بەباڵادەستو یەکلاکەرەوە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە، ئەوەیە کەپاش کۆنگرەی دووەم، کاتێك کەوتە هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی دەسەڵاتو پێگەی جارانی، بۆی دەرکەوت کەمەسەلەکە لەوە دەرچووە کەبتوانێ حزب بەهەوەسو حەزی خۆی هەڵسوڕێنێ. لەوێدا زانی باڵادەستیو پێگەو دەسەڵاتی بونەتە بەشێك لەرابردوو. ئەم رەفتارەی نیشانی دەدا کەئەو، بەقەد ئەوەی کەپێویستە، بەتەنگ ئەوەوە نیە کەکێشەکانی لەگەڵ نەیارەکاندا بەخۆشی چارەسەر بکاو زۆرتر حەز دەکا بەچاوسورکردنەوەو هەڕەشەو گورەشەو خۆسەپاندن چارەسەر بۆ کێشەکان بدۆزێتەوە. سەرەنجام، خۆجیاکردنەوەی لەحزب، ئەو برە متمانەیەشی بۆ نەهێشتەوە کە تا ئەو کاتە لەحزبدا هەیبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکرات گوێی نەدایە ئەم کێشانەو لەزۆربەی شوێنەکاندا شانە نهێنییەکانی دامەزراندەوە. بەڵام هەر هەمزە نەبوو کە لەحزب جیا بۆوە. ساڵح روشدیش جیا بۆوە. روشدی رەوتێکی لەناو حزب بۆ خۆی دروست کردبوو، نە بەلای هەمزەدا

دایدەشکاند نە بەلای برایم ئەحمەددا. بەڵام پێش تەموزی ١٩٥٢، برایم ئەحمەد توانی شانو شکۆی حزب بچەسپێنێ. رەوشەکەش پەیتا پەیتا دەری خست کەروشدی کەوتۆتە پەلەقاژەو لایەنگرەکانی وردە وردە لێی دور دەکەونەوەو وازی لێ دەهێنن. برایم ئەحمەد بەشێوەیەکی ژیرانە ململانێکەی لەگەڵ سالح روشدیدا بەڕێوە بردو هەوڵەکانی بەو سەرەنجامە گەیشتن کەزۆربەی لایەنگرەکانی روشدیی گێڕایەوە لای خۆی. روشدی فریای هیچ نەکەوت. لەپڕ رەوتەکەی لەبەر یەك هەڵوەشایەوەو لایەنگرەکانی، یەك لەدوای یەك، وازیان لێ هێنا. گەیشتنی بەم ئاکامە، ئومێدبڕی کردو لەکۆتاییدا رەوتەکەی بەشێوەیەکی فەرمی هەڵوەشاندەوەو پەیوەندیی بەحزبی یەکبونی کۆمۆنیستەکانی عیراقەوە کرد.

پاش رەوینەوەی مەترسیی روشدی، پارتی دیموکرات دپلۆماسیەتی خۆی لەدژی رەوتەکەی هەمزە چڕ کردەوەو پلانی هێرشێکی تاکتیکیو پەیڕەوکردنی شێوازی هێرشی ناڕاستەخۆی دانا. بەم پێیە، لەبری روبەڕوبونەوەی راستەخۆ کەوتە بەکارهێنانی دپلۆماسیەتێکی ژیرانە بۆ گەمارۆدانی هەمزەو هێشتنەوەی بەبێ لایەنگر. کاتێك تاڵەبانی کەوتە دروست کردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنگرانی هەمزەدا، دەیزانی ئەرکێکی قورسی لەبەردەمدایە، بەڵام پەیوەندییەکانی نیشانیاندا کەئەگەر بتوانێ گومانی لایەنگرانی هەمزە لەسەرکردایەتیی حزب برەوێنێتەوە، دەتوانێ ئومێدێکی زۆر لەسەر دپلۆماسیەتی پەیوەندییەکان هەڵچنێ. پاش چەندین کۆبونەوەی دورو درێژ، توانی برێکی زۆری خراپ لێك حاڵیبونەکە نەهێڵێ. دیارە هەمزە ئاگای لەو هەموو جموجوڵە نەبووە. بەڵام هەر ئەوەندە هەمزە هەواڵی ئەو کۆبونەوانەی پێ گەیی، دەمو دەست هەموو بەهرە دپلوماسییەکانی خۆی بەکار هێنا، هەوڵەکانی تاڵەبانیی پوچەڵ کردەوەو بەگومانەوە

باسی هەر ڕێککەوتنێکی نێوان لایەنگرەکانی‌و تاڵەبانی کرد. مەسەلەکە وەك ململانێی نێوان دوو دپلۆماسیەتی دژ بەیەك‌و خاوەنی دوو ئامانجی جیاوازو پێچەوانەوە دێتە بەرچاو. دیارە هەمزە لەجموجوڵەکەی تاڵەبانی تۆقی بوو چونکە ئەم جموجوڵە مایەی هەڕەشە بوو بۆ سەر ئەو برە دەسەڵاتەی کەبۆ هەمزە مابۆوە، بۆیە هەمزە هەوڵ‌و تەقەللای خۆی بۆ پەکخستنی جموجوڵەکە خستە گەڕو لەئەنجامدا توانی متمانەی لایەنگرەکانی بەدەست بێنێتەوە. لایەنگرەکانی کەبەڵێنیان بەتاڵەبانی دابوو واز لەهەمزە دێنن، پەشیمان بونەوەو دەستبەرداری ئەو کۆبونەوانە بون کە لەگەڵ تاڵەبانی ئەنجامیان دەدا.

لەکانونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣، کاتێك کۆنگرەی سێیەم لەکەرکوك بەسترا، کۆنگرەکە هیچ لایەنگرێکی رەوتی هەمزەی تێدا نەبوو. ئەم کۆنگرەیە لەبارودۆخێکی سیاسیی وادا بەسترا کەچەپگەرایی تێیدا بەرەو توندڕەوییەکی زۆرتر هەنگاوی دەنا. چەپە کوردەکان کە لەژێر ئاڵای پارتی دیموکراتدا کۆ ببونەوە، باوەڕیان وابوو کەکاراکردنی خەبات لەو هەلومەرجەدا ئەرکێکی ئەخلاقییە. تەوژمی شۆڕشگێڕانە پارتی دیموکراتیشی لەگەڵ خۆیدا راماڵی‌و وای لێ کرد گۆڕانکاریی ریشەیی لەبەرنامە سیاسییەکەی بکا. لەم کۆنگرەیەدا حزب پاش ئەوەی بانگەشەی بۆ ئەوە کرد کەبورژوازی لەسەردەمی شۆڕشدا چیتر شایستەی رێز لێگرتن نیە، لێبڕاوانە بڕیاریدا واز لەڕیفۆرم بێنێ‌و روو لەشۆڕش بکا. لەم سۆنگەیەوە کۆنگرە پشتگیریی لەوە کرد کەحزب ببێ بەحزبێکی شۆڕشگێڕو راستەوخۆو بەرونی، پەیڕەوی لەمارکسیزم بکات.

ئەم وەرچەرخانە کتوپڕە وای لەپارتی دیموکرات کرد ببێ بەحزبێك کەتێڕوانینە ئایدۆلۆژییەکانی هیچ جیاوازییەکیان لەتێڕوانینە

ئایدیۆلۆژییەکانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق نەبێ. دیارە هەست کردن بەچەوسانەوەی نەتەوەیی‌و بێئومێدبون لەوەدی هێنانی ئامانجەکان بەڕێوشوێنی ریفۆرمیستی، هاندەری سەرەکیی داشکاندن بوو بەلای مارکسیزمدا. لەم مەسەلەیەدا وەرچەرخانی پارتی دیموکرات بەلای مارکسیزمدا رەنگدانەوەی لەدەستدانی متمانەیە بەڕیفۆرم.

بەڵام، بەشێوەیەکی گشتی، ئەم وەرچەرخانە لەو کەش‌و هەوا گشتییە جیا ناکرێتەوە کە لەو دەمەدا خۆی بەسەر رەوت‌و گروپە چەپەکانی عیراقدا سەپاند بوو. لەهەلومەرجی ئەو دەمەدا ئۆپۆزیسیۆنی چەپ بەرەو توندڕەوییەکی ئایدیۆلۆژیی زۆرتر دەڕۆیی. خۆبەستنەوە بەکۆمۆنیزمی سۆڤێتی بارودۆخێکی وای لەگەڵ خۆیدا هێنابووە کایەوە کەتێیدا پشتیوانییەکی زۆرترو گەرم‌و گوڕتر لەتێڕوانینە ئایدیۆلۆژییەکانی مۆسکۆ دەکرا. ئەمەش بەکردەوە بەشێوەی توندڕەوییەکی خەستی چەپڕەوانە خۆی نواند. ستالین لەکۆنگرەی نۆیەمی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت لەتشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٢ وتارێکی خوێندبۆوە، بورژوازیی تێدا شەرمەزار کردبوو و هیچ بوارێکی بۆ لێك تێگەیشتن لەگەڵ بورژوازیدا نەهێشتبۆوە. لەم وتارەدا ستالین لەتێڕوانینەکانی پێشوی خۆی پەشیمان ببۆوە کەتێیدا بانگەشەی بۆ گەیشتن بەلێك تێگەیشتن‌و هاوکاری لەگەڵ بورژوازیدا کردبوو، واش پاساوی بۆ پەشیمانبونەوەکەی هێنابۆوە کەبورژوازی "زۆر گۆڕاوە"، لەوە تێپەڕیوە کەمتمانەی پێ بکرێ، بۆتە "دوژمنی سەرەکیی بزوتنەوەی رزگاریخواز"و گەیشتۆتە ئەو ئاستەی کە "کۆنەپەرستتر بووەو هیچ رایەڵەیەکی لەگەڵ گەلدا نەماوە".

بۆچونە تازەکانی ستالین وایان لەچەپی عیراق کرد زۆرتر بەلای توندڕەویدا دابشکێنێ. کۆمۆنیستەکانی عیراق بۆ ماوەی چەند

مانگێك، خۆیان بەتاوتۆی كردنی ئەو پرۆگرامەوە خەریك كرد كەفەهد كردبوی بەپەیڕەوی كاری حزبو بەوپەڕی توندوتیژییەوە كەوتنە توانج تێگرتنی. كۆمۆنیستەكان لەپرۆگرامە میانڕەوەكەی فەهد بێزار ببون و لەكانونی یەكەمی ساڵی ١٩٥٢ بەدواوە دەستیان كرد بەبیركردنەوە لەئافەروزكردنیو دانانی پرۆگرامێكی شۆڕشگێرانە لەجێی. لەو كۆنگرەیەی كەساڵی پاشتر بەستیان، ئامانجە سیاسییەكەیان كردە بەدیهێنانی "كۆمارێكی گەلی كەنوێنەرایەتیی ویستی كرێكاران و جوتیاران و جەماوەری گەل بكا". پەتای توندڕەویی شۆڕشگێرانە چەپە كوردەكانیشی گرتەوەو ئەوانیش، وەك كۆمۆنیستەكان، كەوتنە رەخنەگرتن لەپرۆگرامەكەی فەهد. ئەگەر یەكەم نامەی جەلال تالەبانی بۆ مەلا مستەفا بخوێنینەوە، سەرنجی ئەوە دەدەین كەتالەبانی رەخنە لەپرۆگرامەكەی فەهد دەگرێو بەپرۆگرامێكی "راستڕەو"ی دادەنێ چونكە ئەم پرۆگرامە داوای "دیموكراسیی بورژوازی" دەكا نەك "دیموكراسیی گەلی". لێرەدا بیروباوەڕی تالەبانی رەنگدانەوەی بیروباوەڕی سەركردایەتیی پارتی دیموكراتە.

بەكردەوە، گوێزانەوە لەنەتەوایەتییەوە بۆ ماركسیزم هیچی لەمەسەلەكە نەگۆڕی. بەڵام كۆنگرەكە خوێندنگەیەكی فەلسەفیی نوێی لێ كەوتەوە، ئومێدی لەسەر ئەوە هەڵدەچنی كە لەئایندەدا دەوڵەتێكی شۆڕشگێڕ لەعیراقدا پەیدا ببێو ئەم دەوڵەتە چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتیو سیاسیو ئابورییەكانی كورد بكا. ئەو دەوڵەتەی كەكۆنگرەكە هیوای پێ بوو، لەعیراقدا لەئارادا نەبوو بەڵام كۆنگرەكە باوەڕی تەواوی بەوە هەبوو كەپەیدابونی، لەسۆنگەی هەڵسوڕانی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕەوە، شتێكی لەگومان بەدەرە. ئەم باوەڕە پتەوە كەهیچ بەڵگەیەكی ماددی پشتیوانیی لێ نەدەكرد، پەیدابونی

دەوڵەتێکی شۆڕشگێڕی لەعیراق کردبوو بەمەرج بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد. نۆڕینی کۆنگرەکە بۆ ئایندەو پشت بەستنی بەگریمانەی دڵخۆشکەری بێ بنەما، زۆرتر لەبیرکردنەوەیەکی ساویلکانە دەچێ. کۆنگرە زۆرتر بەمەسەلە ئایدیۆلۆژییەکانەوە خەریك بوو و بەهۆی ئەمەوە لەو ڕێوشوێنانەی نەکۆڵییەوە کە بەدیهێنانی داخوازییەکانی کورد مسۆگەر دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کەگیانو خرۆشانێکی شۆڕشگێڕانەی جۆش سەندوو باڵی بەسەر بابەتە تاوتوێکراوەکاندا کێشابوو، کەچی کۆنگرە نە بانگەشەی بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش کرد لەشاخو نە بەرنامەی بۆ جولاندنی شەقام دانا لەشار. هیچ بڕیارێکی کۆنگرە لەسنوری رستەسازیو کەفو کوڵی شۆڕشگێڕانە نەترازا.

لەڕوی تیۆرییەوە، هەمو ئەندامانی کۆنگرە پشتیوانییان لەڕەوایی شۆڕش کردو باوەڕی تەواویان بەوە هەبوو کەشۆڕش ئەو دەرمانەیە کەدەردەکان تیمار دەکا. هەموو ئەوانەی ئەمە بیروباوەڕیان بوو، لەو گروپەی سیاسەتمەداران بون کەتۆزقالێك گومانیان لەوەدا نەبوو کەجیهان بەرەو بەدی هێنانی ئاواتی مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێو کۆمەڵگایەکی بێ چەوسانەوەو رزگاربوو لەجەنگ دێتە دی. ئەوانە لەو بڕوایەدا بون کەپاش ئەوەی مرۆڤایەتی خەباتێکی سەختو بێ وچانو نەپساوە دەکاو پێ دەنێتە قۆناغێکەوە کەهیچ جۆرە چینێکی تێدا نامێنێ، ململانێ کەداینەمۆی بزوێنەری پێشکەوتنو ژیانە، کۆتایی دێو ژیان بەبێ ململانێی کۆمەلایەتی بەرێوە دەچێ.

ئاشکرایە کەئەو وەرچەرخانە توندوتیژو خێراو کتوپڕە بەلای توندڕەویی ئایدیۆلۆژیدا، پەراوێزێکی تەنگەبەری بۆ مانۆری سیاسی بۆ پارتی دیموکرات هێشتەوە. بۆیە، لێرە بەدواوە، دەزگا ئەمنییەکان

پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی کۆمۆنیستی عیراق زۆر لیّك جیا ناکەنەوەو هەردوکیان بەیەك چاو تەماشا دەکەن.
کۆنگرە باوەڕی ڕەهای بە وەدەست هیّنانی سەرکەوتن بەسەر ئیمپریالیزمدا هەبوو. دەستەواژەی "ئیمپریالیزم" کەلیّرە بەکار هیّنراوە، گوزارشتیّکی نارۆشنو تەمومژاوییە، ئاماژە بۆ دوژمنی میّژوییو جیهانیی چینی کریّکارو گەلانی ستەمدیدە دەکاو ئۆبالّی جەنگو دواکەوتنو شەڕانگیّزیو چەوسانەوەو زولّمو زۆری دەخاتە پالّ. کۆنگرە، دوای ئەوەی کەئەندامەکان لەسەر پەسندکردنی مارکسیزم گیرسانەوە، بانگەشەی بۆ ئەو تیۆرییە کرد کەتاکە دۆستی دلّسۆزی مەسەلەی کوردو هاوپەیمانی ئایدیۆلۆژیی مسۆگەر کە بەهیچ شیّوەیەك مەبەستی بەدەست هیّنانی قازانجی ماددی نیە، یەکیّتیی سۆڤیّتو بلۆکی کۆمۆنیستە.
بیّگومان لەو سەردەمەدا کورد بەخۆڕایی لەسیاسەتی رۆژئاوا بەگومان نەکەوتبوو. یادەوەریی لەخشتەبردنی کورد لەسەروبەندی واژۆکردنی پەیمانی لۆزان لەسالّی ١٩٢٤و پشتیوانیی بریتانیا لەبەغدا لەململانێیدا لەگەلّ کورد، هەمیشە لەمیّشکی کورددا زیندو بون. سیاسەتی بریتانیا کە بەشیّوەیەکی گشتی پشتیوانیی لەبەغدا دەکرد، یارمەتیی ئەوەی نەدا کە کورد بەرەو میانڕەوی بچیّ. لەم چوارچیّوەیەدا کورد وا تیّگەیشت کەپشتیوانی کردن لەمۆسکۆ لەململانیّی جیهانیی نیّوان سۆسیالیزمو سەرمایەداریدا، کەمترین شتە کەبۆ تۆلّەکردنەوە لەرۆژئاوای کۆلۆنیالیست بکریّ، لەو دیدەوە کەرۆژئاوا ڕیّی نەداوە کورد دەولّەتیّکی سەربەخۆی هەبیّ. رادیکالەکانی کورد بڕو بیانویەکی زۆریان بۆ ناساندنی مۆسکۆ وەك دۆستی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بلاّوکردەوە.

ئەو رادیکالانە بەفراوانترین شێوە رۆژئاوای کۆلۆنیالیستیان لە بەرچاوی شەقامی کورد ناشیرینو شەرمەزار کرد بەڵام ناساندنی روس وەك دۆستو هاوپەیمانی کورد هەمیشە وەك تیۆرییەك مایەوە کەساغکردنەوەی پێویستی بەبڕێکی زۆر بەڵگەی بەهێز بوو. پارتی دیموکرات کە لەنیازو سیاسەتی کۆلۆنیالیزمی رۆژئاوایی خانەگومان بوو، لەوە نەگەیشتبوو کەهەڵوێستی دۆستانەی بەرامبەر بەڕوسەکان زۆرتر لەدڵدارییەکی یەکلایەنە دەچێ. لەڕوی تیۆرییەوە، رادیکالەکانی کورد لەسیاسەتی روس بەگومان نەکەوتبونو باوەڕی کوێرانەیان بەڕەوایی شۆڕشەکەی روسیا وای لێ کردبون بەچاوی خۆشەویستیو دۆستایەتییەوە بڕواننە مۆسکۆ. بەڵام بەکردەوە، مەسەلەکە شتێکی تر بوو. لەسەردەمی شۆڕشی ساڵی ١٩١٧ی بەلشەفیکەکانەوە، هیچ بەڵگەیەك ئاماژە بۆ ئەوە ناکا کەڕوسەکان بایەخێکی گونجاویان بەمەسەلەی کورد داوە. تەنانەت لەساڵی ١٩٤٦یش، کاتێك پشتیوانیی مۆسکۆ لەکورد گەیشت بەئەوەگ، ستالین بەرژەوەندیی ئازەرو کوردی ئێرانی فەرامۆش کردو لێگەڕا تاران بەپشتیوانیی رۆژئاوا دوو کۆمارەکەی ئازەربایجانو کوردستان لەبەر یەك هەڵبوەشێنێتەوە، چونکە لای وابوو رێککەوتنی لەگەڵ قەوامولسەلتەنەی سەرەك وەزیرانی ئێران مافی دەرهێنانی نەوتی باکوری ئێرانی بۆ دابین دەکا.

ئەگەرچی سەرانی پارتی دیموکرات بەڕوکەش زۆر بەگەرمو گوڕی پشتیوانییان لەسیاسەتەکانی مۆسکۆ دەکرد، بەڵام لەناخەوە هەستیان بەوە نەدەکرد کەڕوسەکان مەسەلەی کورد بەهەند وەردەگرن. لەهەلومەرجی ئەو دەمەدا هیچ شتێك ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کەڕوسەکان ئامادەییان تێدایە "ئەرکی ئینتەرناسیونالیستیی" خۆیان بەرامبەر بەمەسەلەی چەوسانەوەی کوردی عیراق بەجێ بهێنن. زۆر

جار کۆنەپەرستو رۆشنبیرە بورژوازییەکان رادیکالەکانی پارتی دیموکراتیان بەگیر دەهێناو رەخنەیان لەمۆسکۆ دەگرت کەهیچ بایەخ بەخەباتی نەتەوەیی کورد نادا. دیارە رادیکالەکانی کورد وەڵامێکی یەکلاکەرەوەیان پێ نەبوەو شتێکی واشیان لەبەردەستدا نەبووە بیکەنە بەڵگەیەکی زیندوو بۆ نیشاندانی پشتیوانیی روس لەمەسەلەی کورد لەعیراق. تاڵەبانی کەدوو نامەی بۆ مەلا مستەفا نوسیوە، بەپێویستی زانیوە ئەوەی بەگوێدا بدا کەحزبەکەی پێویستی بە بەڵگەیەکی ماددیی بەهێزە تا بتوانێ هەمو ئەوانەی پێ دەمکوت بکا کەدەڵێن گوایە سەرانی روس گوێ نادەنە مەسەلەی کورد، بەڵام لەم سەروبەندەدا هەر ئەوەندەی لەدەست هات کەهانا بۆ مەلا مستەفا بباو داوای لێ بکا هەموو رێوشوێنێك بگرێتە بەر بۆ هاندانی سەرانی روس بۆ پێشکەش کردنی بەڵگەی زیندوو لەسەر پشتیوانی کردنیان لەئامانجەکانی کورد.

تاڵەبانی داواکەی ورد کردەوەو نیشانی دا کەپێویستە ئێزگەیەك بەزمانی کوردی لەمۆسکۆ هەبێو لەم روەوە نوسیبوی "ئێمە بەپێویستی دەزانین بەشی کوردی لەڕادیۆی مۆسکۆ هەبێ یان ئێزگەیەکی وەك ئێزگەکەی ئازەربایجان هەبێ". تاڵەبانی دەیویست ئەوە لەمەلا مستەفا بگەیەنێ کەمەسەلەکە لەپرۆپاگەندە تێناپەڕێو ناگاتە رادەی دەربڕینی هەڵوێستێکی سیاسیی ئاشکرا. لەم بارەیەشەوە چەند بەڵگەیەکی زیندوی بۆ هێنایەوەو باسی ئەوەی بۆ کرد کەئینگلیزەکان پشتگیریی گیوو موکریانییان کردووە، کەرۆشنبیرێکی کوردی بەرەچەڵەك ئێرانییە، بۆ دەرکردنی گۆڤاری هەفتانەی "هەتاو" لەهەولێرو لەسەرەتادا نیاز وابوە کۆنسوڵگەریی بریتانیا لەموسل خۆی سەرپەرشتیی دەرکردنی ئەم گۆڤارە بکات. هەروەها باسی ئەوەشی بۆ کرد کەکۆمپانیای نەوتی عیراق(I P C) پەیوەندیی

بەچەند رۆشبیرێکی راستڕەوی کوردەوە کردووەو بەڵێنی پشتگیریی پێ داون بۆ دەرکردنی هەندێ گۆڤار بەزمانی کوردی بۆ بەرپەرچدانەوەی کۆمۆنیزم. ئەوەشی بەنمونە هێنایەوە کەئەمریکییەکان باڵیۆزخانەکەی بەغدایان راسپاردووە گۆڤاری "پەیام" دەرکاو لەوەش دەکۆڵنەوە کەبەشێکی تایبەت بەزمانی کوردی لەرادیۆی "دەنگی ئەمریکا" بکەنەوە، جگە لەوەی کەسەرانی عیراقو ئێران بەهۆی رادیۆ کوردییەکانی بەغداو تارانو سنەوە تا رادەیەکی زۆر توانیویانە بیروڕاو تێڕوانینەکانیان بڵاو بکەنەوە.

کەواتە، هیچ لەمپەرێك لەبەردەم ئەوەدا نەبووە کەڕوسەکان رادیۆیەکی کوردی دابمەزرێننو بەهۆیەوە بیروباوەڕی خۆیان بڵاو بکەنەوە، بەتایبەتی کە بەزمانی عەرەبیو تورکیو ئازەری چەند رادیۆیەکیان هەبووە.

تاڵەبانی هەمو بەهرەو تواناکانی خۆی بەکار هێناو مەلا مستەفای هاندا بکەوێتە گەڕ بۆ جێبەجێ کردنی پێشنیارەکەی. دوای دوو ساڵ، واتە لەساڵی ١٩٥٧دا، دەبینین تاڵەبانی لەنامەی دووەمیدا پێ لەسەر هەمان پێشنیاری ساڵی ١٩٥٥ دادەگرێو هەمان پاساوو بیانووەکانی پێشوو دوبارە دەکاتەوە. جیاوازییەکە لەوەدا بوو کەئەمجارە لەجاری پێشوو زیاتر پێی لەسەر جێبەجێ کردنی داواکەی داگرتبوو. لەو نامەیەدا دیسان تاڵەبانی هانای بردۆتە بەر مەلا مستەفاو پێدەچێ ئەوەی لەبیر چووبێ کەدوو ساڵ لەمەوبەر پێشنیارەکەی پشت گوێ خراوەو هیچی لێ نەکەوتۆتەوە. ئەمجارە دەبینین بەهەڵچونو سوربونێکی زۆرترەوە باسی هەمان خاڵ دەکا، بەڕادەیەك کە لەم نامەیەدا سێ جار پێشنیارەکە دوبارە دەکاتەوەو چەندی لەتوانا دایە گوزارەی کاریگەرو هەست بزوێن بەکار دێنێ. لەنامەکەدا نوسیویەتی "... نەبونی ئێزگەیەکی سۆڤێتی بەزمانی کوردیو دەرنەکەوتنی

هەڵوێستی یەکێتیی سۆڤێت بەرامبەر کوردستان بەشێوەیەکی رونو ئاشکراو باس نەکردنی هیچ شتێك دەربارەی کوردو کوردستان لەلایەن یەکێتیی سۆڤێتەوە، شەرمەزارمان دەکاو کاریگەریی خراپ لەسەر بەشێکی جەماوەری سادەو ساویلکەو روناکبیرە بورژوازییەکانی کورد بەجێ دێڵێ کە لەداخان دەپرسن: بۆچی یەکێتیی سۆڤێت، وەك ئەوەی کەیارمەتیی عەرەب دەدا، یارمەتیی کورد نادا؟". تاڵەبانی لەنامەکەیدا سڵی لەوە نەکردۆتەوە کە بەشێوەیەکی نارِاستەوخۆو رەنگە بەئەنقەست ئاماژە بۆ ئەوە بکا کەخەریکە کورد لەنیازی روس بەگومان دەکەوێ. هەر لەو نامەیەدا بۆ "نەهێشتنی هیچ شكو گومانێك لەیەکێتیی سۆڤێت لەناو کورددا" دەچێتە سەر ئەوەی کەپێویستە بەشێکی کوردی لەرادیۆی مۆسکۆ هەبێ. تاڵەبانی داوای لەمەلا مستەفا کرد پێشنیارەکە بخاتە بەردەم روسەکانەوە.

هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نیە کەمەلا مستەفا پێشنیارەکەی تاڵەبانیی بەهەند وەرگرتووە. زۆرتر بیر بۆ ئەوە دەچێ کەمەلا مستەفا ئەم پێشنیارەی پشت گوێ خستووەو نەیخستۆتە بەردەم روسەکانەوە، بەتایبەتی کەئەو لەم بوارەدا ئەزمونێکی تفتو تاڵی لەگەڵ روسەکاندا هەبووە. لەکتێبەکەیدا دەربارەی خەباتو تێکۆشانی مەلا مستەفای باوکی، مەسعود بارزانی بەهیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکا کەمەلا مستەفا لەگەڵ روسەکاندا مەسەلەی دامەزراندنی ئێزگەیەکی کوردیی وروژاندووە. تاڵەبانیو هەروەها سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات زۆر درەنگ لەو راستییە گەیشتن کەمەلا مستەفا بەدرێژایی ماوەی مانەوەی لەیەکێتیی سۆڤێتدا، هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دیدی روس بۆ مەسەلەی کورد نەبوەو بەهیچ شێوەیەکیش رێی پێ نەدراوە تخونی ئەو مەسەلانە بکەوێ کەزۆرتر پەیوەندییان بەسیاسەتی باڵای دەوڵەتەوە هەبووە.

خودی مەلا مستەفا بەدەست ساردو سڕیی روسەکانەوە گیری خواردبوو. ئەوەی کەتاڵەبانی پێشنیاری کردبوو، هەمان ئەو پێشنیارەیە کەمەلا مستەفا لەساڵی ١٩٤٧دا، پاش پێنج مانگ لەهانا بردنی بۆ روسیا، پێشکەشی کردوە. ئەوسا، نامەیەکی بۆ باقرۆفی سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی سۆڤێتو بەرپرسی کاروباری گەلانی رۆژهەلاتی پارتی کۆمۆنیستی یەکێتیی سۆڤێت نوسیبوو، هانی دابوو بکەوێتە جموجوڵ بۆ پشتگیری کردنی خەباتی کوردو بەراشکاوی گلەیی ئەوەی کردبوو کەسەرەڕای ئەو هەموو شەڕەی کەبارزانییەکان پاش روخانی کۆماری مەهەباد کردویانە "هیچ یەکێ لەدوو ئێزگەکەی مۆسکۆو ئازەربایجان تاکە وشەیەکیان دەربارەی ئەو شەڕانە بلاو نەکردۆتەوە". ناوەرۆکی نامەکەی مەلا مستەفا مایەی تێڕامانە چونکە بەڵگەی ئەوەیە کەمەلا مستەفا هەرگیز بەبیریدا نەهاتووە روسەکان دەستبەرداری کورد بن. بۆیە، کاتێك بینیویەتی ورتەیان لێوە نایەو خۆیان لەرووداوەکانی کوردستان بێدەنگ دەکەن، توشی شۆك بووەو هیچ ئومێدی پێ نەماون. کاتێك مەلا مستەفا پەی بەوە برد کەباقرۆف بەچاوێکی سوکەوە سەیری کورد دەکا، داوای لێ نەکرد ئێزگەیەك بەزمانی کوردی لەباکۆ دابمەزرێنێ، بەڵکو تکای ئەوەی لێ کرد کە"داوا لەرادیۆی ئازەربایجان بکا بەشێکی ماوەی بەخش کردنی بۆ پەخش کردن بەزمانی کوردی تەرخان بکا". سەرکردایەتیی پارتی دیموکرات ئاگای لەوە نەبوو کەمەلا مستەفا گیری بەدەست کاربەدەستانی یەکێتیی سۆڤێتەوە خواردوە. بۆیە لەهەلومەرجێکی وادا، پێداگرتن لەسەر پێشنیاری دانانی ئێزگەیەکی کوردی وەك کوتانی ئاسنی سارد وابوو.

بەهەر حاڵ، کۆنگرەی کەرکوك بەهەموو پێوانەکان کۆنگرەیەکی سەرکەوتوو بوو. لەم کۆنگرەیەدا، حزب بەرهەڵستکارەکانی لەکۆڵ

بۆوەو هەمزە عەبدوڵڵاش دەرکرا. هەروەها سەرکردایەتییەك لەیانزە ئەندام بەسەرۆکایەتیی برایم ئەحمەد هەڵبژێردرا. کۆنگرە مەلا مستەفای بەسەرۆكو میرحاج ئەحمەدی بەئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژاردەوە. ئەمانە هەردوکیان لەساڵی ١٩٤٧ـەوە لەیەکێتیی سۆڤێت بون.

کۆنگرەی کەرکوك بۆ دوو کەس کە بەسەرسەختترین نەیاری هەمزە دادەندرێنو بریتین لەعەلی عەبدوڵڵاو برایم ئەحمەد، بەسەرکەوتنێکی گەورە دەژمێردرێ. ساڵی ١٩٤٦ کەس بەقەد عەلی عەبدوڵڵا پشتگیریی لەهەمزە نەکرد. ئەگەر ئەو نەبوایەو ئەگەر پێی لەسەر هەڵوەشاندنەوەی پارتی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراقو پێویستیی دامەزراندنی پارتی دیموکرات دانەگرتایە، هەرگیز هەمزە نە لایەنگری بۆ دامەزراندنی پارتی دیموکرات پێ کۆ دەکرایەوەو نە پۆستی سکرتێری حزبی بۆ خۆی مسۆگەر دەکرد. لەو ماوەیەی کەپێکەوە کاریان کردووە، پێدەچێ عەلی عەبدوڵڵا لەهەمزە بێئومێد بووبێو باوەڕی تەواوی بەوە پەیدا کردبێ کەهەڵسوکەوتی هەمزە بەو چاك ناکرێتەوە. بەم هۆیەوە، پەیتا پەیتا چۆتە سەر ئەو باوەڕەی کەئەگەر هەمزە بەردەوام بێ لەسەر ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە خراپەی کاروباری حزب، کەس ناتوانێ گەرەنتیی پەیدابونی حزبێکی بەهێز بکا. ئەم بیرو بۆچونانەی، بەچەشنێك لەکۆنگرەی کەرکوك رەنگیان دایەوە کەبەرژەوەندیی هەمزەیان تێدا نەبوو. هەر لەو کۆنگرەیەدا، نەیارە بەهێزەکەی دیکەی هەمزە، واتە برایم ئەحمەد، ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا کەدەست بەسەر حزبدا بگرێو بەو جۆرە هەڵی بسوڕێنێ کەخۆی دەیەوێ. بۆ برایم ئەحمەد، سەرکەوتنەکەی زۆر دیارو زەق بوو، چونکە ئەو نەك هەر توانی شەرعیەتی هەمزە تێك بشکێنێ، بەڵکو واوەتریش رۆییو توانی ئەلتەرناتیڤێکی شەرعیی بۆ بدۆزێتەوە. لەم کارەدا برایم

ئەحمەد سودی لەوە وەرگرتبوو کەهەمزە بەدەستی خۆی هیچ شەرعیەتێکی بۆ خۆی نەهێشتووە چونکە کۆشش بۆ لەتکردنی حزبو ئاژاوەنانەوەو دروست کردنی گێرەشێوێنی، بەو ئاکامە گەیشتن کەبونە مایەی لەکەدارکردنی شەرعیەتەکەی هەمزە. لەم چوارچێوەیەدا، هەمزە لەگەرمەی هەست کردنی بەوەی کە گەلەکۆمەکێی لێ دەکرێو گەڕی پێ دەکرێ، ئەوەی لەبیر چۆوە کە شەرعیەت، زۆربەی کات، هاوتای پاکیزەییەو کاتێك شەرعیەت پیسو چەپەڵ دەبێ، پاکیزەیی بەهای خۆی لەدەست دەدا. ئەوەی کەهەمزە پەی پێ نەبردوە، ئەوەیە کەشەرعیەت هەرچەند تۆکمەو سەقامگیرو پتەو بێ، ناتوانێ هەموو رەفتارو کردەوەیەکی نەشیاو، بەبیانوی شۆڕشگێڕییەوە بکا بەڕەفتارو کردەوەیەکی شیاو.

کۆنگرەکە بنەمای شەرعیەتی چەسپاند. رزگاربونی حزب لەهەمزە، لەو گۆشە نیگایەوە کەپڕۆسەکە بەبێ دودڵی ئەنجام دراو روبەڕوی نارەزاییەکی زۆر نەبۆوە، بوە مایەی دابین کردنی مەرجی پێویست بۆ هێنانە دیی سەقامگیرییەکی ناوخۆیی گونجاوو دروست کردنی کۆدەنگی لەسەر پرنسیپی شەرعیەت. قۆناغی نێوان ١٩٥٣-١٩٥٨ قۆناغی سەقامگیریی حزبە کە لەبەرەنجامی کۆتاییدا هەیبەتو پێگەی حزبی پتەوتر کردن.

لەساڵی ١٩٥٣ بەدواوە، دەبینین پارتی بایەخێکی زۆرتر بەلادێ دەدا. دیارە ئەم بایەخدانە بەلادێ ئەوەندەی کە لەژێر کاریگەریی پڕۆپاگەندەی ئایدیۆلۆژی بووە، ئەوەندە رەنگدانەوەی پێداویستییە ماددییەکان نەبوە. پارتی دیموکرات کە لەکۆنگرەی سێیەم بەدواوە دەبوایە لەدیدگای مارکسیزمەوە بڕوانێتە سیاسەت، بانگەشەی بۆ تیۆریی هاوپەیمانیی کرێکارانو جوتیاران کرد. لەم سەروبەندەشدا ئەم تیۆرییە مارکسیستییەی کە لەسەردەمی ستالیندا باوی سەندو

بانگەشەی بۆ ئەوە دەکرد کەمەسەلەی نەتەوایەتی لەبنەمادا مەسەلەی رزگاریی جوتیارانە، زۆر بەدڵی پارتی دیموکرات بوو. لەبەر رۆشنایی ئەم تیۆرییە، پارتی کەوتە بانگەشەکردن بۆ پێویستیی دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی زانستی بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی لەسەر بنچینەی ئەنجامدانی چاکسازییەکی شۆڕشگێڕانە لەبواری کشتوکاڵدا. بەڵام ئەم دەستەواژانە لەقسەی سەر زار بەولاوە هیچی دی نەبون. بەکردەوە، پارتی دیموکرات وەك حزبێکی شاری مایەوە. ئەگەرچی لەئێش‌و ئازاری جوتیاران دور نەبوو و سروشتی پەیوەندییەکانی لادێی بەباشی تێگەیشتبوو، بەڵام لەخۆی رانەدەبینی بتوانێ بەئاشکراو بەبێ سڵکردنەوە روبەڕوی زەویدارە دەرەبەگەکان ببێتەوە. بەهۆی ئەمەوە لەهەڵسوڕاندا هیچ بەرنامەیەکی بۆ هاندانی جوتیاران لەدژی زەویدارە دەرەبەگەکان دانەنا. بەپێچەوانەوە، ریزەکانی هەمیشە کەسانی وایان تێدا بوو کە لەڕیشەی دەرەبەگانەی خۆیان دانەبڕا بون. ئەمە رونی دەکاتەوە کەپارتی دیموکرات سەرەڕای ئەوەی کە لەو قۆناغەدا خۆی بەحزبێکی شۆڕشگێڕو مارکسیست داناوە، لەگەوهەردا ئەوەندەی وەك نوێنەری بزوتنەوەی نەتەوایەتی دەرکەوتوە، ئەوەندە وەك نوێنەری خەباتی چینایەتی دەرنەکەوتوە.

ئەم ناکۆکییە ئایدیۆلۆژییە هۆی تایبەتی هەیەو لەڕاستیدا رەنگدانەوەی رەوشی ناوخۆی حزبەکەیە. لەکاتێکدا سەرکردایەتی بەلای مارکسیزمدا دایشکاندبوو، زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان‌و جەماوەری فراوانی حزب بیروباوەڕی نەتەوایەتی بەسەریاندا زاڵ بوو، زۆربەی جاریش بیرو بۆچونە نەتەوەییەکانیان لەگەڵ مارکسیزمدا یەکیان نەدەگرتەوە.

سەرەڕای هەموو شتێك، پارتی دیموکرات هەوڵیدا پەلوپۆ بهاوێتە لادێ‌و لەوە رزگاری بێ کەپێکهاتەکەی لەبنەڕەتدا پێکهاتەیەکی

شارییە. رەنگە بەشێکی هۆی ئەم هەوڵە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کەویستویەتی سنورێك بۆ هەڵسوڕانی پارتی کۆمۆنیستی عیراق لەنێو جوتیارانی کورد دابنێ. کۆمۆنیستەکان سەلماندبویان کەدەتوانن پشێویی کۆمەڵایەتیی بەڕوخسار جوتیارانە لەدژی شێخە دەرەبەگەکانو ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ دروست بکەن. کۆمۆنیستەکان لەساڵی ١٩٥٢ دەستیان هەبوو لەهاندانی جوتیارانی باشوری هەولێر دژی ئاغا دزەییەکانو هەروەها لەهاندانی جوتیارانی عەربەت لەدژی ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ. ئەم دوو روداوە نیشانەی ئەوەن کەکۆمۆنیستەکان توانیویانە هەستی چینایەتیی جوتیاران بۆ نانەوەی کێشەی کۆمەڵایەتی بەکار بێنن.

پارتی دیموکرات سەندیکایەکی بۆ جوتیاران دروست کردو هاوسۆزیی خۆی بۆ داخوازییەکانیان نیشاندا. ئەمەش یارمەتیی ئەوەی دا پەلوپۆ بهاوێتە ناو جوتیارانی کۆیەو رانیەو باڵەکایەتی.

ساڵی ١٩٥٥ تاڵەبانی لەیەکەم نامەی بۆ مەلا مستەفا دەڵێ "چەند خێڵێکی سەر بەحزب هەیە". دەشێ مەبەست لەم گوزارە تەمومژاوییە ئەوە بێ کەحزب لەهەڵسوڕانی سیاسیدا هەنگاوێك بۆ پێشەوە چووەو لەبری کارکردن لەناو جوتیاران، چۆتە سەر کارکردن لەناو خێڵەکان. ئەگەر ئەوە بزانین کەهیچ خێڵێك لەسۆنگەی هەژمونی پەیوەندییە باوك سالارییەکانەوە، بەبێ رەزامەندیی سەرخێڵو ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵ ناتوانێ مەیلی سیاسیی خۆی دەربڕێ، دەتوانین وا لەگوزارەکە بگەین کەمەبەستی تاڵەبانی ئەوەیە کەپارتی دیموکرات لەڕەوتی هەوڵداندا بۆ پتەوکردنی پێگەی خۆی، توانیویەتی گەرا لەناو سەرانی خێڵەکانو هەندێ ئۆرۆستۆکۆاسیی دیاریکراوی کشتوکاڵدا دابنێ.

لێرەدا، تاڵەبانی رووداوێکی پڕ مانا بۆ مەلا مستەفا دەگێڕێتەوە کەمێژووی بۆ ساڵی ١٩٥٤ دەگەڕێتەوە. لەو ساڵەدا برایم ئەحمەد سەردانی هەندێ ناوچەی خێڵەکانی کردو لەوێ پێشوازییەکی گەرمی لێ کرا. لەنامەکەیدا بۆ مەلا مستەفا، تاڵەبانی باس لەوە دەکا کەخێڵەکان "ئاهەنگێکی جوانی پێشوازییان بۆ (برایم ئەحمەد) ساز کرد... کەهەزاران کەس‌و سەدان سوارەی تفەنگچی بەشدارییان تێدا کرد".

لەو هەلومەرجەدا پارتی دیموکرات بەو راستییە گەیشت کە حزبەکانی پێشوو زوتر پێی گەیشتبون، ئەویش ئەوەیە کەحزبی سیاسیی شاری هەر چەند کاراو دەستڕۆیشتوو بێ لەناو بورژوازیی شاردا، بەبێ پشتیوانیی خێڵەکان نابێتە خاوەنی هێزو هیچ سام و هەیبەتێکی نابێ. لێرەدا، وابەستەکردنی خێڵەکان بەحزبەوە دەبێتە پێوەری هێزو بەبێ مسۆگەرکردنی خێڵەکان، حزب لەڕێکخراوێکی شاریی تایبەت بەڕۆشنبیران‌و خوێندەواران شتێکی تر نابێ. پارتی دیموکرات پاش کۆنگرەی سێیەم، پەی بەم چەمکەی هێز بردو کردی بەبنەما بۆ خزمەت کردنی چالاکییە سیاسییەکانی دواتری. هەنگاوەکانی پارتی دیموکرات بەرەو خێڵەکان رونی دەکاتەوە کەنەیتوانیوە خۆی لەڕەچەڵەکی دێهاتییانەی داماڵێ. هۆی بنەڕەتیی بایەخدان بەلادێ دەچێتەوە سەر ئەوەی کەژمارەیەکی بەرچاوی سەرکردایەتیی حزب بەڕەچەڵەک دەچونەوە سەر ئۆرۆستۆکراسیی ئاینی یان ئۆرۆستۆکراسیی کشتوکاڵی.

# بەشی پێنجەم

## ساڵح حەیدەریو پێشینەکانی وازهێنان

## لە پارتی کۆمۆنیستی عیراق

ساڵی١٩٥٧ پەیوەندیی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستانو پارتی کۆمۆنیستی عیراق قەیرانێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی. ئەمجارە، داینەمۆی قەیرانەکە ساڵح حەیدەریو کەمال فوئاد بون کەدوو ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی عیراق بونو بڕیاریان دابوو واز لەحزبەکەی خۆیان بێننو پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکەن. لێرەدا مەسەلەکە هەر ئەوە نیە کەدوو ئەندامی پارتی کۆمۆنیست واز لەحزبەکەیان دێننو پەیوەندی بەحزبێکی ناسیونالیستی رکابەرەوە دەکەن. مەسەلەکە زۆر لەمە واوەترە رۆییوە. سەلام عادل، سکرتێری پارتی کۆمۆنیست، لەو گۆشە نیگایەوە سەیری ئەم کارەی کردوە کەمایەی هەڕەشەیە بۆ سەر حزبەکەی. تا ئەو کاتە، عادل باوەڕی نەدەکرد حەیدەریو فوئاد لەگەرمەی توڕەبونو رق هەستاندا کارێك بکەن ببێ بەمایەی زیان گەیاندن بەحزب. بەدەرچونی حەیدەریو فوئاد لەپارتی کۆمۆنیست دەرکەوت ئەستەمە حەزو ئارەزوی نەتەوەیی کورد بەچەردەیەك پاساوی ئینتەرناسیونالیستی دامرکێنرێتەوە.

ئەم روداوە لەمێژوی پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتو پارتی کۆمۆنیستدا بەیەکەم سەرکەوتنی سیاسیی پارتی دیموکرات بەسەر پارتی کۆمۆنیستدا دادەنرێ. چاکەی ئەم سەرکەوتنە ئەوەندەی

بۆ حەیدەری‌و فوئاد دەگەڕێتەوە، ئەوەندە بۆ ویست‌و توانای خودی پارتی دیموکرات ناگەڕێتەوە. ئەم دوو کۆمۆنیستە لەتێکۆشەرە دێرینەکانی بزوتنەوەی کۆمۆنیستین‌و رۆڵێکی دیاریان لەبڵاوکردنەوەی بیرۆکەی کۆمۆنیزمدا هەبوە. یەکەمیان لەساڵی ١٩٤٢ـەوە لەشانە کۆمۆنیستییەکاندا کاری کردووە، ئەوی دیکەش لەساڵی ١٩٤٧دا پەیوەندیی بەپارتی کۆمۆنیستەوە کردووە.

حەیدەری لەدایکبوی ساڵی ١٩٢٢ی هەولێرە، رەچەڵەکی بنەماڵەکەی دەچێتەوە سەر گوندی بیریات. بنەماڵەکەی بەدەم گرفتی داراییەوە دەتلایەوەو باوکی بەدەست قەرزوقۆڵەوە گیری خواردبوو. ئەم کەشە لێوانلێو پڕ خەم‌و پەژارەو مەینەتییە ئەوەندە ئاسەواری لەسەر سایکۆلۆژیای حەیدەری بەجێ هێشت کە وای لێکرد هەمیشە لەنیگەرانی‌و گرژی‌و ئاڵۆزیدا بژی.

سەرگوزشتەی ژیانی حەیدەری سەرگوزشتەی کەسێکی پەرێشان‌و ناجێگیرە. گەورەترین گیروگرفتی حەیدەری ئەوە بووە کەهەرگیز نەیتوانیوە بەئاسانی خۆی لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنێ. گومان‌و دڵەڕاوکێ، بەشێکی گرنگی شێوەی بیرکردنەوەی پێك هێناوە. ئەمە کارێکی وای کردبوو هەمیشە گومان لەدڵسۆزی‌و راستگۆیی هاوڕێکانی بکاو زوو زوو لەگەڵیان تێك بچێ. دەرونە گرژو پەرێشانەکەی‌و رژدی‌و سەختگیریی، بەچەشنێك دەیانبزواند کە مەیل‌و وازێکی بەکلّپ‌و هۆڕو جۆش سەندووەوە روبەڕوی نەیارەکانی ببێتەوە. هەڵسوکەوتی ئەوەندەی کەدەرهاوێشتەی پەلەپەلی‌و بێ بەرنامەیی بوو، ئەوەندە زادەی لێ وردبونەوەو تێڕامان نەبوو. ئەو نیگەرانی‌و ناجێگرییە تەنانەت بەسەر ژیانی گشتیشدا زاڵ بوو. ئەوە بۆ خۆی مایەی تێڕامانە کە لەماوەی دوو ساڵدا لانی کەم چوار جار شێوەی ژیانی گۆڕیوە. خودی خۆی لەسەرەتای دەستنوسی یاداشتەکانیدا

بەڕونی ئاماژە بۆ ئەمە دەکاو دەیگێڕێتەوە کەپاش بێزاربونی لەخوێندنی یاسا، وازی لەکۆلیجی ماف هێناو خۆی بۆ خانەی باڵای مامۆستایان گواستەوە، بەڵام لەوێش زۆری نەبرد بێزار بوو، بۆیە وازی لەخوێندن هێناو لەبەڕێوەبەراتیی هێڵی ئاسنین لەبەغدا بەکارمەند خۆی دامەزراند. بەڵام لەوێش ئۆقرەی نەگرت، دوای دوو مانگ بەڕێوەبەرایەتییەکەی بەجێ هێشتو لەدامەزراوەیەکی سەر بەوەزارەتی داد لەهەولێر بەکارمەند دامەزرا. بەجۆرە، ساڵی ١٩٤٢، پاش دوو ساڵ لەگیرسانەوەی لەبەغدا بەمەبەستی خوێندن لەکۆلیجی ماف، بەبێ ئەوەی خوێندنی تەواو بکا، گەڕایەوە بۆ هەولێر.

هەر چۆنێك بێ، ئەو کاتەی حەیدەری هەولێری بەجێ هێشت، چەردەیەك بیرۆکەی شێواو دەربارەی ململانێی کۆمەڵایەتی لەمێشکیدا بوو. لەبەغدا ماوەیەك لەکۆشکی ئامۆزا دەوڵەمەندەکەی خۆی، داوود حەیدەری، ژیا. حەیدەری راوێژکاری یاسایی کۆمپانیای نەوتی عیراقو باڵیۆزی عیراق بوو لەبریتانیا لەکاتی جەنگی دووەمی جیهاندا. لەوێ چەند هەوڵیدا، نەیتوانی خۆی بەبێگانە نەزانێ. هەمیشە هەستی دەکرد لەمپەرێکی گەورە لەنێوان ئەوو ئامۆزاکەیدا هەیە. ژیانە ئاسودەو خۆشگوزەرانەکەی ناو کۆشکەکەی بەهیچ شێوەیەك بەدڵ نەبوو، تا ئەو رادەیەی کەهەندێ هەستی چینایەتیی زەقی لەلا دروست بوو. خۆیشی لەم بارەیەوە نوسیویەتی "ئەو کاتەی لەماڵی ئامۆزاکەم دەژیام، حەزم دەکرد گۆشەگیرو دورەپەرێز بم. هەستێکی سەیر دایگرتبوم، هەستم دەکرد هیچ پەیوەستێك لەپەیوەستی چینایەتی بەهێزتر نیە".

لەبەغدا حەیدەری لەڕێی مەسیحییەکی خەڵکی ئەلکیشەوە پەیوەندیی بەڕێکخراوێکی کۆمۆنیستی توندڕەوەوە کرد کە لەبنەڕەتدا لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق جیا ببۆوە. تێکەڵبونی بەچەند لاوێکی

کۆمۆنیستی ئەندامی ئەو ڕێکخراوە کەپارێزەر عەبدوڵڵا مەسعود گرێنی رابەرایەتیی دەکردو سەرسام بونی بەڕۆژنامە بەبیروباوەڕ کۆمۆنیستەکەی "ئەلشەرارە"، بوونە مایەی پەرەپێدانی هۆشیاریی چینایەتییو باوەڕهێنانی بەکۆمۆنیزم. بەڵام ئەم قۆناغەی ژیانی، قوڵترین کاریگەریی لەسەر هەڵسوکەوتی دواتری بەجێ هێشت. ژیانی سیاسیو خەباتی حەیدەری لەپێناوی کۆمۆنیزمدا بەچونە ناو ڕێکخراوێك دەست پێدەکا کەگێرەشێوێنییەکی زۆری لەناو بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراقدا دروست کردبوو، لەپارتی کۆمۆنیستی دایك جیا ببۆوەو ناکۆکییەکی زۆری لەگەڵ فەهددا هەبوو.

ساڵی ١٩٤٢ حەیدەری یەکەم شانەی کۆمۆنیستی لەسێ کەس لەهەولێر پێکهێنا. ساڵی دواتر، پەیوەندیی بەڕێکخراوە کۆمۆنیستەکەی "بۆ پێشەوە"ی زەننون ئەیوبەوە کردو پاش چەند مانگێك لەگەڵ ڕێکخراوی کۆمۆنیستی "وحدەتولنیزال"دا یەکی گرتەوەو لقێکی لەکوردستاندا بەناوی یەکێتیی تێکۆشینەوە بۆ ئەم ڕێکخراوە دروست کرد. پاش گەڕانەوەی وحدەتولنیزال بۆ ناو پارتی کۆمۆنیستی عیراق، حەیدەری بەئەستەمی زانی بتوانێ خۆی لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستدا بگونجێنێ. پاش چەند مانگێك هەوەسی یاخیبون دایگرتەوەو لقە کوردییەکەی کردە حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق. دواتر، ئەو ململانێیەی کە لەنێوان ئەوو هەمزە عەبدوڵڵاو لایەنگرانی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورددا هاتە ئاراوە، گێچەڵی بۆ دروست کرد چونکە لەسەرەنجامدا ناچار بوو حزبەکەی خۆی هەڵبوەشێنێتەوەو پەیوەندی بەپارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە بکا. هیچ چەشنە گۆمانێك لەوەدا نیە کەژیانی وەك ئەندامی پارتی کۆمۆنیست بەهیچ شێوەیەك مەرجەکانی جێگیربونی تێدا بەدی ناکرێ. ئەگەرچی ئەو هەمیشە ئامادەبونێکی رسکاوی بۆ دەم لێك

گیربون‌و مشتومڕی توند تێدا بووه، بەڵام ناشکرێ هەموو ئۆباڵەکە بخرێتە ئەستۆی ئەوەوە.

ئەوەی کەزۆر ڕێی تێدەچێ ئەوەیە کەئەزمونی تفت‌و تاڵی لەگەڵ هاوڕێ دێرینەکانی لەناو حزبی کۆمۆنیستی کوردستانی عیراق کە بەجێیان هێشت‌و کەوتنە جموجوڵ بۆ سەرخستنی پرۆژەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد، زۆر ئازاری داوەو دڵی ئێشاندووە. لێرەدا مەسەلەکە لەوە گەورەترە کە مەسەلەی ڕێك نەکەوتن بێ لەگەڵ هاوڕێکانیدا لەسەر پرۆژەی دروست کردنی حزبێکی نوێ، چونکە ئەم مەسەلەیە بەو سەرەنجامە گەیشت کەحەیدەری هەڵی ڕابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کورد لەدەست بدا. ئەگەرچی لەکۆتاییدا پەیوەندیی بەپارتی کۆمۆنیستی عیراقەوە کرد، بەڵام ئەم پەیوەندی کردنە زۆرتر پەیوەندی کردنی کەسێکی دڵشکاوو ڕەنجاوو ئازاردراو بوو. ڕەنگە لەم بوارەشدا نەختێك هەستی بەتاوان کردبێ، چونکە بۆتە مایەی لەت کردنی کۆمۆنیزم لەسەر بنەمای نەتەوایەتی. ئەم هەستە کەلێواولێو پڕ پاکی‌و خۆنەویستییەو تێیدا خۆخواردنەوەو پەشیمانی‌و تەنانەت ئازاری ویژدانیش ڕەنگ دەداتەوە، خۆی لەپرسیارێکی داماودا دەنوێنێ کەحەیدەری، پاش پەیوەندی کردنی بەپارتی کۆمۆنیستەوە، لەزەکی بەسیمی کردووە. حەیدەری بەداخ‌و کەسەرێکی زۆرەوەو ڕەنگە پاش دودڵی‌و پەروا، لەزەکی بەسیمی پرسی "هاوڕێ، ئاخۆ ئەو ماوەیەی کەئێمە تێیدا لەدەرەوەی پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا بوین، بەکۆمۆنیست دەژمێردرێین یان نا؟". بەسیم بەدڵی ئەو وەڵامی دایەوە. ئەمەش شادو بەختەوەری کرد.

زۆری نەبرد حەیدەری پەیوەندیی بەبلۆکێکی ترەوە کرد. ئەمجارە چوە ژێر چەتری گروپە چەپەکەی بەهادین نوری، کۆمۆنیستە بەڕەگەز کوردە گورج‌و گۆڵ‌و بەجموجوڵەکە. نوری بەدوو تایبەتمەندی

لەکۆمۆنیستەکانی تر جیا دەکرێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە بەبیروباوەڕ کوردپەروەرە تا ئەو رادەیەی کەبیانوو بداتە دەست نەیارو ناحەزەکانی تا سەختترین هێرشی بکەنە سەر. دیارترین بەهرەی، بوێری و چاونەترسی بوو، سڵی لەوە نەدەکردەوە کە بەرونترین شێوە گوزارشت لەڕاو بۆچونەکانی خۆی بکاو گوێ نەداتە ئەوەی کەراو بۆچونەکانی چەند لەگەڵ بۆچونی فەرمیو ئایدیۆلۆژیی حزبەکەیدا گونجاون و کێ پشتگیریی دەکاو کێ دژی دەوەستێتەوە. هەر لەسەر دەستی ئەو، پرۆگرامی پێشوی پارتی کۆمۆنیستی عیراق هەڵوەشێنرایەوەو پرۆگرامێکی شۆڕشگێڕتر کەدواتر بەناوی پرۆگرامی باسمەوە چووە مێژوو، جێی گرتەوە. پرۆگرامی باسم دانی بەوەدا نا کەکورد مافی ئەوەیان هەیە نیشتمانێکی نەتەوەیی سەربەخۆیان هەبێ. تایبەتمەندییەکەی تر پشت بەستنێتی بەگیانێکی شۆڕشگێڕانەی رەسەن کە بەبێ دودڵیو بەبێ هیچ چەشنە ساتوسەودایەك ئامانجی دەپێکا. لەساڵی ١٩٥٦دا نوری بەڕاشکاویو بەبێ سڵ کردنەوەو بەبێ گوێدانە هیچ شتێك ئامانجی بزوتنەوەی کۆمۆنیستی عیراقی دیاری کرد کەبریتیە لەڕوخاندنی رژێمی پاشایەتیو دامەزراندنی کۆمارێکی شۆڕشگێڕ، ئامانجێك کە تەنانەت فەهدی دامەزرێنەری پارتی کۆمۆنیستیش لەخۆی رانەبینیوە بتوانێ بەو راشکاویو رۆشنییە دەری ببڕێ. دیارە حەیدەری، نوریی وا هاتۆتە بەرچاو کەتوانیویەتی بەڕاستگۆترین شێوە گوزارشت لەئەنگێزەکانی ناخی ئەو بکاو هەر ئەمەشە هاندەری بووە بۆ پشتگیری کردنی گروپەکەی. ئەگەرچی راو بۆچونەکانی نوری تێکەڵ بەبڕێك توندڕەویو زێدەڕۆیی ببون، بەڵام لەباری سەرنجی رێسا ئایدیۆلۆژییەکانەوە چەوت نەبوون.

لەکۆنفرەنسی ساڵی ١٩٥٦دا حەیدەری بۆ ئەندامێتیی کۆمیتەی ناوەندی کاندید کرا. لەیاداشتەکانیدا حەیدەری شتێکی گرنگ

دەگێڕێتەوە. لەپەراوێزی کۆنفرەنسدا، سەلام عادل، سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی عیراق، داوای لێ کرد "هیچ مەسەلەیەکی رێکخراوەیی لەکۆنفرەنسدا نەوروژێنێو ئەمە بۆ کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندی بهێڵێتەوە". عادل دەیزانی حەیدەری بابەتی وا دەورژێنێ کەڕەنگە ورژاندنیان دوبەرەکیی لێ بکەوێتەوە، بۆیە بەر لەوەی کەهیچ کەتنێك بنێتەوە، ویستی جڵەوی بگرێ. ڕەنگە هەرودکیشان ویستبێتیان دان بەخۆیاندا بگرن نەوەك لەکۆنفرەنسدا دەمیان لێك گیر بێ. بەڵام دان بەخۆدا گرتنەکە زۆری نەخایاندو دەمو دەست لەیەکەم کۆبونەوەی کۆمیتەی ناوەندییە تازەکەدا دەمیان لێك گیر بوو چونکە عادل سور بوو لەسەر ئەوەی کەدەبێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بەدەنگدانی ئاشکرا هەڵبژێردرێن. حەیدەری روبەڕوبونەوەکەی دۆڕاند، بەنابەدڵی سەری کەچ کردو ناچار بوو بڵێ "لەسەر بنچینەی ئەو نەخشە سیاسییەی کەکۆنفرەنس بڕیاری لێداوە، من متمانە بەمەکتەبە سیاسییە تازەکە دەبەخشم". بەزینی لەم کۆبونەوەیە، سەرەتای دەستپێکی قۆناغێکی تازەی بێ متمانەیی بوو لەنێوان عادلو حەیدەریدا. لەم کۆبونەوەیەدا هیچ ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی، لەوانە براکەی، جەمال، پشتگیریان نەکرد. هەمویان پشتگیریی پێشنیاری دەنگدانی ئاشکرایان کرد.

کۆمیتەی ناوەندی هەندێ ئەندامی تێدا بوو کەحەیدەری نەیدەتوانی خۆشیانی بوێ. حەیدەری لەبنەڕەتدا خۆی بەستەملێکراو دەزانیو پێی وابوو کۆمیتەی ناوەندی ئەندامی وای تێدایە کەشایستەی پۆستی سەرکردەیی نیە. ئەو لەناو سەرکردایەتیدا هەمیشە خۆی لەزۆر کەس بەشایستەتر دەزانیو بەچاوی سوکەوە سەیری توانا رێکخراوەییو فیکرییەکانی دەکردن. بەکردەوە، حەیدەری هەرگیز لەچەمکی کۆمۆنیستانەی لێپرسراوەتیی سەرکردایەتی

نەگەیشتووە. ئەوەی ئەمە ساغ دەکاتەوە ئەوەیە کەپارتی کۆمۆنیست لەڕەوشێکی نائاسییدا دەژیاو هەڵسوڕانی سیاسیی لەلایەن دەوڵەتەوە بەنایاسایی دەدرایە قەڵەم، بۆیە لەهەلومەرجێکی وادا حزب پێویستی بەپیادەکردنی دیموکراسیو شێوەیەکی نمونەیی ئازادیی رادەربڕین نابێو زۆرتر لەهەوڵی ئەوەدا دەبێ کە توندوتۆڵترین دیسپلین لەناو ریزەکانیدا بچەسپێنێو بەرپەرچی فشارەکانی سەر چالاکیی نهێنیی بداتەوە. لەناو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیدا، حەیدەری زۆرتر لەحکمان فارس نیگەران بوو، رای وابوو کەئەم کەسە لەناو پارتی کۆمۆنیستدا بەکەڵکی هیچ لێپرساوەتییەك نایە.

هەر ئەو ساڵە حەیدەری لەهەولێر سەرپەرشتیی دوو کردەوەی چەکداری بچوکی کرد، بەڵام نەك لەخۆیەوە. جەمالی برای کەئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، فەرمانی ئەنجامدانی دوو کردەوەکەی پێ دابوو. لەم سۆنگەیەوە، خۆیو براکەی رەخنەی توندیان لێ گیراو لێپێچینەوەیان لەگەڵدا کرا. جەمال لەچالاکیی ئاشتییانە بێزار بوو، بۆیە لەخۆیەوە، بەبێ ئەوەی راوێژ لەگەڵ سەرکردایەتیدا بکا، نەخشەی هەندێ کردەوەی چەکدارانەی لەهەولێرو کەرکوك دانا بوو. حەیدەری وا تێگەیشتبوو حزب لەسەروبەندی نەخشەدانانە بۆ هەڵسوڕانێکی چەکدارانەی فراوان. پەرۆشیی بۆ سەرخستنی هەردوو کردەوەکەی هەولێر نیشانەی ئەوەیە کەئەو سەرقاڵی دۆزینەوەی پاساوێکی ئەخلاقی بووە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی لەپێناوی بڵاوکردنەوەی ئایدیۆلۆژیادا. جەمال لەسۆنگەی ئەو هەڵەشەییو سەرەڕۆییەوە سزا دراو زۆر بەتوندی رەخنەی لێ گیرا. دواتر، سەرکردایەتی ناچاری کرد عیراق بەجێ بێڵێو روو بکاتە روسیا.

ئەو هەلومەرجەی کەلقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی تێدا پێك هێنرایەوە، نیشانی دەدا کەسەلام عادل سڵی لەسەرەڕۆیی

کۆمۆنیستە کوردەکانی دەکردەوە. بەهەر حاڵ، عادل جگە لەسپاردنی لێپرسراوەتیی سەرکردایەتیی لقەکە بەحەیدەری، هیچ رێگایەکی تری لەبەردەمدا نەبوو چونکە لەناو کۆمۆنیستە کوردەکاندا کەس لەحەیدەری شیاوتر نەبوو. دەستەی بەڕێوەبردنی لق لەچوار ئەندام پێك هات کەحەیدەری تێیدا سەرۆك بوو، هەر یەك لەکەمال فوئادو حەمید عوسمانو حەمید حەمدی نوێنەرانی سلێمانیو هەولێرو کەرکوك بون. بەڵام لەیەکەم کۆبونەوەی لق لەگەڵ سەلام عادلو شەریف شێخ لەکەرکوك، کەشێکی بێ متمانەیی بەسەر کۆبونەوەدا زاڵ بوو. دەربارەی ئەم کۆبونەوەیە، حەیدەری نوسیویەتی "کۆبونەوەکە لەئێوارەوە تا بەرەبەیان، لەکەشێکی گەرمو گوڕو پڕ گفتوگۆدا درێژەی کێشا". مەگەر هەر حەیدەری لەخۆی رابیینێ بتوانێ مشتومڕو دەم لێك گیربونی ناو کۆبونەوەکەی ئەو شەوە کە "تا بەرەبەیان" درێژەی کێشاوە، ناو بنێ "گفتوگۆ".

لەکۆتاییدا، بڕیاری عادل لەسەر ئەوە گیرسایەوە کەئەندامانی لق سەر بەشەریف شێخ بن. دواتر، حەیدەری بۆی دەرکەوت کەزۆر ئەستەمە بتوانێ کار لەگەڵ شەریف شێخدا بکا. گرفتە دژوارەکەی لەوەدا بوو کەناچارە کار لەگەڵ بەرپرسێکدا بکا کەهیچ بەهرەیەکی سەرکردایەتیی تێدا نابینێ. ئەگەر بچینەوە سەر یاداشتەکانی، دەبینین حەیدەری زۆر لەشەریف شێخ داخ لەدڵەو لەبارەیەوە نوسیویەتی "ئەم کەسە دەتوانێ رۆژنامەوانێکی سەرکەوتوو یان پارێزەرێکی کارامە بێ، بەڵام هیچ مەرجێکی ئەوەی نیە کەببێ بەسەرکردەیەکی کۆمۆنیست".

هەر چۆنێك بێ، توانرا گوێ نەدرێتە ناکۆکییەکە، بەڵام ئەمە زۆری نەخایاند. هەڵسوکەوتی شەریف شێخ لەگەڵ کۆمۆنیستە کوردەکان نەزاکەتو نەرمیی تێدا نەبوو. شێخ لەڕەفتاردا برێکی زۆر

بیرۆکراسیی دەنواند، زۆر جار بەگیری دەهێنانو ئەم رەفتارەی چەند جارێك خەریك بوو پەیوەندیی گرژی نێوانیان بگەیەنێتە لێواری تەقینەوە. شکستی شەریف شێخ لەڕاگرتنی بالآنسی نێوان ناوەندێتیی توندوتۆڵ کەدەرفەتی دەستوەردان لەهەمو کاروبارێك بۆ ناوەند پێکدێنێو پرنسیپی سەربەخۆیی رێژەیی کەهەڵی خۆبەڕێوەبردنو دەسەڵاتی بڕیاردان لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی لۆکالی لقی کوردستان دەستەبەر دەکا، بووە مایەی قوڵکردنەوەی قەیرانی بێ متمانەیی. گوێ نەدانی شێخ بەکارکردن بۆ بەدی هێنانی ئاستێکی گونجاوی لێك تێگەیشتن، بەڵگەی کورتبینییەکی ترسناکە. بەڵام ناشکرێ هەموو گوناهەکە بخرێتە ملی ئەوەوە. رەنگە شێخ بڕوای تەواوی بەو سیاسەتە هەبوبێ کەبەرامبەر بەلقی کوردستان پەیڕەویی لێ کردووە، بەڵام ئەمە ئەوە ناشارێتەوە کەسەرتاپای رەفتاری رەنگدانەوەی ئەو دەسەڵاتەیە کەڕاستەوخۆ لەلایەن سەلام عادلەوە پێی دراوە. بۆیە، لێرەدا هەم هەڵسوکەوتیو هەم هەڵوێستەکانی، ئەوەندەی سوێو ئارەزووی ناوەندی حزب دەردەبڕن، ئەوەندە راو بۆچونی خۆی دەرنابڕن. بەمجۆرە، ناکۆکیی نێوان لقی کوردستانو شەریف شێخ، لەناوەڕۆکدا ناکۆکی بوو لەنێوان لقو ناوەندی حزبدا.

حەیدەریو هاوڕێکانی تۆزقاڵێك گومانیان لەوەدا نەبوو کەناوەند لێیان خانەگومانەو باوەڕیان پێ ناکا. لەم سەروبەندەدا شێخ داوای کرد لەهەر نامەیەك کەحەیدەری بۆ رێکخراوەکانی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیستی دەنێرێ، کۆپییەکی پێ بدرێ. دەربارەی رەقیو سەرسەختیی شێخ، حەیدەری نوسیویەتی "شەریف شێخ بەشێوازێکی رەقو بیرۆکراتییانە کەوتە نامەنوسین بۆ لقو لێپێچینەوەو خۆهەڵقورتاندن لەهەموو ئەو کاروبارەی کە بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ لەدەسەڵاتی لقدایە". پاشتر، شێخ گێچەڵی تری نایەوەو لەم

چوارچێوەیەدا داوای کرد هەموو ئەو وتارانەی بۆ بنێردرێ کەکۆمۆنیستە کوردەکان بەتەمان لەرۆژنامەی "ئازادیی کوردستان"دا بلاَوی بکەنەوە بۆ ئەوەی پێش بلاَوکردنەوەیان بیانخوێنێتەوەو تێبینیی خۆی لەسەریان دەربڕێ. کاتێك مەسەلەکە گەیشتە ئەو رادەیە، لق ئەمەی پێ پەسند نەکرا، بەتایبەتی کە لەبنەڕەتدا وا دانەنرابوو کەشێخ سەرنوسەری رۆژنامەکە بێ. حەیدەری نوسیویەتی "ئەمە هەموی بەڵگەی ئەوە بوون کەلێمان بەگومان کەوتون و متمانەیان بەئێمە نەماوە".

لەو ماوەیەدا شتێك رویدا شایستەی ئەوەیە بەسەرەتای لێك دابڕانی ناوەندو لق دابندرێ. حەمید حەمدی، لێپرسراوی رێکخستنەکانی کەرکوك، کەتاکە ئەندامی بەڕەگەز عەرەبی لقی کوردستان بوو، لەتەنگانەو ئالۆزیدا دەژیا چونکە پۆلیسی سیاسی بەدوایدا دەگەڕا، ئەمەش وای کردبوو نەتوانێ بپرژێتە سەر سەرپەرشتی کردنی رێکخستنەکان. ئەم رەوشە نالەبارە هاوڕێکانی پەرێشان کردبوو، چونکە هەمویان دەترسان بگیرێ. سەرەنجام، لق داوای لەناوەند کرد رەزامەندی لەسەر ناردنی بۆ دەرەوەی ولاَت نیشان بدا. بەلاَم ناوەند ئاماژەکانی پشت داواکەی لقی زۆر خراپ لێکدایەوەو وا تێگەیشت مەسەلەکە پیلانێکی گروپەکەی حەیدەریی لەپشتەوەیە، گوایە گروپەکە نەخشەی دورخستنەوەی حەمدیی هەیە چونکە پێی خۆش نیە لق ئەندامێکی عەرەبی تێدا بێ. لەکۆتاییدا، پاش پێداگرتنی گروپەکە لەسەر ناردنی حەمدی بۆ دەرەوەی ولاَت، ناوەند رەزامەندیی نیشاندا بەلاَم لەبەرامبەردا خزێری عەباسی لەبەغداوە ناردو لەجێی حەمدیی، وەك بەرپرسی شانە نهێنییەکانی کەرکوك، دانا. هەڵبژاردنی عەباس بۆ ئەم ئەرکە کارێکی گونجاو نەبوو چونکە عەباس هیچ شارەزاییەکی لەکارکردن لەناوچەی کوردنشین نەبوو.

بەمجۆرە، ناردنی عەباس بۆ کەرکوك بووە مایەی پەرە ئەستاندنی ناکۆکییەکانی نێوان ناوەندو لقی کوردستان. گروپەکەی حەیدەری نەیتوانی لێکدانەوەی خراپ بۆ بڕیارەکەی ناوەند نەکات چونکە بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کەعەباس لەبنەڕەتدا بۆ ئەوە نێردراوە کەچاودێریی هەڵسوکەوتی گروپەکە بکاو لە لانەدانی ئایدیۆلۆژیی ئەندامەکانی دڵنیا بێ.

حەیدەری خەریك بوو لەدڕدۆنگیو گومانی ناوەند بێزار دەبوو. وای لێ هاتبوو لەناو پارتی کۆمۆنیست خۆی بەنامۆ دەزانی. ئەمە وای کرد ئارەزوی پەنگخواردووی تۆڵەکردنەوە لەناوەند، لەناخیدا پەرە بسەنێ، بەتایبەتی کەناوەند تا دەهات زۆرتر لەبیروباوەڕە ناسیونالیستییەکانی بەگومان دەکەوت.

لەتەموزی ساڵی ١٩٥٧دا ئەوو کەمال فوئادو حەمید عوسمان و لەتیف نانەواو مەجید عەبدولڕەزاق راپۆرتێکیان بۆ ناوەند بەرز کردەوە کەتێدا زۆر بەڕونی شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرا کەکۆمۆنیستە کوردەکان بەبیانوی "یەکخستنی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عیراق" بەنیازن پەیوەندی بەپارتی دیموکراتی کوردستانەوە بکەن.

## بەشی شەشەم

# کەمال فوئادو

## ململانێی دژەکان لەناو پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا

داینەمۆی جیابونەوە لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق لەسلێمانی، کەمال فوئادە. ئەم لاوە گورجو گۆڵە کە لەخۆی رادەبینی بتوانێ زۆر بەوردیو راشکاوانە بیروڕاکانی خۆی دەربڕێ، لەم تەنگژەیەدا وا خۆی دەنواند کەنمونەی راستبێژیو رەواییە. توانای کارکردنە سەر رەفتاری چەند کۆمۆنیستێکی دێرینێ وەك ساڵح حەیدەریو حەمید عوسمان، کە لانی کەم دە ساڵ لەکەمال فوئاد گەورەتر بون، لایەنێکی گرنگی تۆکمەیی کەسایەتیی کەمال فوئاد دەردەخا. ئەوەی کە لەسەردەمی دۆگمای شۆڕشگێڕانەدا کەسێك باوەڕێکی وای هەبێ کەکۆمۆنیزمو نەتەوایەتی دوو شتی دژ بەیەك نین، شتێکە بەم مانایە دێ کەئەم کەسە چاك لەوە گەییوە کەئەقڵو لۆجیك دژی دۆگمای کۆمۆنیستانە دەوەستنەوە. شەیدابونی فوئاد بەگیانی نەتەوەییو رابردوی دێرینی نەتەوە وای لێ کرد لەململانێییەکی بەردەوامو هەندێ جار توندوتیژدا بێ لەگەڵ کۆمۆنیستەکانی تری حزبەکەی. ئەگەرچی فوئاد لەڕیزی حزبێکی ئینتەرناسیونالیستدا بوو، بەلام بەڕەوای نەدەزانی نکوڵی لەوە بکا کەگیانی نەتەوەیی رێزێکی تایبەتی هەیە. ئەم گیانە لەناخی فوئاددا هەمیشە بەکڵپەسەندویی مایەوە. پێشینەی بنەماڵەکەی کەڕۆڵێکی گەورەی لەدروستکردنی ئەم هەستەدا هەبوو، بەسەروەریو یادەوەریی نەتەوەییەوە بەسترابۆوە.

کەمال عەبدولکەریم محەمەد فوئاد لەدایکبوی ساڵی ١٩٣٢ی سلێمانیو لەبنەماڵەیەکی شارییە. باوکی کە کارمەندی دەوڵەت بوو، ئەوەندە لەهەڵسوڕانو راپەڕاندنی کاردا توندوتۆڵو کارا بوو، بەرەنج و توانای خۆی بەرە بەرە لەئیشوکاردا گەشەی کرد. ساڵێك پاش لەدایك بونی کەمالی کوڕی، باوك بۆ هەولێر گواسترایەوەو چەند ساڵێك لەدادگا باشکاتبیی کردو هەمو خێزانەکەی لەگەڵ خۆیدا بۆ هەولێر برد. فوئاد سێ ساڵی لەوێ گوزەراند.

تافی منداڵیی فوئاد زۆر خۆش بوو و لەم روەوە هیچ گرفتێکی دارایی نەبوو. باوکی خۆشگوزەران بوو، دەشیویست ژیانێکی ئاسودە بۆ منداڵەکانی دابین بکات. سوربونی لەسەر ناردنی کوڕەکەی بۆ باخچەی ساوایان ئەوەی لێ هەڵدەکرێندرێ کەنەیویستوە پەروەردەیەکی کلاسیکیی بۆ دەستەبەر بکات. بەپێودانگی ئەو سەردەمە، باخچەی ساوایان هەر بۆ فیزو کەشخەییەو کەڵکێکی ئەوتۆی نیە.

ساڵی ١٩٣٦ باوکی لەکارمەندێکی پلە یەکی دادگاوە بوو بە بەڕێوەبەری ناحیە. ئیتر لەو سۆنگەیەوە کەباوك بەهۆی پۆستەکەیەوە هەر جارەی لەشوێنێك دەگیرسایەوە، خێزانەکەشی ئەوەی بەسەردا سەپا کەهەمو جار لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بگوێزێتەوە. لەم سۆنگەیەوە، فوئاد لەماوەی نێوان ١٩٣٦و ١٩٤٦ بە بەردەوامی لەگواستنەوەدا بوو. ساڵی ١٩٣٦ خێزانەکەی بۆ باتاس گواسترایەوە، ساڵی ١٩٣٨ بۆ قادر کەرەم، ساڵی ١٩٤١ بۆ بازیان، ساڵی ١٩٤٢ بۆ بەرزنجە، ساڵی ١٩٤٤ بۆ خورماڵو ساڵی ١٩٤٥ بۆ وارماوە.

فوئاد تەنها لەساڵی ١٩٤٥دا، لەتەمەنی سیانزە ساڵیدا، گەڕایەوە بۆ سلێمانیی زێدی خۆی. ئەم قۆناغەی ژیانی کاریگەریی زۆری لەسەر کەسایەتیی لەئایندەدا بەجێ هێشت. گەڕانی بەردەوامی خێزانەکەی لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر بوە مایەی سەقامگیر کردنی هەستی

کوردایەتیی و پەیداکردنی ئاشـنایەتی لەگـەڵ شـێوە زارە جیاوازەکانـدا. ئەمە ئاسەوارێکی زۆری لەسەر ژیانی بەجێ هێشت بەڕادەیەك کەهەستی کوردایەتیی، بەردەوام بەهەڵکشاوی‌و کڵپە سەندویی مایـەوەو دواتـریش ئەمە هانیدا زۆرتر خەریکی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی بێ.

رەچەڵەکی فوئاد دەچێتەوە بنەماڵەیەکی دێرین بـەڵام ئـەم دێرینییـە بەئەندازەی پێویست ئۆرۆستۆکراتییانە نیە. باوکی لەبری نازنـاوی ئاغـا، نازناوی بەگی هەیە. بەڵام ئەم نازنـاوە نازنـاوێکی بەدەسـتهێنراوەو هـیچ ئاماژەیەکی بۆ پێگەی چـینایەتی تێـدا بـەدی نـاکرێ. بـاپیرە گـەورەی، سلێمان ئاغا، لەسەدەی نۆزدەهەمدا بەڕێوەبەری پۆلیسی عوسـمانی بـوو کەپێی دەوترا تابور ئاغاسی. ئەم پۆسـتە نازنـاوی بـەگی پـێ بەخشـی‌و پاشان نازناوەکەی بـەمیرات بـۆ نـەوەکانی بـەجێ هێشـت. بـەڵام کـوڕە گەورەکەی، نازنـاوی پاشـای لەسـوڵتانی عوسـمانی چـنگ کـەوت. ئـەم بنەماڵـە دێرینـە، سـەعید پاشـای لێ هەڵکـەوت کـەئامۆزای بـاپیرە گەورەیەتی. سـەعید پاشـا دواتـر بـوو بەسـەرۆکی ئەنجومـەنی شـورای دەوڵـەتی عوسـمانی. خـودی فوئـاد لـەو بڕوایـە دایـە کەبنەماڵەکـەی بەڕەچەڵەك دەچێتەوە سەر خەندان، ئەو ژنـەی کەڕەچـەڵەکی چـینایەتیی دەگەڕێتەوە سەر خانەدانە زەویدارەکەی بابـان. لـەم بنەماڵەیـە، جـەنرال شـەریف پاشـای خەنـدان هەڵکـەوتووە کەسـاڵی ١٩٢٠ داواکارییـە نەتەوەییەکانی کوردی لەگەڵ خۆیدا بۆ کۆنفرەنسی ئاشتیی پاریس برد.

لەتەمەنی پانزە ساڵیدا فوئاد بەشداریی لەیەکەم چـالاکیی گشـتیدا کردو لەگەڵ هاوڕێکـانی مـانگرتنێکی لـەدژی بەڕێوەبـەری خوێندنگـە ناوەندییەکە رێکخست.

لەسـاڵی ١٩٤٧دا فوئـاد هەسـتی کـرد مـەیلێکی بـەهێزی بـەلای کۆمۆنیزمــدا هەیــە. پەیوەنــدیی پتــەوی لەگــەڵ هــاوڕێی ســەردەمی خوێندکاریی، عوسمان عەلی شێخ، ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهێنـا کەتێکـەڵ

بەکۆمۆنیستەکان بێ. بەمجۆرە، دوا بەدوای ئەوەی کەئاشـنایەتیی لەگـەڵ عومەر عەلی شێخی خوێندکاری کۆلێجی ئەنـدازیاریی بەغـدادا پەیـدا کرد، وردە وردە بنـەما گشـتییەکانی کۆمـۆنیزم تێگەیشـتو زۆری پـێ نەچوو کە لەسەر دەستی ئەم هاوڕێیەی بوو بەئەنـدامی حزبـی تەحـەرور کەچەتری ئاشکرای پارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو. فوئـاد لـەڕۆژگارێکی پڕ کێشمەکێشو جەنجاڵدا بوو بەئەندام لـەم حزبـە. لـەو دەمـەدا ژیـانی سیاسی سەرەڕای داپڵۆسینو پاکتـاوکردن دەکـولا. سروشـتی پەیوەندییـە سیاسییەکانی ناو ئەو خوێندنگە ناوەندییـەی کـەفوئاد لێـی دەخوێنـد، بەڕۆشـنی رەنگدانـەوەی کـەشو هـەوای دەرەوەی خوێندنگەکـە بـوو. لەسەرجەمی ٤٠٠ خوێندکار، لانی کەم ٣٥٠ خوێندکار لایەنگری یەکێ لـەدوو حزبەکـەی پـارتی دیمـوکراتی کـوردو پـارتی تەحـەرور بـون کەیەکەمیان خاوەنی ئەنگێزەیەکی ناسیونالیستی بـوو و ئـەوی تـر ژێـر بەژێر سەر بەپارتی کۆمۆنیستی عیراق بوو.

زاڵکردنی لایەنە ئایدیۆلۆژییەکان بەسەر لایەنـە پرەگماتیکییەکانـدا کە لەو سەردەمەدا بەشێك بوو لەسیاسەتی پـارتی کۆمۆنیسـت، دەشـێ فاکتەرێکی هاندەر بوو بێ بۆ پەیوەندی کردنی نیشـتمانپەروەرانی کـورد بەپارتی کۆمۆنیستەوە. پارتی کۆمۆنیسـت توانیبـوی وای نیشـان بـدات کەبەرژەوەندیی کورد لەپشتگیری کردنـی پـارتی کۆمۆنیسـتدایەو لـەم سەروبەندەدا توانیبوی کورد بباتە سەر ئەو باوەڕەی کەپارتی کۆمۆنیست بەرامبـەر بەداخوازییـە ناسیونالیسـتییەکان هـیچ تێڕوانینێکـی شۆڤێنییانەی نیە. ئەو کاتەی فوئاد پەیوەنـدیی بـەپارتی کۆمۆنیسـتەوە کرد، باوەڕی تەواوی بەوە هەبو کەئەنگێزە نەتەوەییەکانی بەهیچ شێوەیەك دژ بـەبیروباوەڕی کۆمۆنیسـتی نـینو رەنگـە جـەخت کردنـی بیروبـاوەڕی کۆمۆنیسـتی لەسـەر یەکسـانیو مـافی کەمینـەکان یـەکێ لەهۆیـە گرنگەکانی بڵاوبونەوەی بووبێ.

بەهەر حاڵ، فوئاد بەشەوو رۆژێك نەبوو بەكۆمۆنیست چونكە هیچ هەرزەكارێكی تەمەن پانزە ساڵ ناتوانێ سەرلەبەری كۆمۆنیزم بەخێرایی تێبگا. فوئاد وردە وردە پەی بەبیروباوەڕی كۆمۆنیزم برد. رێكخەرەكەی، عومەر، هەوەڵ جار نامیلكەیەكی بەناونیشانی "ئیستعمار چیە؟"ی بۆ دابین كرد كە بەزمانێكی سادەو بەكوردی نوسرا بوو. ئەم نامیلكەیە بەشێك بوو لەبەرنامەی رۆشنبیریی پارتی كۆمۆنیستو بەشێوەیەكی وا سادەو ساكار نوسرابوو كەهەمو كەس بەئاسانی تێی دەگەیشت. ناونیشانی نامیلكەكە كەحەمید عوسمان نوسیبوی، دەقاودەق گوزارشت لەناواخنەكەی دەكا. مەبەست لەم نامیلكەیە، وەك زۆربەی بابەتەكانی بەرنامە رۆشنبیرییەكە، سەرزەنشتو تاوانباركردنی ئیمپریالیزمی رۆژئاوایی بوو كەمشەخۆرێكە لەسەر مژینی خوێنی گەلانی بەجێماو دەژی. هەر ئەوەندە پەی بەناوەڕۆكی نامیلكەكە برد، عومەر نامیلكەكەی "پێداویستییەكانی خەباتی نیشتیمانیان"ی فەهدی لەبەردەم دانا.

دوا بەدوای ئەمە، فوئاد كەوتە خوێندنەوەی بابەتەكانی تری بەرنامە رۆشنبیرییەكە. بەمجۆرە، نامیلكەكەی "پارتی كۆمۆنیست نەك سۆسیال دیموكراسی"ی فەهدی چنگ كەوتو زۆر بەوردی خوێندییەوە. ساڵی پاشتر، رێكخەرەكانی نوسینەكانی ستالینیان بۆ هێناو لەم سەروبەندەدا "ماتریالیزمی دیالەكتیكو ماتریالیزمی مێژویی"و "ماركسیزمو مەسەلەی نەتەوایەتی"ی یەك لەدوای یەك خوێندەوە. بەرێژە، نوسینەكانی لینینی درەنگتر خوێندەوە.

ئەم تامەزرۆییەی خوێندن تەنها هەڵقوڵاوی خولیای فێربون نەبوو، بەڵكو رەنگدانەوەی كەشو هەوای سایكۆلۆژیی ناوماڵیش بوو. باوكی، خوێنەرێكی باش بوو، كتێبخانەیەكی باشیشی هەبوو، زۆریش بەگۆڤارەكەی "گەلاوێژ"ی پارێزەر برایم ئەحمەد سەرسام بوو. فوئاد خووی خوێندنەوی بەمیرات لەباوكییەوە بۆ مایەوەو لەم سەروبەندەدا كەوتە ژێر

کاریگەری‌و هەژمونی بۆچونە ناسیۆنالیستییەکانی گۆڤاری گەلاوێژەوە. فوئاد ئەوەندە بەم گۆڤارە سەرسام بوو، سەرسامییەکەی بەم جۆرە دەردەبڕێ "لەبەرگەوە بۆ بەرگ دەمخوێندەوە". ئەوی راستی بێ، فوئاد قەرزاری گۆڤارەکەیە، کە نەك هەر دەستی لەپەرەپێدانی هۆشیاریی نیشتمانیی هەیە، بەڵکو هانیشی داوە رێزێکی زۆر لەبیروباوەڕو بۆچونەکانی برایم ئەحمەد بگرێ. بەمجۆرە، تەنانەت پێش ئەوەی فوئاد بڕیاری وازهێنان لەپارتی کۆمۆنیست بداو پێش ئەوەی پەیوەندی بەپارتییەوە بکا، بۆچونێکی باشی دەربارەی برایم ئەحمەد پەیدا کردبوو. هەندێ جار فوئاد زێدەڕۆیی لەخوێندنەوەدا دەکرد، بەرادەیەك کەبۆ ماوەیەکی دورو درێژ لەگەڵ کتێبفرۆشیی گەڕەکەکەیان رێککەوتبو کتێبی بەخواستن بداتێ‌و لەبەرامبەردا بۆ هەر شەوێك ئانەیەکی دەدا.

کەواتە ئەوەی کە لەبەردەمماندایە گەنجێکی شەیدای فێربونەو زۆر پەرۆشی هەڵسوڕانە. بەسەرهاتێکی گرنگ بەڵگەی ئەم بۆچونەیە، ئەویش ئەوەیە کەفوئاد لەتەمەنی بیستساڵیدا کرایە ئەندامی لیژنەیەکی پێنج کەسی کەپارتی کۆمۆنیست لەبەغدا بۆ سەرکردایەتی کردنی راپەڕینە گەلییەکەی ساڵی ١٩٥٢ پێکی هێنابوو. لیژنەکە جگە لەفوئاد، لەحەمدی ئەیوب، مەهدی عەبدولکەریم، جەمال خەلیل‌و وەجدی شەوکەت سری پێکهاتبو.

بەهۆی ئاشکرابونی وەك هەڵسوڕاوێکی شۆڕشگێڕ، گیراو خرایە زیندانەوە. لەوێ نوری تەهای ناسی کەئەندامی پارتی بوو و ئەم یەکتر ناسینە هەلێکی وای بۆ پێکهێنا کە لەنزیکەوە ئاشنایی لەگەڵ بیروباوەڕی ناسیونالیستانی کورددا پەیدا بکا.

ساڵی ١٩٥٤ کۆمۆنیستەکانی سلێمانی لەدۆخێکی ئێجگار خراپدا بون. خەریك بوو شیرازەیان دەپچڕاو ناوبانگیان وەك حزبێکی ئاسنین لەدەست دەدا. جەنرال عومەر عەلی، پارێزگارە دڕەکەی سلێمانی،

سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر پارتی کۆمۆنیستدا بەدەست هێنابوو و شانە نهێنییەکانی ئەو حزبەی لەبەر یەك هەڵوەشاندبۆوە. عەلی بەتایبەتی بۆ ئەوە بۆ سلێمانی نێردرابوو تا پارتی کۆمۆنیست لەناو بەرێ. ئەم جەنراڵە بەڕەچەڵەك تورکمانە کەزۆر رقی لەکۆمۆنیستەکانو کورد بوو، لەسوپاوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ گوێزرابۆوەو ئەرکی لەناوبردنی پارتی کۆمۆنیستی لەسلێمانی پێ سپێردرا بوو. بەو توندوتیژییەی کە بەکاری هێناو بەو شارەزاییو بەو ئەزمونە کارگێڕییەی لەم بارەیەوە هەیبو، ئەجیندا داواکراوەکەی کتومت هێنایە دی. لەسەر دەستی ئەم جەنراڵە چیتر پارتی کۆمۆنیست لەسلێمانی نەیتوانی لافو گەزافی ئەوە لێ بدا کەحزبێکی ئاسنینو خۆڕاگرە. عەلی رێکخستنی کۆمۆنیستەکانی لەبەر یەك هەڵوەشاندەوەو سەرکردە لۆکاڵەکانی خستە زیندانەوە. سەربار، دوا بەدوای ئەوەی کەباندە چەتەگەرییەکەی خولە پیزەی لەناو برد، هەیبەتێکی زۆرتری بۆ خۆی پەیدا کرد چونکە ئەم باندە چەتەگەرییە دە ساڵ بوو ترسو دڵەڕاوکێی لەقەڵەمڕەوەکەدا بڵاو کردبۆوە.

لەو هەلومەرجە دژوارەدا، ناوەندی پارتی کۆمۆنیست ئەو ئەرکە قورسەی بەفوئاد سپارد کەهەڵسوڕانی نهێنیی کۆمۆنیستەکان لەسلێمانی ببوژێنێتەوە. فوئاد تازە لەزیندان ئازاد کرابوو، لەساڵی ١٩٥٢ـەوە سلێمانیی بەجێ هێشتبوو و کەئەم ئەرکەی پێ سپێردرا، هیچ لەوە دودڵ نەبوو کەدەتوانێ جێبەجێی بکا. کاتێك بۆ سلێمانی گەڕایەوە، هەمو خەمی ئەوە بوو بیسەلمێنێ کەکۆمۆنیزم بەگژ تۆقاندندا دەچێتەوەو هەرگیز ژێر ناکەوێ.

کەگەڕایەوە سلێمانیو لەڕەوشەکەی کۆڵییەوە، بۆی دەرکەوت کەپارتی کۆمۆنیست هیچی بەسەر هیچەوە نەماوەو لەڕەوشێکدایە شایانی بەزەیی پێ هاتنە. بۆی دەرکەوت کەژمارەی ئەو ئەندامانەی

توانیویانە نهێنیی پەیوەندییەکانیان بپارێزن، لە ٦٧کەس تێناپەڕێ. دوا بەدوا خۆماندوکردنێکی زۆر، توانی لەماوەی شەش مانگدا شانە نهێنییە پەرش‌و بڵاوەکان رێك بخاتەوەو لەم هەوڵەیدا زۆر بەتەنگ ئەوەوە بوو نیشانی بدا کەکۆمۆنیزم هێشتا زیندووە. بەجۆرە، بەرنامەیەکی پوختی بۆ پەخش کردنی بڵاوکراوە شۆڕشگێڕییەکان لەهەمو شوێنێکدا دانا. عومەر عەلی کە بەمەی زانی، لەرقان گڕی گرت‌و ترسی ئەوەی لێ نیشت لێدانی لافی لەناوبردنی کۆمۆنیزم پوچ‌و بێ بنەما دەرچێ. نیگەرانیی لەئەگەری بوژانەوەی کۆمۆنیزم، هانیدا پۆلیسی نهێنی‌و بەکرێگیراوەکانی راسپێرێ هەڵسوڕاوە کۆمۆنیستەکان بخەنە ژێر چاودێرییەوە. سەرباری هەوڵ‌و کۆششی زۆری، هەڵسوڕانی کۆمۆنیستەکانی پێ دانەمرکایەوە. بەڵام لەکۆتاییدا فوئاد سەرەڕای وریایی‌و ئەزمونی کەڵەکەبوی، کەوتە دەست پۆلیسەوە چونکە یەکێ لەبەکرێگیراوەکان بەڕێکەوت دی بوی‌و ناسی بویەوەو دەم‌و دەست خەبەری لێ دابوو. بەڵام هیچی لەسەر ساغ نەبۆوەو پشکنینی ماڵەکەی کەکاربەدەستان پێیان وابوو بنکەی چاپەمەنیی کۆمۆنیستەکانە، هیچ بەڵگەیەکی لەدژی قوت نەکردەوە. پاش هەفتەیەك ئازاد کرا.

ساڵی ١٩٥٤ وێستگەیەکی گرنگی بیرو تێڕوانینەکانی پارتی کۆمۆنیست پێکدێنێ. تا ئەو کاتە، پارتی کۆمۆنیست پشت ئەستور بوو بەچەردەیەك بەهای ئەخلاقی کەگرنگترین‌و دیارترینیان رەتکردنەوەی نەتەوایەتی بوو، واتە بەو چاوە تەماشای خۆی دەکرد کەلێی دەوەشێتەوە تاودانەوەی هیواو ئاواتی هاووڵاتییان بێ لەنیشتمانێکی یەکگرتوی بێ ترس‌و دڵەڕاوکێ‌و دور لەڕکەبەرایەتیی رەگەزی‌و ئایینی‌و تایفەگەری. بەڵام پارتی کۆمۆنیست بەئەستەمی زانی بتوانێ بۆ هەتا هەتایە لەسەر ئەم رێبازە بڕوا چونکە پێداویستییە پرەگماتیکییەکان وردە وردە بەسەر پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکاندا زاڵ بون. ئاشکراشە کە لەو ماوەیەدا

کەف و کوڵی جوڵانەوەی ناسیۆنالیستیی عەرەب ئەوەندە جۆشی سەندبوو کە پارتی کۆمۆنیستی ناچار کرد بەسیاسەتی هاوسەنگیی نەتەوەییدا بچێتەوە. ئیتر لەگەڵ تاوسەندنی مەسەلەی فەلەستیندا، پارتی کۆمۆنیست زۆرتر بەلای ئەوەدا دایشکاند کەخۆی لەگەڵ پێداویستییەکانی جوڵانەوەی نەتەوەییدا بسازێنێ و لەکۆتاییدا پەی بەوە برد کەدەکرێ، بەمەبەستی بەدی هێنانی ئامانجەکانی کۆمۆنیزم، بەشدارییەکی کاریگەر لەجوڵانەوەی نەتەوەییدا بکات. بەمجۆرە، پارتی کۆمۆنیست هەر ئەوەندە بەخۆی زانی کەوردە وردە بۆتە هاوڕێ و هاوئامانجی جوڵانەوەی نەتەوایەتیی عەرەب.ساڵی ١٩٤٨، کاتێك عەرەب یەکەم جەنگی دژی جولەکە دۆڕاند، دژایەتی کردنی جولەکە لەعیراق پەرەی سەندو رق و کینەی خەڵکی بەرامبەر بەجولەکەو بریتانیا زیادی کرد. دواتر سیاسەتی ناسیۆنالیستیی جەمال عەبدولناسر جەماوەری هێنایە جۆش و خرۆش. بەمجۆرە، پارتی کۆمۆنیست پەی بەوە برد کەنابێ خۆی لەجوڵانەوەی ناسیونالیستی دابڕێ. ئەگەر لەهەلومەرجی ساڵی ١٩٥٤ ورد ببینەوە، دەبینین هەستی نەتەوەگەرا توانیویەتی لەناو ریزەکانی پارتی کۆمۆنیستدا گەرا دابنێ، بەرادەیەك کۆمۆنیستە عەرەبەکان هەندێ جار رەفتاری وایان نواندووە کەگوزارشتی لەبڕێکی زۆری نەتەوەگەرایی کردووە، بەتایبەتی بەرامبەر بەکورد.

لەو قۆناغە شۆڕشگێڕییەدا کەش و هەوا وێژەیی و ئەخلاقییەکەی ناو ریزەکانی پارتی کۆمۆنیست، چەشنە دوالیزم و پرەگماتیزمێك بەسەریدا زاڵ بوو چونکە پارتی کۆمۆنیست بەبیانوی ئەوەی کەئامانجەکانی جوڵانەوەی نەتەوەگەرای عەرەب ئامانجی پێشکەوتنخوازن و خۆیان لەپێویستیی پشتگیری کردنی داخوازیی فەلەستینییەکان و رزگارکردنی عیراق لەهەژمونی رۆژئاوای ئیمپریالیست دەبیننەوە، کەوتە پشتگیری کردنی جوڵانەوەکە. ئەم سیاسەتە پارتی کۆمۆنیستی هاندا پشتیوانی

لەپێداویستییە نەتەوەگەراکانی عەرەب بکاو پێداویستییە نەتەوەگەراکانی کوردایەتی پشت گوێ بخا. بەلای کۆمۆنیستە کوردەکانەوە ئەستەم بوو بتوانن بیرو بۆچونە ئایدیۆلۆژییەکانی تایبەت بەئینتەرناسیونالیزمو مافی یەکسان، لەگەڵ پێداویستییە پرەگماتیکییەکانی سیاسەتی ناوەندا بگونجێنن، سیاسەتێك کەوای لەناوەند کردبوو یەکلایەنە تەماشای مەسەلەی نەتەوایەتی بکا. لەکاتێکدا دەبینین پارتی کۆمۆنیست بەرگێکی شۆڕشگێڕانە بەبزاوتی نەتەوەگەرای عەرەب دەبەخشێ، هەمان ئەو بەرگە لەبزاوتی نەتەوەگەرای کوردایەتی دادەماڵێو بیانووەکانیشی لەم روەوە بێ بنەما بون. ئەمە پەیوەندیی بەهەڵوێستێکی ئایدیۆلۆژییەوە بەرامبەر بەبزوتنەوەی کورد نیە، بەڵکو روخساری پرەگماتیزمێکی نەتەوەگەرای پێوە دیارە، ئەم پرەگماتیزمە پارتی کۆمۆنیستی هاندا بەچاوێکی سوکەوە تەماشای داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد بکا کەگوایە ئەو داخوازییانە لەگەڵ پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکاندا وێك نایەنەوە. بیانوی سەنتەری پارتی کۆمۆنیست ئەوە بوو کەبزوتنەوەی نەتەوەیی کورد "هێشتا نەبوە بەمەسەلەیەکی گەرمو گوڕ".

ئەم کەشو هەوا ئاڵۆزە بۆ فوئاد مایەی بێزاری بوو. بیرۆکەی وازهێنان لەپارتی کۆمۆنیست کتوپڕ نەبو. ئەم بیرۆکەیە هۆو پێشینەی خۆی هەیەو بەشێنەیی بەئاکام گەیشتوەو لەم روەوە روداوێك هەیە ناوەڕۆکەکەی لێی رادەبینرێ زۆر شت رون بکاتەوە. ساڵی ١٩٥٥ عەبدولڕەحمان قاسملو، کەدواتر دەبێ بەسکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بەدزییەوە گەیشتە سلێمانیو چەند رۆژێك لەماڵی خەسرەو تۆفیق مایەوە. لەم سەردانەیدا، فوئاد چاوی پێ کەوتو پێدەچێ ئەم دیدارە بۆ گۆڕینەوەی بیروڕا دەرفەتێکی لەبار بووبێ. قاسملو باسی ئەوەی کرد کەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیوەندییەکی تایبەتی

لەگەڵ پارتی کۆمۆنیستی تودەی ئێراندا دروست کردووەو لەنێوانیاندا "پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی" هەیە، واتە تودە ئەرکی ڕێکخستنی کوردی ئێرانی بۆ حزبی دیموکرات بەجێ هێشتووەو تودە لەناو کورددا هیچ ڕێکخستنی نهێنیی نەماوە. بەکردەوە، پەیوەندییەکە بەو چەشنەی کەباس کرا، زۆرتر لەکۆنفیدراسیونێکی سیاسی دەچوو.

لەو کەش‌و هەوا گرژەدا، فوئاد ویستی پێداویستییە نەتەوەییەکانی خۆی لەگەڵ بیروباوەڕی کۆمۆنیستدا بسازێنێ. کاتێك بۆ یەکەم جار چاوی بەسەلام عادلی سکرتێری پارتی کۆمۆنیست کەوت، سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشا کەسیاسەتی سەنتەر بەرامبەر بەکورد ناگاتە ئاستی پێداویستییە ئینتەرناسیونالیستییەکانی پارتی کۆمۆنیست. گفتۆگۆیەك کە لەنێوانیاندا هاتە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی دوو تێڕوانینی لێکجیاواز بوو بەڵام نەك تا ئەندازەی لێکدابڕان. فوئاد جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کەناسیونالیزمی عەرەبایەتی گەیشتۆتە ئاستێك کە باڵی بەسەر پارتی کۆمۆنیستدا کێشاوە. عادل بەنەرمی، بەڵام بەپێداگرتنەوە، وا وەڵامی دایەوە کەناسیونالیزمی عەرەبایەتی تەڤگەرێکی دژ بەئیمپریالزمەو بڕێکی گونجاو ئەنگێزەی پێشکەوتنخوازانەی تێدایە. عادل کەتین‌و تاوی ناسیونالیزمی عەرەبایەتی سەرسامی کردبوو، زۆر بەلایەوە گرنگ بوو کۆمۆنیستە کوردەکان بەشدارییەکی کاراو لێبڕاوانەی تێدا بکەن. مایەی تێڕامانە کە لەم خاڵەدا فوئاد وەك ناسیونالیست نەك وەك کۆمۆنیست وەڵامی داوەتەوەو سەرنجی بۆ ئەوە ڕاکێشاوە کەڕیکلام کردن بۆ ناسیونالیزمی عەرەبایەتی لەسلێمانی لەگەڵ ڕەوشی نەتەوەییدا وێك نایەتەوە. "لەسلێمانیدا بانگەشە تەنها بۆ کوردایەتی دەکرێ". بڕو بیانووەکانی عادل کە بەپێویستیی دەزانی بزاڤی ناسیونالیستی عەرەب گەشە پێ بدرێ گوایە ئەم بزاڤە دژی بریتانیایەو "هاوڕێ" ڕوسەکانیش پشتیوانیی لێ دەکەن، ڕەنگدانەوەی کاریگەریی ستراکتۆرە

ناسیونالیستییەکانە لەسەر سیاسەتی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست. بەهەر حاڵ، فوئاد بەوە لەو گفتوگۆیە دەرچوو کەڕێی پێ درا پەیوەندی بەناسیونالیستەکانی پارتییەوە بکا. ئەگەرچی عادل بەزمانێکی دۆستانە بۆچونی خۆی سەبارەت بەداخوازییەکانی کورد دەربڕی، بەڵام فوئاد شتێکی وای لەو دەربڕینە هەڵنەکرِاند کەپشتیوانییەکی گەرمو گوڕ بێ لەجولانەوەی نەتەوایەتیی کورد.

بەلای فوئادەوە مەسەلەکە گەیشتبوە ئەو ئاستەی کەدەبێ لێرە بەدواوە بۆچونە ناسیونالیستییەکانی بکاتە سەنگی مەحەك. پاش ئەوەی کەڕێی پێ درا پەیوەندی بەپارتییەوە بکا، لەڕێگای دوو براوە، محەمەدو قادر حاجی تایەر، ڕابەڵەیەکی لەگەڵ پارتیدا دروست کردو ئەم جموجولە سیاسییەی بۆ دروست کردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ ناسیونالیستەکانی پارتیدا بەکار هێنا. ئەم هەوڵو کۆششە ڕێی بۆ هێنانە دیی زمانێکی هاوبەش خۆش کرد. فوئاد لەگفتوگۆکانیدا لەگەڵ پارتی زۆرتر جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لە جگە لەلێك نزیکبونەوەی هەردو حزب هیچ ڕێگایەکی تریان لەبەردەمدا نیەو لەم سەروبەندەدا گوزارشتی لەوە کرد کەزۆر بەلایەوە گرنگە بیروڕا لەگەڵ یەکتریدا بگۆڕنەوەو هاوکاریی نێوانیان سەقامگیرتر بکەنو پێکەوە یەك سیاسەت دابڕێژن کە لەناوەڕۆکدا نەتەوەیی بێو لەڕوی سیاسییەوە ببێ بەمایەی بەهێزکردنی ناوبانگی کورد. ناسیونالیستەکانی پارتی ئەوەندە دڵیان بەم قسانە خۆش بوو، باوەڕیان نەدەکرد قسەی وا، کە بەناوەڕۆك هەستی کوردایەتیی لێ دەچۆڕێ، لەکۆمۆنیستێك ببیستن. بۆیە، فوئاد دەمو دەست ئەو پرسیارەی لێ کرا کەئاخۆ ئەوەی ئەو گوزارشتی لێ دەکا، هەر قسەو بۆچونو تێڕوانینی خۆیەتیو تەنها خۆی لێی بەرپرسیارە، یاخود ڕەنگدانەوەی ڕێنماییو بۆچونەکانی ناوەندە. فوئاد بەوپەڕی متمانەوە وەڵامی دایەوە

"ئەوەی من لێرە گوزارشتم لێ کردوە، هەم ڕەنگدانەوەی بیروڕای خۆمە هەم ڕەنگدانەوەی بیروڕای ناوەندە".

فوئاد ڕۆڵێکی گەورەی لەهاندانی پارتی کۆمۆنیست بۆ ڕاستکردنەوەی بیرو بۆچونەکانی دەربارەی داخوازییە نەتەوەییەکانی کورد گێڕا. لەڕاستیشدا ئەگەر سەرودەر لەو ڕۆڵە دەرنەکەین، ناتوانین بەوردی لەبۆچونە نەتەوەییەکانی بگەین. ئەمە بەچاکترین شێوە لەوەدا دەردەکەوێ کەفوئاد توانی بیروباوەڕە نەتەوەییەکانی خۆی بەسەر کۆنفرەنسی ساڵی ١٩٥٦ی بەغدادا بسەپێنێ. لەو ساڵەدا پارتی کۆمۆنیست لەیەکێ لەبنکە نهێنییەکانی لەتەل محەمەد، کەیەکێ لەگەڕەکە دورەکانی بەغدایە، کۆنفرەنسێکی بە بەشداریی لانی کەم ٣٥ کۆمۆنیست بەست، کە لانی کەم پێنجیان کورد بون لەوانە فوئاد، ساڵحو جەمال حەیدەری، حکمان فارسو کاکەی فەللاح بەڵام حەمید عوسمان بەشداریی نەکرد چونکە لەو کاتەدا سەرقاڵی بەشداری کردن بوو لەڕێکخستنی مانگرتنێك لەموسل.

ئەوسا فوئاد هێشتا ٢٤ ساڵی تەواو نەکردبوو. ئەگەر تەمەنی لەگەڵ تەمەنی هاوەڵەکانی ناو کۆنفرەنسەکەدا بەراورد بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کەئەو لەهەمویان بچوکتر بوو. ڕۆڵی لێبڕاوانەو سەنگینی لەو کۆنفرەنسەداو پێداگرتنی سەرسەختانەی لەسەر بۆچونو هەڵوێستەکانی، بەو ئاکامە گەیشت کەکۆنفرەنس نەیتوانی، وەك لەسەرەتادا نەخشەی بۆ دانا بوو، ئەرکەکانی خۆی لەماوەی سێ ڕۆژدا کۆتایی پێ بێنێ. بەهۆی ئەو هەمو مشتومڕەی کەفوئاد لەکۆنفرەنسەکەدا نایەوەو لەسۆنگەی ساغڵەمیی بەڵگەکانیو سوربونی دلاوەرانەی لەسەر بەهەند وەرگرتنی ئایدیۆلۆژیا نەك فاکتەرە تاکتیکییەکان، کۆنفرەنسەکە ڕۆژێکی دیکەی بۆ زیاد کرا. فوئاد مشتومڕەکانی بەئاماژەیەکی ڕون بۆ کەمتەرخەمیی پارتی کەمۆنیست لەپابەندبون بەمەرجەکانی ئاکارو ئایدیۆلۆژیا

بەرامبەر بەکورد دەست پێکرد. لەم سەروبەندەدا مەسەلەی مافی چارەی خۆنوسینی کورد ئەوەندە بەشێوەیەکی رەق و تەق و بێ ئەملاو ئەولا خرایە روو، کەهێندەی پشت ئەستور بوو بەپاساوی ئایدیۆلۆژی بەهەمان بڕ پشت ئەستور نەبو بەپاساوی تاکتیکی. فوئاد ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەمێژوی کۆمۆنیزم لەقۆناغە بەراییەکاندا دەوڵەمەندە بەخەباتێکی دلێرانە لەپێناوی یەکسانیداو لەم روەوە لەکۆنفرەنسەکە راست بۆوەو وتی: "مەسەلەی نەتەوایەتی مەسەلەیەکی گرنگەو نابێ فەرامۆش بکرێ. مافی چارەی خۆنوسینی کوردیش دەبێ بەرۆشنیو بەبێ پێچو پەنا پەسند بکرێ". بەجۆرە لەکاتێکدا فوئاد ئاماژەی بۆ ئەو دەکرد کەپارتی کۆمۆنیست کەمتەرخەمە لەجێبەجێ کردنی ئەرکە ئینتەرناسیونالیستییەکانی خۆی بەرامبەر بەکورد، کەوتە توانج گرتن لەو رێگەچارەیەی کەناوەندی پارتی کۆمۆنیست بۆ مەسەلەی کوردی پێشنیار کردبوو و خۆی لەئۆتۆنومییەکی سنورداردا دەبینییەوە.

فوئاد لەباری سەرنجی کۆمۆنیزمەوە تێزی ئۆتۆنۆمیی شەرمەزار کردو داوای کرد چیتر بانگەشەی پرۆپاگەندەکارانەی بۆ نەکرێ، پشت ئەستور بەو بەڵگەیەی کەبانگەشەی ئۆتۆنۆمی لەبانگەشەیەکی مەنشەفیکی بەولاوە هیچی تر نیەو لینین لەمشتومڕی توندی لەگەڵ مەنشەفیکەکاندا ریسوای کردووەو لەم سەروبەندەشدا ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کەچارەسەرە ئینتەرناسیونالیستییە بەلشەفیکییەکەی مەسەلەی نەتەوایەتی خۆی لەسەلماندنی مافی چارەی خۆنوسیندا دەبینێتەوە، نەك لەسەلماندنی مافی ئۆتۆنۆمیدا. فوئاد ئەو پرسیارەی کرد کە"ئەگەر پارتی کۆمۆنیست پشت بەمارکسیزم نەبەستێ، چۆن بۆی دەلوێ چارەسەرێك بۆ مەسەلەی نەتەوایەتی بدۆزێتەوە؟".

ئەو نەبەردەی پاش بەرگریی دلاوەرانەی لەمافی نەتەوەیی چارەی خۆنوسینی سیاسیی کورد هاتە ئاراوە، لەگەوهەردا ململانێ بوو لەنێوان

دوو نۆڕینی جیاواز بۆ مەسەلەی کـورد. ئامـاژەکردنی بەدورکەوتنـەوەی پـارتی کۆمۆنیسـت لـە"چارەسـەری لینینییانـە"ی مەسـەلەی کـورد، کۆمۆنیستە عەرەبەکانی تورە کرد. کۆمۆنیستە عەرەبـەکان پێشـنیاریان کرد مافی چارەی خۆنوسینی کورد بخرێتـە دەنگدانـەوەو خۆیشـیان لـەوە دڵنیا بون کە بـەهۆی زۆریـی ژمارەیانـەوە سـەرکەوتن بەدەسـت دێـنن. پێداگرتنیان لەسەر دەنگدان بەو بیانووەی کەدەبێ کەمینە مل بۆ زۆرینە کەچ بکات، لەناوەڕۆکدا ڕەنگدانەوەی بانگەشەیە بۆ قسەی زلو گوزارشت لەڕوخسارێکی درۆزنانەی دیموکراسی دەکا. ئەگەر مەسەلەکە دەنگـدانی لەسەر بکرایە، فوئادو بەتەنیشتییەوە فراکسیۆنە کۆمۆنیسـتە کوردەکـە بەدڵنیاییەوە دەدۆڕان.

عادل لێزانانـەو لەچوارچێوەی بیروباوەڕەکانـدا مەسـەلەکەی یـەکلا کردەوەو رونی کـردەوە کەمەسـەلە ئایدیۆلۆژییـەکان بەدەنگـدان یـەکلا ناکرێنەوەو باشتر وایە کۆنفرەنس بەباوەڕەوە بڕیار لەم بارەیـەوە بـدا. وتـی "لەناو حزبە کۆمۆنیستەکاندا وا باوە کەبڕیار بەکۆی دەنگ دەردەچێ نەك بەزۆرینـەی دەنـگ". لـەم چوارچـێوەیەدا کەوتـە رونکردنـەوەی ئـەوەی کەئەگەر جیاوازیی بیروڕا وەسـتایانە چارەسـەر نـەکرێ، دەشـێ فاکتـەرە وێژەییەکانی جیاوازییەکە لەفاکتەرە ماددییەکان ڕۆڵێکـی ترسـناکتریان هەبێ. عادل پێشنیاری پێکهێنـانی کۆمیسـیونێکی دوقـۆڵیی لـەعامر عەبدوڵڵاو کەمال فوئاد کردو داوای کرد ئەو کۆمیسیونە، پاش تـاوتوێ کردنی مەسەلەکە بەتێرو تەسەلی، بەنوسین بۆچونەکانی خۆی پێشـکەش بـەکۆنفرەنس بکـات. بـەمجۆرە، هـەردو نـاوبراو پـاش پێکهێنـانی کۆمیسیونەکە کەوتنە گەڕان بەدوای فۆرمێکی گونجـاو کەهـەم لەگـەڵ پێداویسـتییە ئایدیۆلۆژییەکانـدا بگونجـێ هـەم دژی پێداویسـتییە تاکتیکییەکانیش نەبێ. عەبدوڵڵا هـەر لەسـەرەتاوە بـەمجۆرە گوزارشـتی لەمەسـەلەکە کـرد کەپێویسـتە لێـك تێگەیشـتنێك بێتـە ئـاراوە

کەبەردەوامبونی تین‌و تاوی بزاڤی ناسیونالیستی عەرەبایەتی مسۆگەر بکات‌و لەهەمان کاتدا ترس‌و دڵەڕاوکێ لەلای ناسیونالیستەکانی کورد دروست نەکات.

پاش هەوڵ‌و کۆششێکی زۆر، فوئادو عەبدوڵڵا فۆرمێکی گونجاویان دەربارەی مەسەلەی کورد داڕشت کەکۆنفرەنس لەڕاپۆرتەکەیدا پەسندی کردو لەناملیکەیەکی تایبەتداو پاشان لەڕۆژنامە ناوەندییەکەی "ئیتحاد ئەلشەعب"دا بلاوی کردەوە. بەپێی راپۆرتەکە "گەلی کورد لەعیراقدا بەشێکی جیانەکراوەی نەتەوەی کوردە لەهەمو پارچەکانی کوردستاندا کەئیمپریالیزم ونجڕ ونجڕی کردووە". دەربارەی مەسەلەی ئۆتۆنۆمیش کەفوئاد پێی وابو ئەم مەسەلەیە لەپرۆپاگەندەی پارتی کۆمۆنیستدا هیچ بایەخێکی نەبوە، بۆچونی راپۆرتەکە ئەوە بوو کە "ئۆتۆنۆمی لەسەر بنەمای یەکێتییەکی ئارەزومەندانەی تێکۆشەرانەی برایانە، تەگبیرێکە پەیوەندیی بەهەلومەرجی رۆژگارەوە هەیە‌و لەبەرژەوەندیی هەردو گەلی کوردو عەرەبدایە‌و بەشێوەیەکی رۆشنتریش لەبەرژەوەندیی خودی گەلی کورددایە‌و بەم مانایە، ئۆتۆنۆمی دوایین چارەسەری مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد نیەو ناشکرێ جێی مافی چارەی خۆنوسینی نەتەوەی کورد بگرێتەوە".

بەمە فوئاد ستراکتۆرێکی ئایدیۆلۆژیی گونجاوی بۆ پارتی کۆمۆنیست بۆ کارکردن لەناو کورددا بەدەستهێنا. بەڵام ئەو چاپوکییە کێشەی بۆ پەیدا بوو، چونکە ناوەند سور بوو لەسەر سەرپەرشتی کردنی لقی کوردستانی حزب، سوربونێك کەتەنها یەك مانای هەبوو، ئەویش بەگومان کەوتنە لەئەنگێزەی ناسیونالیستانەی کۆمۆنیستە کوردەکان. یەکەم کۆبونەوەی سەلام عادل، بەبەشداریی شەریف شێخ، لەگەڵ لێپرسراوانی لقی کەرکوك پاش کۆنفرەنسەکە، گفتوگۆیەکی توندوتیژی دەربارەی مەسەلەی رێکخستنی پەیوەندیی نێوان لق‌و ناوەند لێ کەوتەوە.

ئێمه لێرەدا لەبەردەم دوو هێڵی دژ بەیەك داین: لەکاتێکدا بۆچـونەکانی ناوەنـد رەنگدانـەوەی هـەوڵێکی کـارا بـون بـۆ کـۆنترۆڵ کردنـی لـق، کۆمۆنیسته کوردەکان زۆرتر جەختیان دەکردە سەر پەیوەندییەکی وێژەیی لەگەڵ ناوەنداو ئازادییەکی فراوان لەکاری رێکخراوەییدا لەکوردسـتان. فوئادو لەگەڵ ئەودا حەیدەری‌و عوسمـان، بەنابەدڵییـەوە بـەوە رازی بـون کەشەریف شێخ، دۆستی گیانی بـەگیانی‌و خۆشەویسـتی سـەلام عـادل، سەپەرشتیی لقی کوردستان بکات.

دیـاره فوئـاد نەیدەویسـت پێداویسـتییه ئینتەرناسیونالیسـتییەکان سنورێك بۆ نۆڕینه ناسیونالیسـتییەکانی دابنـێن‌و لـەم سـەروبەندەدا وا پاکانـــەی بـــۆ ئەمـــە دەهێنایـــەوە کەئـــەو پێداویســـتییه ئینتەرناسیونالیستییانەی نەبونەتـە رێگـر لەبـەردەم بەشـداری کردنـی پارتی کۆمۆنیست لەبزوتنەوەی نەتەوایەتیی عەرەبدا، دەشـێ هـەر ئـەو پێداویستییانه بن کەرێگر نین لەبەردەم بەشداریی لقی کوردستانی پارتی کۆمۆنیست لەبزوتنـەوەی نەتەوایـەتیی کـورددا. شـەڕی فوئـاد لەگـەڵ شەریف شێخدا ئەوەندەی کەشەڕ بـوو لـەنێوان دوو لێکدانـەوەو نـۆڕینی جیاواز بۆ واتای ناسیونالیزم‌و ئینتەرناسیونالیزم، بەقەد ئـەوە شـەڕێکی ئایدیۆلۆژی نەبوو. لەکاتێکدا شەریف شێخ‌و لەگەڵ ئەودا ناوەندی پارتی کۆمۆنیسـت وایـان دەبینـی کەئـەنگێزەی نەتەوەخوازانـەی کۆمۆنیسـته کوردەکان هەڕەشه لەگیانی ئینتەرناسیونالیسـتی‌و تۆکمـەیی بیروبـاوەڕو خاوینیی ئایدیۆلۆژیی پارتی کۆمۆنیست دەکات، فوئـادو لەگـەڵ ئـەودا ئەنـدامانی فراکسـیونه کۆمۆنیسـته کوردەکـه لـەو بڕوایـەدا بـون کەدورخستنەوەی کۆمۆنیسته کوردەکان لەجوڵانەوەی نەتەوایەتیی کـورد پەراوێزی مانۆڕی سیاسی تەنگەبەر دەکـاو دەبێتـه هـۆی سـاردو سـڕیی پەیوەندیی نێوان کۆمۆنیستەکان لەگەڵ دەوربەرەکەیاندا.

فوئاد بەڵگەیەکی بەهێزی لەو رووەوە پێشکەش کرد کەتێکەڵبونی کۆمۆنیستە کوردەکان بەجولاَنەوەی نەتەوەیی دەشێ بەشێوەیەکی باشتر بێ بەمایەی بلاَوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم. پاش کۆنفرەنسەکە بەماوەیەك، هەواڵی کۆچی دوایی شێخ مەحمود بەرزنجی گەیشتە سلێمانی. هەر ئەوەندە ئەم هەواڵە بلاَو بۆوە، جەماوەر خرۆشاو فوئاد لێبڕاوانە کەوتە کارکردن بۆ بەشداربونی کۆمۆنیستەکان لەپێشوازی کردن لەتەرمەکە. ئەو رۆژەی تەرمی رابەری کورد لەبەغداوە هاتەوە، سلێمانی پشێوییەکی زۆری بەخۆوە بینی، جەماوەر رژایە سەر شەقامەکانو لەکاتی ریّو رەسمی پێشوازی لیّ کردندا هەستو سۆزو دەرونی هاوولاَتییان گڕی گرتو زۆری نەبرد ئەم جۆشو خرۆشە بوو بەکەفو کولێکی هەڵکشاو. جەماوەر هەڵی کوتایە سەر سەرای و بەگژ پۆلیسدا چۆوە. فوئاد کۆمۆنیستەکانی هاندا ئەوەندەی پێیان دەکریّ، شانبەشانی نەتەوەخوازەکانی پارتی، بەشداری لەڕاپەڕینەکەدا بکەن. بەکردەوە، فوئاد هەماهەنگیی لەگەڵ نوری ئەحمەد تەهای ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتیدا هەبوو. لەنیوەشەودا پۆلیس هەڵی کوتایە سەریانو هەردوکیانی دەستگیر کردو ئەوانیشی خستە پاڵ دەوروبەری دوو سەد کەسێك لەوانەی کەدەستیان لەپشێوییەکاندا هەبوو. کاتێك فوئاد سەرکردایەتیی شانە کۆمۆنیستەکانی سلێمانیی دەکرد، کەشو هەوایەکی وای هێنایە کایەوە کەکۆمۆنیستە کوردەکانی هاندا پەیوەندیی بەهێز لەنێوان ئەوەی ناویان نابوو خەباتی چینایەتیو خەباتی نەتەوایەتی دروست بکەنو لەم سەروبەندەدا ئەو پرۆژەیەی بەخەیاڵدا هات کەچەشنە هاوکارییەك لەگەڵ پارتیدا بێنێتە دی. دیارە ئەو لەسەرەتادا پرۆژەکەی نەگەیاندبووە ئەو رادەیەی کەتێکهەڵکێشبونێکی رێکخراوەیی لیّ بکەوێتەوە. خوێندنەوەی بۆ بارودۆخەکە وای کرد بچێتە سەر ئەو باوەڕەی کەچەردەیەك هۆکاری کۆنکرێتیو تاکتیکی،

تێکهەڵکێش بونی پێداویستییەکانی جوڵانەوەی کۆمۆنیستیو جوڵانەوەی نەتەوایەتیی کورد دەسەپێنن‌و لـەو روانگەیـەوە وای بـۆ چـوو کەئەمـە، بەپێچەوانەی ئەوەی کەناوەنـدی پـارتی کۆمۆنیسـت بـیری لێ دەکاتـەوە، لەبەرژەوەندیی کۆمۆنیزمدایە.

یەکەم ژمارەی رۆژنامەی "ئازادیی کوردسـتان" کـەلقی کوردسـتانی پارتی کۆمۆنیست پاش کۆنفرەنسەکە دەری کردووە، گوزارشت لەمـەیلی ئاشکرای کۆمۆنیستە کوردەکان بۆ سەربەخۆییەکی زۆرتر دەکـات. هـیچ بڵاوکراوەیەکی تر بەقەد ئەم ژمارەیـە کـاری نـەکردە سـەر ناوەنـد. ئـەم ژمارەیە ناوەندی لەوە وریـا کـردەوە کەکۆمۆنیسـتە کوردەکـان خـەیاڵی مۆدیلێکی نەخوازراوی سەربەخۆیی لەکەللەی داون کە بەهیچ شـێوەیەك لەناو حزبێکی تۆتالیتاری نهێنیی پشت بەسـتوو بەبنـەمای ناوەنـدیتیی رەها جێی نابێتەوە. وتارەکانی ئەم ژمارەیەی رۆژنامەکە کە ناوەندی حزب پێی وابـوو لەگـەڵ پـەیڕەوی سیاسـی‌و ئایـدیۆلۆژیی حزبـدا نـاگونجێن، شەریف شێخیان هاندا گوشار بخاتە سەر کۆمۆنیستە کوردەکان بۆ پەلـە نەکردن لەبڵاوکردنەوەی هەر شتێك. دواتریش ئەوەی بەسـەردا سـەپاندن کەهیچ وتارێکی ئامادە بۆ چاپ بەبێ رەزامـەندیی ئەو بڵاو نەکەنەوە.

لەو ماوەیەدا شتێکی تر رویدا کە رۆڵێکی دیـاری لـە فراوانکردنـی دەلاقەی نێوان ناوەندو لقی کوردستاندا هەبوو. لیژنـەی لقـی کوردسـتان وتارێکی بەناونیشانی "لەپێناوی رزگاریی کوردستاندا" ئامادە کردبوو و بەو هیوایەوە بوو کەئەم وتارە گوزارشت لەبیروڕای کۆمۆنیستە کوردەکـان بکـات کـەپێیان وابـو نـاکرێ رۆڵـی جوڵانـەوەی نەتەوایـەتیی کـورد لەتێکۆشـانی گشـتیدا فـەرامۆش بکـرێ. کاتێـك لـق سـەرگەرمی بەدەستهێنانی رەزامـەندیی ناوەند بوو بۆ بڵاوکردنـەوەی وتارەکـە، ناوەنـد بەڕوی لقدا تەقییەوەو وتارەکەی لەبەغـدا گـل دایـەوەو لێ نەگـەڕا بـڵاو ببێتەوە.

ئەمە هەموی بەسەر یەکەوە وایـان لـەفوئاد کـرد لێبڕاوانـە بـیر لـە چەشـنە لێـك تێگەیشـتنو هاوکارییـەك لـەنێوان حزبەکـەیو پـارتی دیموکراتدا بکاتەوە، پەیوەندییەك کە تـا ئەندازەیـەکی زۆر لەپەیوەنـدیی نێوان حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو حزبی تودە بچێ. پاشان خۆیو حەیدەری بەبێ راوێژکردن بەناوەند، کەوتنە دامەزراندنی پەیوەندیی پتەو لەگەڵ ناسیونالیستەکانی پارتیدا. تاکە بیرۆکە کەفوئاد پێـوەی سـەرقاڵ بـوو، ئـەوە بـوو کەتێکهـەڵکێش کردنـی بزوتنـەوەی شۆڕشـگێڕانەی کوردسـتانو لەسـەرەنجامدا کۆکردنـەوەی ناسیونالیسـتەکانی پـارتی دیمـوکراتو کۆمۆنیسـتەکانی لقـی کوردسـتانی پـارتی کۆمۆنیسـت لەچوارچێوەی یەك حزبی شۆڕشگێڕدا کەپەیوەندییەکی تایبـەتی لەگـەڵ پارتی کۆمۆنیستدا دەبێ، کارێکە هەم لەتوانادایـە بـەکردەوە بێتـە دیو هەم لەگەڵ ئایدیۆلۆژیادا وێك دێتەوە. فوئاد بەناوی قەڵغانەوە هەمو ئەم بۆچـونانەی لـەدوتوێی راپـۆرتێکی تایبەتـدا نوسـیو پاشـان خـۆیو ئەندامەکانی تری فراکسیونە پێنج کەسییەکە پێکەوە راپۆرتێکی تریـان بەهەمان ناوەڕۆك نوسیو بۆ ناوەندی پارتی کۆمۆنیستیان نارد.

# بەشی حەوتەم

## حەیدەری- فوئاد: كۆتایی یارییەكە

لەو كەش‌و هەوایەدا ئەستەم نیە پەیوەندیی نێوان كۆمۆنیستە كوردەكان‌و ناوەند بەپەیوەندییەكی گرژ بناسرێ. لەهەمان كاتدا دیار بوو كەكۆمۆنیستە كوردەكان خەریكن وردە وردە لەبیروباوەڕێك نزیك دەبنەوە كە لەگەڵ ئارەزوی ناوەندا وێك نەدەهاتەوە. بەمجۆرە، بیروباوەڕێك لەمێشكی كۆمۆنیستە كوردەكاندا گەڵاڵە بوو كەئەوەندەی لەبیروباوەڕی برایم ئەحمەدەوە نزیك بوو، ئەوەندە لەبیروباوەڕی پارتی كۆمۆنیستەوە نزیك نەبوو، بیروباوەڕێك پشت ئەستور بوو بەبانگەشە بۆ یەكخستنی پەیوەندیی ڕێكخراوەیی‌و یەكپارچەیی ئایدیۆلۆژیی نێوان پارتی دیموكرات‌و پارتی كۆمۆنیست، بەهەمان پێودانگی ئەو پەیوەندییەی كە لەنێوان پارتی كۆمۆنیستی تودەی ئێران‌و حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێراندا لەئارادا بوو.

دیارە هۆی بڵاوبونەوەی ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ كەش‌و هەوای لەیەكتر بەگومان كەوتنی كۆمۆنیستە كوردەكان‌و ناوەندی پارتی كۆمۆنیست زۆرتر لەوەی كەمەسەلەكە پەیوەندیی بەتۆكمەیی تیۆرییەكەوە هەبێ، جگە لەوەی كەتیۆرییەكە لەناوچەكەوە دور نەبوو و ئەزمونی پارتی تودەی ئێران هێزێكی زۆری پێ بەخشی بوو.

ئەو دوو راپۆرتەی كە لەیەك هەفتەدا نوسرا بوون، یەكەم ئاماژەی رون‌و ئاشكرا بوون بۆ بیركردنەوەی سەربەخۆی كۆمۆنیستە كوردەكان‌و گوێ نەدانیان بەهێڵە توندەكەی ناوەند. راپۆرتی یەكەم كەمال فوئادی

نوێنەری کۆمۆنیستەکانی سلێمانی نوسی بویو ئەوی تر کۆکراوەی بیروباوەڕی هاوبەشی فراکسیۆنە پێنج کەسییەکە بوو کە لەحەیدەری، فوئاد، مەجید عەبدولڕەزاق، حەمید عوسمانو لەتیف نانەوا پێکهاتبو.

خاڵی جێ سەرنجی هەردو راپۆرت لەناوەڕۆکی باسەکانیاندا نیە، بەڵکو لەوە دایە کەبۆچونەکانی ناو هەردو راپۆرت ئەوەندە بوێرانە نوسراون کە بەهیچ شێوەیەك لەحزبێکی خاوەن نەریتو پرنسیپی رێکخستنی ئاسنینو دیسپلینی توندوتۆڵ ناوەشێنەوەو هەر بەهۆی ئەمەشەوە بە بزرکاندنو لادان درانە قەڵەم.

ئەو شێوازەی کەفراکسیۆنە پێنج کەسییەکە بیروباوەڕی خۆی پێ دەربڕیوە، زۆر بەڕۆشنی گوزارشت لەمتمانەو یەکڕیزی دەکا. مایەی سەرنجە کەفراکسیۆنەکە بیروباوەڕی خۆی لەناوەند نەشاردۆتەوەو گوێی نەداوەتە ئەوەی کەئەم بانگەشەیە دەشێ لەکۆمۆنیزمدا بەچەشنە بیروباوەڕێکی لادەرو رەنگدانەوەی بیروباوەڕی ناشۆڕشگێڕانەی دور لەچینی کرێکار دابندرێ. هەردو راپۆرت بانگەشەیان بۆ یەکێ لەمەترسیدارترین ئەو تیۆرییانە کردۆتەوە کەپارتی کۆمۆنیست هەمیشە رەتی کردۆتەوە، ئەویش تیۆریی دەست هەڵگرتنی پارتی کۆمۆنیستە لەناوچەی کوردنشین بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەو تیۆرییەی کەساڵانێك بوو برایم ئەحمەد بانگەشەی بۆ دەکرد. بەلای پارتی کۆمۆنیستەوە ئەم تیۆرییە بەری پلانێکە کەدەبێ بەوپەڕی هێزو تواناوەو بەبێ کەمترین دودڵیو لێ سڵەمینەوە بەرپەرچ بدرێتەوە.

فوئاد لەراپۆرتەکەی ١٩ی حوزەیرانی ١٩٥٧دا دانی بەوەدا نا کە لەسلێمانیدا چاوی بەچەند ئەندامێکی پارتی کەوتوەو مەسەلەی یەکگرتنی رێکخراوەیی پارتی کۆمۆنیستو پارتی دیموکراتی لەگەڵیاندا تاوتوێ کردووە. لەڕاپۆرتەکەدا باسی ئەوەی کردووە کەهەردولا جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کەدەبێ ئەم ئەرکە "بەزوترین کات" جێبەجێ

بکرێ. فوئاد وا پاکانە بۆ پشتگیری کردنی پرۆژەکە دەکا کە "هاورێیانی" پارتی "لەئێمە کەمتر باوەڕیان بەکۆمۆنیزم نیە". ئەو ئاواتەی کەفوئاد ویستویەتی پێی بگا، دابین کردنی پاساوێکی ئایدیۆلۆژییە بۆ پەیوەندی کردنی کۆمۆنیستە کوردەکان بەپارتی دیموکراتەوە.

ناسیۆنالیستەکانی پارتی لەدوتوێی وتووێژەکانیان لەگەڵ فوئاد، توانیبویان وای دەربڕن کە "یەکگرتنی رێکخراوەیی"ی هەردو حزب خزمەت بەبزوتنەوەی شۆڕشگێڕانە دەکاتو لەم سەروبەندەدا مەسەلەکەیان خستبوە ئەو قاڵبەوە کەوازهێنان لەپارتی کۆمۆنیستو چونە ناو حزبێکی ناسیۆنالیستەوە هەوڵێکی لێبڕاوانەیە بۆ قوڵ کردنەوەی گیانی شۆڕشگێڕی لەناو حزبێکی ناسیۆنالیستدا کەپێویستی بەکەسانێکی شۆڕشگێڕە.

پاکانەی فەلسەفییانەی فوئاد بۆ ئەم یەکگرتنە پشتی بەیەکسان کردنی هەردو حزب بەستوەو لەم روەوە جەختی کردۆتە سەر ئەوەی کە "هاورێیانی" پارتی هەمان ئەو ئامانجانەیان هەیە کەپارتی کۆمۆنیست هەوڵیان بۆ دەدا. لەهەردوو راپۆرتو پاشکۆکانیاندا باری سەرنجی ئەندامانی فراکسیۆنە پێنج کەسییەکە بەجۆرێك خراوەتە روو کەیەکگرتنە پێشنیارکراوەکە وەك سەرەنجامێکی چاوەڕوانکراوی پەرەسەندنی بیروراکانی لێ هاتووە. فوئاد لەپاشکۆی راپۆرتەکەیدا دەچێتە سەر باسکردنی کەموکوڕییەکانی ناو پارتی بەڵام وای نابینێ کە ئەم کەموکوڕییانە مایەی نیگەرانین. پاشکۆکە کەموکوڕییەکانی بەوردی دەستنیشان کردووە بەڵام لەهەمان کاتدا رایەڵەیەکی لەنێوان چونە ناو پارتیو نەهێشتنی کەموکوڕییەکان دروست کردووە. فوئاد نوسیبوی "ئەگەر ئێمە لەناو ئەم حزبەدا بین، دەتوانین ئەو کەموکوڕییانە نەهێڵین"و لەم سەروبەندەدا ویستی ناوەند تێبگەیەنێ کەئەگەر هەردوو

حزب یەك نەگرنەوە "ئەمە سەرەنجامی زیانبەخشی هەم بۆ جولانەوەی نیشتمانی لێ دەکەوێتەوە هەم بۆ جولانەوەی کۆمۆنیستی". بەلام پێی باش بوو زۆر لەسەر ئەم تیۆرییە نەڕواو بەتەمومژیی بهێلێتەوە. هەمان بڕی تەمومژی لەناواخنی راپۆرتەکەی تردا دەبینرێ بەلام بۆچونەکانی ناو ئەم راپۆرتە بەگشتی درێژەپێدانو تەواوکەری راپۆرتەکەی فوئادن. دیارە هەردوو راپۆرت یەك ئامانجیان هەبوە.

رەنگە راپۆرتی دووەم لەوەی یەکەم رەوانبێژتر بێ بەلام هەردوکیان تیۆرییان کردۆتە بنەمای پاساو، بەرەچاوکردنی ئەوەی کەهیچ کامێکیان پەی بەپێویستیی پێشکەشکردنی رونکردنەوە نەبردووە. بەپێی بیروباوەڕی ئەوانەی کەراپۆرتی دووەمی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٥٧ یان ئیمزا کردووە، پێداگرتن لەسەر تێکەڵ کردنی رێکخستن "نەك هەر پارتی کۆمۆنیستی عیراق لاواز ناکا، بەڵکو بەهێزیشی دەکات"و دواتریش دەبێتە هۆی "بەهێزکردنی جولانەوەی شۆڕشگێڕو کۆمۆنیست لەکوردستاندا". لێرەدا هاوتاکردنی یەکگرتنو هێز بایەخێکی زۆری دەبێ چونکە دەبێتە مایەی بەرچاوخستنی لایەنی پراکتیکیی شێوەی بیرکردنەوەی گروپی پێنج کەسەکە، ئەمەش لەبەرەنجامدا هەوڵدانێکە بۆ بردنی ناوەند بۆ سەر ئەو باوەڕەی کە وازهێنانیان لەپارتی کۆمۆنیستو پەیوەندی کردنیان بەپارتییەوە مەرجی شۆڕشگێڕییان لێ ناسەنێتەوەو گومان لەدڵسۆزییان بۆ کۆمۆنیزم دروست ناکا با لەناو حزبێکی ناسیۆنالیستیشدا بن.

بەلام ئەگەر ئەوان ئەوەندە لەدروستیی بۆچونەکانیان دڵنیا بون، ئەی بۆ وا زوو پەشیمان بونەوە؟ حەیدەری لەیاداشتەکانیدا هیچ شیکردنەوەیەکی بۆ ئەم دیاردەیە پێ نیە. توندوتۆڵیی ناوەندێتی کەپرنسیپێکی تاقیکراوەو پەیرەوکراوی باوی پارتی کۆمۆنیستە، بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ئازادیی بیروباوەڕدا ناگونجێ. لەکاتێکدا پاساوی ناوەندێتیی توندوتۆڵ، پاراستنی یەکڕیزیی ناوخۆی حزبە، پاساوی

ئازادیی بیروباوەڕ مافی دەربڕینی رای جیاوازە. کاتێك هەوڵی پاراستنی یەکڕیزی دەبێتە ئامرازێك بۆ بانگەشەکردن بۆ یەك مۆدێلی بیرکردنەوە، مافی دەربڕینی رای جیاواز بەتەواوی دەپوکێتەوە.

حەیدەری‌و فوئاد بەمتمانەیەکی زۆرەوە بیروباوەڕی خۆیان دەربڕی‌و دەشیانزانی ئەو بیروباوەڕەیان لەگەڵ بیروباوەڕی ناوەنددا وێك نایەتەوە. بەڵام ئەم متمانەیە پێویستی بەپشتیوانیی ئایدیۆلۆژیا هەبوو. ئەم دوو کەسە کەدە ساڵ زیاتر بوو لەپێناوی کۆمۆنیزمدا تێدەکۆشان، نە بێئاگا بون لەسروشتی ستراکتۆری ئایدیۆلۆژی‌و رێکخراوەیی‌و سایکۆلۆژیی پارتی کۆمۆنیست‌و نە وا تێگەیشتبوون ئازادیی بیروباوەڕ لەناو ئەم حزبەدا پەراوێزێکی فراوانی هەیە. هۆی زۆربەی لەتبونەکانی پارتی کۆمۆنیست بۆ یەك فاکتەری سەرەکی دەگەڕێتەوە، ئەویش شکستی حزبەکەیە لەپێکەوە ژیان لەگەڵ بیروڕای جیاوازی ناو ریزەکانیدا. مێژوی پارتی کۆمۆنیست چەندەها ئەزمونی تفت‌و تاڵی جیابونەوەی بەخۆیەوە دیوە. لەهەمو ئەو جیابونەوانەدا کۆمۆنیستەکان فێری ئەوە نەببون کەڕێز لەبیروڕای یەکتری بگرن. کەواتە چی وای لەحەیدەری‌و فوئادو هاوڕێکانیان کردبوو بەو راشکاوییە سەرنجڕاکێشە بیروڕای جیاوازی خۆیان دەربڕن؟ بێگومان هەردوکیان دەیانزانی بیروڕاکانیان نە لەگەڵ بیروڕای ناوەنددا وێك دێتەوە نە لەگەڵ ستراکتۆری گشتیی حزبەکەداو باشیش سەریان لەوە دەرکردبوو کەئەم حزبە شۆڕشگێڕە کەیفی بەپەیدابونی بیروڕای جیاواز لەناو ریزەکانی نایە، بەڵام ئەوەش راستە بگوترێ کەهیچ کامێکیان وەك پیلانگێڕ لەدژی ناوەند کاری نەکردو دەربڕینی بیروڕایان بەو راشکاوییە هەم بوێریی پێوە دیارە هەم خۆشباوەڕی.

حەیدەری‌و فوئاد بەدڵنیاییەوە پێشبینیی ئەوەیان کردووە کەناوەند بەڕویاندا بتەقێتەوە چونکە بیروڕاکانیان هەرچەند لێزانانەو بەوپەڕی متمانەوەو بەشێوازێك نوسراون تێیدا وەك پیلانگێڕو لادەر دەرنەکەوتون،

بەڵام لەبەرەنجامی کۆتاییدا ناوەڕۆکی بیروڕاکانیان هەم لەگەڵ بیروڕای ناوەنددا نەدەگونجا هەم لەگەڵ ئەو رەوتە سیاسییەی دەیویست پارتی کۆمۆنیست ببێ بەتاکە هێزی شۆڕشگێڕی کارای سەرتاسەری وڵات. بەلای ناوەندەوە، پاساوی "بەهێزکردنی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕو کۆمۆنیست" دادی پێداویستییە ئایدیۆلۆژییەکان نادا.

لەکەرکوك حەیدەری‌و فوئاد روبەڕوی رق‌و تورەییەکی زۆر بونەوە، کەس نەبوو هۆی ئەم هەڵوێست و هەڵسوکەوتیان تێ بگا. لەهەمبەردا، حەیدەری لەخۆی رانەپەرموو بتوانێ زۆرتر بەرگە بگرێ، بەڵام فوئاد وازی لەبیروڕاکانی خۆی نەهێنا. گومان لەوەدا نیە کەناوەند لەهەڵسوکەوتیان رازی نەبوو بەڵام نەك تا ئەو رادەیەی کەتۆمەتی ناپاکییان بخاتە پاڵ. ئەمەش خەسڵەتێکە پارتی کۆمۆنیست بەدەگمەن نواندویەتی چونکە لەهەمو لەتبونەکاندا پارتی کۆمۆنیست دەم‌و دەست‌و یەکاویەك جیابووەکانی بەناپاك‌و نۆکەر داوەتە قەڵەم. ئەگەرچی تۆمەتی ناپاکی نەخرایە پاڵ حەیدەری‌و فوئادەوە، بەڵام هەر چۆنێك بێ گوناهی ریڤیژیونیزمیان خرایە پاڵ، واتە بەلادەر درانە قەڵەم. ئەم تۆمەتە ئەوە دەگەیەنێ کەخاوێنیی ئایدیۆلۆژییان کەموکوڕیی تێدایەو گومان لەدڵسۆزیی چینایەتییان دەکرێ. ناوەند هەر بەمە دانەکەوت بەڵکو زۆر بەتوندی پێی لەسەر ئەوە داگرت کەپێویستە هەردوکیان رەخنە لەخۆیان بگرن‌و دان بەچەوتیی بیروڕاکانیاندا بنێن. ئەم پێداگرتنەی ناوەند وای لەشۆڕشگێڕێکی وەك حەیدەری کرد لەدروستیی هەڵسوکەوت‌و هەڵوێستی خۆی بکەوێتە گومانەوە. ناوەند ئەوەی بۆ رون کردنەوە کەدەبێ بەرەفتاری خۆیاندا بچنەوەو مادامەکێ ئەوان رێز لەڕێبازی شۆڕشگێڕانەی حزب دەنێن، دەبێ رەخنە لەخۆ گرتنەکە بەئاشکراو بەڕاشکاوی‌و توند بێ. لەم سۆنگەیەوە، ئەوانەی کە لەهەڵوێستی خۆیان پاشگەز بونەوە، ناچار کران لەبەیاننامەیەکی سیاسیدا وا رەخنە لەخۆیان

بگرن كه لەگەڵ سەنگو پێگەیان لەكۆمەڵدا نەدەگونجا. بەكارهێنانی گوشار بۆ داننان بەچەوتیی هەڵوێستیاندا، ئەوەندەی كەسوكایەتی پێ كردنێكی بەئەنقەست بوو، ئەوەندە هەولێكی دڵپاك بۆ راستكردنەوەی هەڵە نەبوو.

ناوەند لە ١٥ی تەموزدا هەڵوێستی خۆی لەنامەیەكدا دەربڕیو دواتر، لە ٢٠ی ئابدا، نامەكەی بەشێوەی نامیلكەیەكی سەربەخۆ بەناونیشانی "وەڵامێك بۆ هەندێ چەمكی بورژوازیی نەتەوەییو پاكتاوگەرا" بڵاو كردەوە كەبەشێوەیەكی سەرەكی بۆ پوچەڵ كردنەوەی نۆڕینە ئایدیۆلۆژییەكانی حەیدەریو فوئاد تەرخان كرا بوو.

حەیدەریو فوئاد سەریان لەوە دەرنەكرد كە ناوەند بە چ مەبەستێك وتارەكەی لەسەر ئاستێكی فراوان پەخش كردووە، چونكە هەر مەبەستێكی سیاسی پرنسیپێكی كۆنكرێتیی لەپشتەوەیە. وتارەكە مەبەستی سیاسیی رونی نەبوو و زۆرتر گیانی دۆگمای كۆمۆنیستانە بەسەریدا زاڵ بوو.

حەیدەری لەدەستنوسی یاداشتەكانیدا دەڵێ شەریف شێخ خۆی ئەو وتارەی نوسیوە. شێخ بۆ سوكایەتی كردن بەشانو شەوكەتی نەیارەكانی، لێزانانە كەوتبوە قۆستنەوەی هەڵە ئایدیۆلۆژییەكانیانو لەم سەروبەندەدا بەشێوازێكی بیروكراتییانە وەڵامی دابونەوەو زۆر مەبەستی بوو كەبیانكوتێو سوكایەتییان پێ بكا. بەڵام لەم كارەدا تەنها بەوە دانەكەوت كەهەر سوكایەتی بەوان بكا، بەڵكو لەگەڵ ئەواندا سوكایەتیی بەپارتیش كرد. پشتیوانیی ناوەند لەوەڵامەكە، دەشێ بەڵگەی كاریگەریی شێخ بێ لەسەر سیاسەتە ناوخۆییەكانی پارتی كۆمۆنیست. هەروەها دەشێ هێرشە توندوتیژەكەی بەو زمان زبرە بۆ سەر پارتیو هانا بردنی بۆ نوسین بەگیانی رەتكردنەوەی گفتوگۆو دیالۆگ، شتێكی وای لێ

هەڵبکرێندرێ کەناوەند خانەگومان بوو لەئەگەری دەست تێکەڵاوکردنی حەیدەری‌و فوئاد لەگەڵ پارتیداو تێوەگلانی هەردولا لەپیلانێکدا لەدژی پارتی کۆمۆنیست.

شێخ بەبێ هێنانەوەی هیچ بەڵگەیەك زۆر تۆمەتی نارەوای خستە پاڵ پارتییەوە، ئاوەڵناوی قێزەونی بەکار هێنا، بانگەشەی بۆ ئەوە کرد گوایە پارتی نۆکەری ئیمپریالیزم‌و کۆمپانیا مۆنۆپۆڵەکانی نەوت‌و دەرەبەگایەتییەو لەدواییدا بەسەرئەنجامێکی کۆنکرێتی‌و فرە رۆشن گەیشت، ئەویش ئەوەیە کەشوێنی شیاوی کۆمۆنیستەکان پارتی کۆمۆنیستە نەك هەر حزبێکی تری ناکۆمۆنیست. بەڵگەکانی شێخ سەرەرای خۆسەرقاڵ کردنی بە بەکارهێنانی رستەی بەباق‌و بریق، بەڵگەی بەهێز نەبون. شێخ هەر لەناونیشانی وتارەکەوە ناچار بوو هانا بۆ رووداوێك بەرێ کە لەمێژوی پارتی سۆسیال- دیموکراتی کرێکارانی روسیا بەرابەرایەتیی لینین واتای خۆی هەبوو، کاتێك کۆمۆنیستە مەنشفیکە روسەکان پێشنیاریان کرد کۆتایی بەخەباتی شۆرشگێرانەی نهێنی بهێنرێ‌و پارتی سۆسیال- دیموکراتی کرێکارانی روسیا هەڵبوەشێنرێتەوەو دەست بەکاری سیاسیی یاسایی‌و ئاشکرا بکرێ. لینین زۆر بەتوندی بەرپەرچی ئەم بۆچونەی دایەوەو داواکارەکانی بەپاکتاوگەراکان ناو بردو وای نیشاندا کەئەوانە بونەتە خزمەتکاری دوژمنە چینایەتییەکانی پرۆلیتاریاو دەیانەوێ حزب پاکتاو بکەن. لەکۆنفرەنسی ساڵی ١٩١٢ی پراگ لینین بریاری دەرکردنی پاکتاوگەرا مەنشفیکەکانی دا.

وتارەکەی شێخ زۆر بەوردی گوزارشتی لەم بۆچونە لینینستییە دەکرد. وتارەکە هێندە پەرەگرافی دورو درێژی لەمارکس‌و ئەنگلس‌و لینین‌و تەنانەت لەستالینیش وەرگرتبوو، ئەگەر هەموی بەسەر یەکەوە کۆ بکرێنەوە، نەختێك کەمتر لەنیوەی نامیلکەکە پێکدێنن. شێخ نوسیبوی کەمەبەستی وتارەکە "ئەوەیە کەتەواوی تێکۆشەرانی حزب، بەتایبەتی

لەکوردستان‌و هەروەها تێکڕای نیشتمانپەروەران‌و ناسیۆنالیستەکانی دژ بەئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی بایەخێکی زۆری پێ بدەن" گوایە سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست "لەسۆنگەی ئەو لادانەوە، لەوە بەئاگا هات کەپێویستە خەباتی فیکریی حزب لەدژی بیروباوەڕە نامۆکان پەرە پێ بدرێ، بەتایبەتی کەدزەکردنی ئەم چەشنە بیروباوەڕانە بۆ ناو مێشکی چاکترینی هاوڕێکان بەو مانایە دێ کەهەڕەشەیەك لەئارادایە نابێ بەهەند وەرنەگیرێت. لەم چوارچێوەیەدا بڵاوکردنەوەی نامیلکەکە بەشێکە لەتێکۆشانی فیکری‌و سیاسیی حزب لەدژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستی‌و بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڕێیانە". دەربارەی مەسەلە بنەڕەتییەکە، شێخ وتی "دوو هاوڕێ لەسەرکردایەتیی یەکێ لەرێکخراوەکانی لقی کوردستانی حزب، لەبری ئەوەی خۆیان بۆ خزمەت کردنی حزب تەرخان بکەن‌و بکەونە گەڕ بۆ یەکخستنی هێزە نیشتمانییەکان لەکوردستان، کەوتنە وتووێژکردن لەگەڵ نوێنەرانی پارتی دیموکراتی یەکگرتوی کوردستاندا بۆ بەدی هێنانی یەکێتییەکی وا کەهیچ بناغەیەکی فیکری‌و سیاسی‌و کۆمەڵایەتیی نیە، واتە هەوڵی بەدی هێنانی یەکێتییەکی هەلپەرستانەیان داوە". شێخ لەسەری دەڕواو دەڵێ "پارتی دیموکرات رێکخراوێکی مارکسیستی لینینست نیە، بەڵکو رێکخراوێکی ناسیۆنالیستی بورژوازییە. پارتی دیموکرات پێ لەسەر هەڵسوکەوتێکی چەوت‌و دژ بەحزبمان‌و بیروباوەڕی مارکسیزم- لینینیزم دادەگرێ‌و بۆ چاندنی تۆوی دڵەڕاوکێ‌و سەرلێشێواوی لەناو ریزی تێکۆشەراندا سیاسەتێکی هەلپەرستانە پیادە دەکات کەجولانەوەی گەلی کورد بەرەو لادان‌و گۆشەگیریی جیابونەوەخوازانە دەبات... پارتی دیموکرات لەڕوی فیکری‌و سیاسی‌و رێکخراوەییەوەو لەهەڵوێستە کردارەکییەکانیدا خۆی دەخاتە پەراوێزێکی ناسیونالیستیی تەنگەبەرەوە، خەباتی چینایەتیی پرۆلیتاریاو جوتیاران دەشێوێنێ‌و لەژێر پەردەی

چەمکە ناسیونالیستییە تەنگبینەکاندا هەوڵی خنکاندنی ئەو خەباتە دەدا. ئەو لایەنانەی لەم سیاسەتە سودمەندن دوژمنە سەرەکییەکانی بزوتنەوە نیشتمانیو ناسیۆنالیستەکەمانن. پارتی بەدژایەتی کردنی هەڵسوڕانی پارتی کۆمۆنیست لەکوردستان، دژایەتیی هۆشیاریی سۆسیالیستیو مارکسیزم لینینیزم دەکاو لەدژی کرێکارانو جوتیاران لەسەنگەری بورژوازیو دەرەبەگەکاندا رادەوەستێ)).

هەواڵی بڵاوکردنەوەی وتارەکە بەشێوەی نامیلکەیەکی سەربەخۆ، حەیدەریو فوئادی ساکاند. بەڵام ئەوەی کەهەڵوێستی توندی بەرامبەر بەم نامیلکەیە دەربڕی، حەیدەری نەبوو بەڵکو فوئاد بوو. فوئاد وای دەبینی کەمەبەستەکەی مەبەستێکی پاکو بێگەرد بووەو نەشیویستوە پیلان لەدژی پارتی کۆمۆنیست بگێڕێت، بەڵام بەگومان کەوتنی لەڕادەبەدەری ناوەند لەمەرامو نیازەکانی، بووە مایەی تەگەرەدان لەگەیشتن بەخاڵی هاوبەش. ناوەند حەیدەریی هاوسۆزی فوئادی راسپارد وتووێژی لەگەڵدا بکاو بیباتە سەر ئەو باوەڕەی کەواز لەهەڵوێستەکانی بێنێ.

حەیدەری بۆ بینینی فوئاد چوو بۆ سلێمانی بەڵام هیچ پێشنیارو پەیمانێکی کۆنکرێتیی پێ نەبوو. تاکە دەسەڵات کەپێی درابوو قسەکردن بوو بەناوی ناوەندەوەو دەسەڵاتی پێدانی هیچ بەڵێنێکی پێ نەبەخشرابوو. بێبەش کردنی لەدەسەڵاتەکانو نەسەلماندنی توانای پابەندبون بەهەر بەڵێنێك، بوە مایەی ئاڵۆزکردنی پێگەی لەکاتی وتووێژداو ئەمە هەر لەسەرەتاوە هەوڵو کۆششەکانی پوچەڵ کردەوە. دەبەنگیی ناوەند تەنها لەوەدا نەبوو کەئەرکەکەی بەحەیدەریی هاوسۆزی فوئاد سپاردووە، بەڵکو دەبەنگییەکە لەوەشدا بوو کەهەمو دەسەڵاتێکی لەو وتووێژەدا لێ داماڵی بوو.

ناوەند داوای لێ کردبوو وتووێژەکەی زۆرتر بۆ دوو مەسەلەی دیاریکراو تەرخان بکا: یەکەم، هەوڵدان بۆ بردنی فوئاد بۆ سەر ئەو

باوەڕەی کەواز لەبیروڕاکانی بێنیّو دووەم، ئەگەر زانی هەولّەکەی هیچی لیّ هەلّناوەریّ، هەولّی ئەوە بدات کە بەهەر نرخێك بیّ ڕێکخستنەکانی سلێمانیی پارتی کۆمۆنیستی لیّ بسەنێتەوە. دواتر، حەیدەری شتێکی وای درکاند کەناوەند زۆر بەلایەوە مەبەست بووە فوئاد گۆشەگیر بکاو هەمو فاکتەرەکانی هێزی لیّ دابمالیّ، بۆیە دەیویست وای لیّ بکا هیچ دەسەلاّتێکی بەسەر شانە کۆمۆنیستەکانی سلێمانیدا نەشکیّو نیازیش وابو لەڕوی ڕێکخراوەییەوە بۆ بەسرە بگوازرێتەوە.

ئەگەر بچینەوە سەر یاداشتەکانی حەیدەری، بۆمان دەردەکەویّ کەحەیدەری پێی خۆش نەبوە ئەم ئەرکەی پیّ بسپێردریّو لەم بارەیەوە نوسیویەتی "من بەش بەحالّی خۆم نیگەرانو پەرێشان بوم چونکە باوەڕم بەڕێبازی حزب نەبوو. هەولّیشم دا بەبیرو بۆچونەکاندا بچمەوە تاکو وازیان لیّ بێنم، بەلاّم نەمتوانی باوەڕ بەڕێبازی حزب بکەم، بۆیە کەوتمە ناو گێژاوی ئەندێشەوەو وا بەخەیالّمدا هات کە دەشیّ بیرو بۆچونەکانم شتی راستو دروستیان تێدا بیّ کەسەرکردایەتی درکیان پیّ ناکا. لەم چەشنە بارودۆخە فیکرییەدا، نەمتوانی درێژە بەکارکردن لەناو پارتی کۆمۆنیستدا بدەم".

حەیدەری هەمو لێزانیی دبلوماسیی خۆی لەوتووێژدا لەگەلّ فوئاد بەکار نەهێنا چونکە ئەو لەبنەڕەتدا باوەڕی بەو ئەرکە نەبوو کەپێی سپێردرابوو. دواتر مەسەلەکە بەو سەرەنجامە گەیشت کەحەیدەریو فوئاد لەنێوان خۆیاندا لەسەر ئەوە ڕێککەوتن کەڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیست بەجیّ بێلّن. لەو دۆخەدا هەردوکیان بەرچاوڕونترو لەهەلّسوڕاندا کەم دودلّتر بون. ئەگەر حەیدەریو فوئاد هەستیان بەوە نەکردایە کە بەخۆڕاییو بەئەنقەستو لەبەرچاوی هەموانەوە سوکایەتییان پیّ کراوە، هەرگیز لێبڕاوانە بڕیاری وازهێنانیان لەپارتی کۆمۆنیست نەدەدا.

تائێستا ئەو هۆکارانە رون نەبونەتەوە کەناوەندیان هانداوە هەلّوێستێکی توند بەرامبەر بەفراکسیۆنە کۆمۆنیستە کوردەکە

بنوێنیٚو پەلە لەتێکدانی پەیوەندی لەگەڵ پارتیدا بکا، ئەگەرچی هیچ بەڵگەیەك لەسەر ئەوە نەبوە کەپارتی بەهاوکاریی حەیدەریٚو فوئاد دەستی لەپیلانێکدا بووە بۆ لاوازکردنی دەسەڵاتی پارتی کۆمۆنیست لەکوردستاندا.

حەیدەری و فوئاد لەنێوان خۆیانداو دواتر لەگەڵ لەتیف نانەوادا لەسەر ئەوە رێککەوتن کەبکەونە وتووێژ لەگەڵ پارتیدا. کەواتە لێرەدا حەیدەریٚو فوئاد دەستئاوەڵاو بیٚ لاموجوم هەڵسوکەوت دەکەنٚو هیچ کۆسپێك لەبەردەم پەیوەندی کردنیان بەپارتییەوە نەماوە. یەکەم دیدار لەنێوان حەیدەریٚو فوئادو نێوان نوێنەرانی پارتی، لەسلێمانی رێك خرا. ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی نوری ئەحمەد تەهاو دوو کادیری تر لەم وتووێژە نوێنەرایەتیی پارتییان کردو پاشان چاوپێکەوتنێکی تر لەگەڵ هەمزە عەبدوڵلا ئەنجام درا.

حەیدەری لەکەللەی دابوو کەپارتی دان بەگرنگیی پێگەی ئەودا بنیٚو زۆری لەسەر دڵ گران بوو وا لەبەردەم پارتیدا دەرکەویٚ کەناوەندی پارتی کۆمۆنیست ترۆو شەرمەزاری کردووە، بۆیە پێی خۆش بوو پرۆژەیەك بۆ دامەزراندنی حزبێکی نویٚ پێشکەش بکا تاکو خۆیٚو هاوەڵەکانی لەدامەزرێنەرەکانی بن. بەڵام برایم ئەحمەدو ئەندامانی تری سەرکردایەتیی پارتی، لەکاتێکدا ئامادە بون حەیدەری لەریزی حزبەکەیان وەرگرن، پێیان باش نەبوو دەرفەتی ئەنجامدانی کارێکی گەورەی وەك هەڵوەشاندنەوەی پارتیٚو دروست کردنی حزبێکی تری بۆ برەخسێنن. بۆیە پرۆژەکەیان رەت کردەوەو وایان راگەیاند کەکورد جاریٚ پارتیی وەکو خۆی پیٚ باشە.

لەناو پارتیدا کەس بەقەد هەمزە پێی خۆش نەبوو حەیدەریٚو فوئاد بچنە ریزی پارتییەوە. رۆڵی هەمزە لەهاندانیان بۆ چونە ناو پارتی رۆڵێکی زۆر دیارە. حەیدەری لەیاداشتەکانیدا نوسیویەتی "هەمزە داوای

لێ کردین بچینه ناو ریزی پارتی‌و لەناوەوە کار بکەین تاکو پارتی بکەینە حزبێکی شۆڕشگێڕ".

ئەم مشتومڕو بێنەو بەردەیە بەپەیوەندی کردنی حەیدەری‌و فوئادو شوێنکەوتووەکانیان بەپارتییەوە دوایی هات. دوا بەدوای ئەمە، پارتی لەبەیاننامەیەکی هێمندا رایگەیاند کەچەند ئەندامێکی دیارو هەڵکەوتوی پارتی کومۆنیست بەئارەزوی خۆیان وازیان لەحزبەکەی خۆیان هێناوەو پەیوەندییان بەپارتییەوە کردووە.

حەیدەری کەپیاوێکی وردبینە، سەرنجی داوە کە لەناو پارتیدا کەسانێك هەبون پێیان خۆش نەبو وەربگیرێن‌و لەیاداشتەکانیدا شتێك دەگێڕێتەوە کەگوزارشت لەو راستییە دەکا، ئەویش ئەوەیە کەعومەر مستەفا، یەکێ لەسەرکردەکانی پارتی، زۆر لەوە نیگەران بوو کەبەیاننامەی بەئەندام وەرگرتنی کۆمۆنیستەکان بکەوێتە دەست پۆلیسی نهێنییەوە. حەیدەری وای دەبینێ کەمستەفا دەترسا پۆلیسی نهێنی هەرایەك لەسەر مەسەلەی وەرگرتنی کۆمۆنیستەکان دروست بکاو ئەم هەلە بۆ دروست کردنی ژاوەژاوو پرۆپاگەندە لەدژی پارتی بقۆزێتەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئەو دەوڵەمەندو زەویدارو دیندارو ناسیۆنالیستە توندڕەوانەی پشتگیریی پارتییان دەکرد، بەچونی کۆمۆنیستەکان بۆ ناو پارتی دڵخۆش نەبون‌و زۆرتر کەیفیان بەوە دەهات کەپارتی وەك کۆمەڵەیەکی نهێنیی ناسیۆنالیست چالاکی بنوێنێ، بەلای ئەزمونی شۆڕشگێڕانەدا نەچێ‌و لەو سیاسەتانە دورەپەرێز بێ کە لەڕێبازی ئینتەرناسیۆنالیستیی نزیك دەکەنەوە. بەهەر حاڵ، سەرەڕای دەرکردنی بەیاننامەی وەرگرتنی کۆمۆنیستەکان، فراکسیۆنە کۆمۆنیستەکە لەناو پارتیدا زۆر بەنهێنی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرا. ئەم مەسەلەیە لەناو جەماوەردا هیچ دەنگدانەوەی نەبوو.

لەڕووی سایکۆلۆژییەوە، پەیوەندی کردنی کۆمۆنیستەکان بەپارتییەوە ئاکامی سەرنجڕاکێشی لێ کەوتەوە. پارتی کۆمۆنیست رقی هەستاو درکی بەوە کرد کەشەڕێکی سیاسیی گەورەی لەگەڵ حزبێکدا دۆڕاندووە کەجاران سوکایەتیی پێ دەکردو لێی رانەدەبینی هیچی لەدەست بێ. هەر چۆنێك بێ، ئەو حزبەی کەجاران پارتی کۆمۆنیست بەچاوێکی سوکەوە تەماشای دەکرد، توانی یەکەم سەرکەوتنی سیاسی بەسەر گەورەترین حزبی سیاسیی ئەو سەردەمەی عیراقدا بەدەست بێنێ.

سەلام عادل بەئەحمەد مەحمود حەللاقدا نامەی بۆ حەیدەری ناردو داوای لێ کرد بەخۆیدا بچێتەوە. لەنامەکەدا عادل هەوڵیدا بوو حەیدەری هێور بکاتەوە بەڵام لەهەمان کاتدا رەخنەیەکی زۆریشی لێ گرتبوو چونکە وازی لەکۆمۆنیزم هێناوە. هەر لەو نامەیەدا رابردوو و بەهرەکانی بەرز نرخاند بوو و داوای کردبوو لەکەرکوك چاویان بەیەکتری بکەوێ. بەڵام حەیدەری وەڵامێکی یەکلاکەرەوەی دایەوە: ئامادەی چاوپێکەوتن نیە.

حەیدەری بەبێ ئەوەی هیچ لێپرسراوەتییەکی بۆ دیاری بکرێ، کەوتە هەڵسوڕان لەناو پارتیدا. دوا بەدوای گیرانی لێپرسراوی شانە نهێنییەکانی هەولێر حەسەن مستەفاو مانەوەی پۆستەکە بەبێ لێپرسراو، لێپرسراوەتییەکە بەحەیدەری سپێردرا. حەیدەری زۆر بەگەرم و گوڕی کەوتە کارکردن و هەمو کۆششی خۆی بۆ ئەوە تەرخان کرد کەپارتی بکاتە حزبێکی شۆڕشگێڕی دیارو بەتواناو ئەزمونەکانی خۆی لەرێکخستندا بەشێوەیەکی میکانیکییانە بۆ ناو پارتی گواستەوە. هۆکاری یارمەتیدەر لەم روەوە، ئەو پاشخانە دەوڵەمەندە بوو کە لەسەردەمی کۆمۆنیستایەتیدا لەبەڕێوەبردنی شانە نهێنییەکاندا بەدەستی هێنابوو. لەسەر دەستی حەیدەری، پەیکەری رێکخستنی پارتی لەهەولێر دەقاودەق وەك پەیکەری رێکخستنی پارتی کۆمۆنیستی لێ هات. بەڵام لەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی کۆمۆنیزم لەناو ریزی ئەندامانی

پارتیدا دژوارییەکی زۆری هاتە بەر رێو نەیتوانی بەو ئاسانییەی کە لەسەردەمی کۆمۆنیستایەتیدا ئەرکەکەی جێبەجێ دەکرد، لەناو پارتیدا هەمان ئەرك جێبەجێ بکات.

بۆ حەیدەری، وازهێنان لەپارتی کۆمۆنیستو چونە ناو پارتی بەسەرەتای کۆتایی هاتنی ژیانی سیاسیی دەژمێردرێ. ئەگەرچی پارتی بەهۆی حەیدەرییەوە یەکەم سەرکەوتنی سیاسیی بەسەر پارتی کۆمۆنیستدا بەدەست هێنا، بەڵام ئەم سەرکەوتنە هیچ سەروەریو سەرفرازییەکی بۆ خودی حەیدەری تۆمار نەکرد. لەبەدبەختیی ئەو، ئەم سەرکەوتنە دەرفەتی هێنانە دیی ئەو حزبە شۆڕشگێڕەی بۆ پێك نەهێنا کەحەزی دەکرد خۆی پێوەندانگو مەرجەکانی دابنێ. لەساڵانی داهاتودا حەیدەری بەپشتیوانیی هەمزە عەبدوڵڵا، دەکەوێتە گەڕ بۆ پەراوێز خستنی گروپی برایم ئەحمەد- جەلال تاڵەبانیو کردنی پارتی بەرێکخراوێکی بەگەوهەر کۆمۆنیست و بەڕوکەش ناسیۆنالیست. بەڵام خۆتێهەڵقورتاندنی مەلا مستەفا بارزانی، کەتازە لەڕوسیا گەڕابۆوە، هیچ بوارێکی بۆ سەرکەوتنی پلانەکە نەهێشتەوە.

# پێرست

هەندێ تێبینی دەربارەی سەرچاوەکان .......................................... ١٦
بەشی یەکەم: کارکردن لەپشت پەردەوە ........................................ ٢٣
بەشی دووەم: خۆڕاپسکاندن‌و یاخیبون ........................................ ٣٧
بەشی سێیەم: برایم ئەحمەدو کاریگەریی لەسەر بیری سیاسیی کورد ٥٥
بەشی چوارەم: هەنگاوی خێراتر بەلای دەستە چەپدا ........................ ٧٧
بەشی پێنجەم: سالّح حەیدەری‌و پێشینەکانی وازهێنان لەپارتی کۆمۆنیستی عیراق ........................................ ٩٧
بەشی شەشەم: کەمال فوئادو ململانێی دژەکان لەناو پارتی کۆمۆنیستی عیراقدا ........................................ ١٠٩
بەشی حەوتەم: حەیدەری- فوئاد: کۆتایی یارییەکە ........................ ١٢٩




لەماوەی نێوان 1946و 1958دا ژینگەی سیاسیی کوردستان سێ سیاسەتوانی بەرهەم هێنا کە حەزو ئارەزوی بینینی جیهانێکی نمونەیی بێ ستەمو بێ چەوسانەوە لە کەللەی دابون. ئەم سێ سیاسەتوانە بریتین لەهەریەك لەسالح حەیدەری، هەمزە عەبدوڵلاو برایم ئەحمەد. میتۆدی بیرکردنەوەی هیچ کامێکیان لەسەر ئەو بنەمایە دانەمەزرا بوو کە دەبێ هەوڵی بەدیهێنانی ئەو ئامانجانە بدرێ کە لە توانادایە بهێنرێنە دی، بەڵکو لەو بڕوایەدا بون کە ئایدیۆلۆژیا وەك ڕێپیشاندەرو داینەمۆی کار شتێکی پیرۆزەو ویست مێژوو دروست دەکا نەك هەلومەرجی بابەتی.

مێژوی دواتر جێ پەنجەی هەرسێکیانی پێوە دیارە. ئەم سێ کەسە ئەو مافەیان بەخۆیان دا کە خەباتی خۆیان بە خەباتێکی ڕەوا بزانن‌و هەریەکێکیشیان بە میتۆدی خۆی‌و لەسنوری نۆڕینی تایبەتی خۆیدا هەوڵیدا ئایندەی داواکراو جێ پەنجەی ئەوی پێوە دیار بێ. لەوکاتەدا کە ئێمە تێیدا لەسەرەتای سەدەی بیست‌و یەکدا دەژین، کەلەپوری ئەم سێ سیاسەتوانە کە بێگومان بەشێوەی جۆراوجۆر هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە، هێشتا کاریگەریی بەسەر ژیانی سیاسیی کوردەوەیەو تا چەند دەساڵێکی تریش کاریگەریی بەسەرەوە دەبێ.

نرخ: (2000) دینار